کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### پەیامی هاوخەمی

## دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان
## بە بۆنەی
## کۆچی دوایی د. کەماڵ فوئادەوە

**بەڕێز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**
**لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،**

هەواڵی کۆچی دوایی د.کەماڵ فوئاد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بووە مایەی خەمو پەژارەمان. د.کەماڵ فوئاد بە هۆی ڕابردووی درێژی خەبات و تێکۆشان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا، نەک هەر لە نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازیی کورددا، کەسایەتییەکی دیارو سیمایەکی شوێندانەر بوو.



ل٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
پێنجشەممە ٢٩ی خەزەڵوەر ١٣٩٣ _ ٢٠ی نوامبری ٢٠١٤
ژمارە ٦٤٤
www.kurdistanukurd.com

### پلینۆمی یازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی پرسی ڕۆژهەلاتی کوردستان، فاکتەری گشتیی کورد کاملتر و کاراتر دەکا



لە ڕۆژەکانی ٢٤و ٢٥ ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ (١٥ و ١٦ی نۆڤامبری ٢٠١٤)دا یازدەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەدندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەیەم) بەڕێوەچوو. پلینۆمی یازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی بەشی هەرە ئەساسیی کاری خۆی بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی کوردستان و ناوچە، بە تایبەتی ئاڵوگۆڕەکانی دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستانو کاردانەوەو ئاکامەکانی ئەم هێرشە لە سەر پرسی کورد، تەرخان کرد.

پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لە چوارچێوەی لێکدانەوەی ڕۆڵو جێگەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجی سیاسیی نویی ناوچەکەدا، گرنگییەکی تایبەتی بە چەمکو دروشمی «ڕۆژهەلات مێحوەری»و ڕەهەندو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەمک و دروشمە دا. بە تێگەیشتنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژهەلات مێحوەری هەر لەو کاتە دا کە هەوڵێکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پەراوێزخستنی بە ئەنقەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،هیچ دژایەتی و ناتەباییەکی لە گەڵ ئەرکە نەتەوەییەکانی حیزب نییە، بە پێچەوانەوە، فاکتەری گشتیی کورد لە ڕێگای هێناەوە نیو ڕۆژەڤی پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیزتر، کاملتر و کاراتر دەبێ.

ئەم پلینۆمە، چالاکیی «پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان» لە مانگەکانی ڕابردوو لە ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانی وەک یەک لە ڕێکارەکانی بە کردەیی کردنی ڕۆژهەلات مێحوریی خستە بەر هەلسەنگاندن. دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵێک ڕاسپاردە و بڕیاریشی لە ڕاستای بە هیزکردنی پێوەندیو دیالۆگی هەر دوو بەستێنی شۆڕشگێڕیو مەدەنیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەوڵەکانی پێوەندیدار بە یەکخستن و ڕێکخستنی نیومالّی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەمان، پەسند کرد.

### ڕاگەیاندراو

## بەبۆنەی بەڕێوەچوونی یازدەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرداوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕۆژەکانی ٢٤ و ٢٥ ی خەزەڵوەری ١٣٩٣ (١٥ و ١٦ی نۆڤامبری ٢٠١٤)دا یازدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی و بەرپرسانی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەڕێوە برد.

پاش ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و پەسندکرانی دەستووری کاری پلینۆم، ڕاپۆرتی سیاسیی پلینۆم لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات هاوڕێ کاک خالید عەزیزیەوە پێشکەش کرا کە پاش باس و تاوتوێ کردن لەلایەن بەشدارانەوە بە پەسندی پلینۆم گەیشت.

بەشی سەرەتای ڕاپۆرتی سیاسی تایبەت کرابوو بە باس و لێکدانەوەی پرسی هێرشی داعش یا «دەوڵەتی ئیسلامی» بۆ سەر عیراق و هەرێمی کوردستان و ئاکام و دەرەنجامە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ئەو مەسەلەیە. لەروانگەی ڕاپۆرتەکەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئیدئۆلۆژیی درێژوەخت بەستێنی لەباریان بۆ هەڵدان و پەلهاویشتنی دیاردەی داعش پێک هێنا، بەڵام لەڕووی قۆناغییەوە، فاکتەری هەرە شوێندانەر ئەو بۆشاییە ئەمنییە بوو کە پاش سنوورداربوونەوەی حزووری نیزامیی ئەمریکاییەکان لە ناوچەکەدا دروست ببوو. لەلایەکی دیکەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە مەسەلەی داعش و ئەو مەترسییانەی بۆ سەر ئاسایشی ناوچە و جیهان دروستی کردووە بە شێوەیەکی بێوێنە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی هێناوەتە سەر خەت و بەتایبەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و زۆربەی وڵاتانی گرینگی ناوچەی خستۆتە بەرەیەکەوە، کەچی ململانێ نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان هێشتا کاریگەریی نێگەتیڤیان لەسەر کارایی ستراتژیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییە هێشتۆتەوە.

لەلایەک ڕووسیە بە هەوڵدانی بۆ زیندووکردنەوەی سیناریۆکانی شەڕی سارد و بە درێژەدانی سیاسەتی پاراستنی دەوڵەتی بەشار ئەسەد هەروا تەگەرە دەخاتە سەر وەکارکەوتنی میکانیزمەکانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی لەو پێوەندییەدا، لەلایەکی دیکەشەوە، هێندێک دەوڵەتی ناوچە بەتایبەتی ئێران و تورکیە هەر کامەیان بە هۆکاری تایبەت بە خۆی دەیانەوێ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانە وەک دەرفەت و ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی مەرامە سیاسییەکانی خۆیان لە وڵاتانی دەوروبەردا بەکار بەرن.

ل ٣



کۆنگرەیەک کە سوپای پاسداران قەرارە بۆ چەکدارە کوردەکانی، پێکی بێنێ!

٤



نازم دەباغ لە نێوان حکوومەتی هەرێم و ئێراندا

٤




بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان

٦

دەنگ و ڕەنگێک بۆ کۆماری ئیسلامی

٦



سەد ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانیو مەسەلەی کورد

٧

## کوژرانی ٥ کەسو برینداربوونی ٢٩ کەس لە تەقینەوەکەی هەولێردا

بەهۆی تەقینەوەیەک لەبەردەم پارێزگاری شاری هەولێردا ٥ کەس شەهید بوونو ٢٩ کەسیش بریندار بوون.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی خەزەڵوەر لە بەردەم ئەنجومەنی پارێزگاری هەولێر تەقینەوەیەک ڕووی‌دا. لەو تەقینەوەیەدا کە داعش بەرپرسایەتییەکەی وەئەستۆ گرتوە، خۆکوژێک بە ماشێنێکی پڕ تەقەمەنی ویستوویەکی بچێتە نێو بینای پارێزگاری هەولێرەوەو دوای ئەوەی لەلایەن پاسەوانەکانەوە ڕێگریی لێکراوە، خۆی تەقاندۆتەوە.



شایانی باسە ئەو تەقینەوەیە جیا لە شەهیدبوونی ٥ کەسو برینداربوونی ٢٩ کەس، زیانی ماڵی زۆریشی لێکەوتووەتەوە.

***«دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو، نابێ هیچ دابونەریت یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام [نە]دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکانو بێ‌ڕاوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن.»***

*ماددەی ٤ی بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان*



دریژەی:

## پەیامی هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی د. کەماڵ فوئادەوە

ئەو، لایەنگری تەبایی‌و پێوەندییەکی دۆستانەو برایانە لە نیوان بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا بوو. لە کۆمەڵێک بواری رۆشنبیرییشدا، خاوەن رۆڵو خزمەتی بەنرخ بوو. ئەو کەسایەتییە سیاسی و خەباتکارە، رابردوویەکی دوورو درێژی پێوەندیی دۆستانەی لە گەڵ رێبەری‌و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆچی دوایی د.کەماڵ فوئاد بە خەسارێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەزانێ. ئێمە بۆ مەرگی ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرە بە داخین‌و بەم بۆنەیەوە گەرمترین سەرەخۆشی‌و هاودەردیمان پێشکەشی بنەماڵە بەرێزەکەی‌و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین.

بەرزو بەرێز بێت یادی د.کەماڵ فوئاد،

بە هیوای وەدیهاتنی ئەو ئاواتە نەتەوەییانەی ئەو نەمرە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خەبات لە پیناویان دا تەرخان کرد.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٠١٤/١١/١٨
٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٣

## کۆبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان لە هەولێر بەرێوەچوو

کۆبوونەوەی هێزە کوردستانییەکانی چوارپارچەی کوردستان بە بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر لە هەولێر بەرێوەچوو.

رۆژی شەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، بەرامبەر لەگەڵ ١٥ی نۆڤامبری ٢٠١٤ ی زایینی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بەشداریی لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکانی چوار پارچەی کوردستانی کرد کە بەبەشداریی ٦٦ حیزبو لایەنی سیاسیی هەموو پارچەکانی کوردستان لە بارەگای لقی ٢ی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە پایەختی هەرێمی کوردستان بەرێوەچوو.

لە کۆبوونەوەیەدا رێکار ئەحمەد، بەرپرسی لێژنەی دارایی حیزبە کوردستانییەکان کورتە راپۆرتێکی لە سەر ئەو بەشەو بە تایبەت دانانی سندوقی وەرگرتنی یارمەتیی بۆ خەڵکی کۆبانێ لە نێو شاری هەولێر پێشکەش کرد .

تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکان پێوەندی بە بەرنامەو کاری داهاتووی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکانەوە هەبوو کە لەو بڕگەیەش لە کاری کۆبوونەوەکەدا بەشێکی بەرچاو لە



نوێنەرانی پارچەکانی کوردستان تێبینی‌و پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ

لەو بەشەش دا نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە چەند تەوەردا لە باس و بابەتە جۆراوجۆرەکانی کۆبوونەوەکە دا بەشداری کردو تێبینی‌و پێشنیارەکانی حدکی بە مەبەستی دارشتنەوەی پێکهاتەو قەوارەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان بە جۆرێک کە لە داهاتو دا چوارچێوەی کاروچالاکییەکانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بگرێتەوە، هێنانە گۆڕێ.

## نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەگەڵ لویس ئەیالا، سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست کۆبۆوە

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیاو سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی باکووری کوردستان لەگەڵ لویس ئەیالا، سکرتێری سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست
کۆبوونەوە.

لەدرێژەی کارو چالاکیەکانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیاو، بۆ زیاتر بەهێز کردنی گروپی کاری کوردان لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست، رۆژی سێشەممە، ٢٠ ی خەزەڵوەر؛ مەولوود سوار،ە ئەندامی رێبەری حیزبی دێموکراتی کورستانو نوێنەری حیزب لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیستو هەروەها مەسعود تەک، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی باکووری کوردستان، چاویان بە لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست کەوت.

لەو کۆبونەوەیەدا لویس ئایالا سوپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە بۆ بەهێز کردنی ئەنترناسیونالی سۆسیالیس و کۆمیتەی پرسی کورد هەوڵیان داوە و لەیارمەتی دان بە کوردانی خۆرئاوای کورستانیش هاوکار و دەسپێشخەر بوون.

مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی



کوردستان لە بریتانیا لە ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە کارو چالاکییەکانیان گوتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرنجدان بەوەی دەبێ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دا زیاتر بناسێندرێ و هەوڵی جیددی بۆ بەرفراوان کردنی ئەو کاروتێکۆشانە بدرێ ، هەموو کات دەستپێشخەر بووە لە ناساندنو دانی ڕێنوێنی بە حیزب و ڕێکخراوی پارچەکانی دیکە کوردستانو، ئەو ڕایەڵە و بنیاتانە بەرفراوانتر بکا کە لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا ڕێگایەکیان بۆ تێکۆشانی کوردان کردۆتەوە.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفڕاسی بەجیهانی کردن لە نۆروێژ



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفڕاسی بەجیهانی کردن لە نۆروێژ بەشداری کرد.

کۆنفرانسی بە جیهانی کردن لە نۆروێژ بە بەشداری شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ٧٠ ڕێکخراو لە بواری جوراجوردا لە ماوەی ٤ رۆژدا لە رۆژەکانی پێنجشەمە ٣٠ ئووکتوبر هەتا یەکشەممە ٢ی نووامبر ٢٠١٤ بەرێوە چوو.

ئەم کونفرانسە پر نێوەرۆکە لە ژێر ناوی ئازادی لە هۆلی کونگرەکان واتە ماڵی خەڵک لە ئوسلوو بەرێوەچوو. زیاتر لە ٧٠ کوبونەوەی گەورە وسیمینار بە ئەنجام گەیشت و چەندین کۆنسێرت و چالاکی هونەری نێو ئاخنی بەرنامەکان بوون.

لەو کۆنفڕانسە دا رێکخراوەکانی مەدەنی ، پارێزەرانی ژینگە، رێکخراوەکانی ژنان و لاوان و زۆر بواری دیکە کە زۆربەیان لە ئورووپا و بەشێک لە قارەکانی دیکە بەشدار بوونو مەبەستی سەرەکی لەو کۆنفڕانسە کار کردنە بۆ باشتر کردنی رەوشی مافی مرۆڤو هەمووی چالاکانی ئەو ریکخراوانە کار بۆ جیهانێک بکەن کە گرینگی بە مروڤوکومەڵگاو ژینگە بدرێ.

لەو کۆنفڕانسەدا لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گوڵالە شەرەفکەندی ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەشداریی کردو لە یەکێک لە پانێلەکاندا باسێکی لە ژێر ناوی» کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وئایا ئیمکانی دەستەبەرکردنی دیموکراسی لە ئێراندا هەیە؟» پێشکەش کرد.

خاتوو گوڵاڵە بە شیکردنەوەی بنەماکانی دێموکراسی درێژە دا و تییدا ئاماژە بە ئازادی‌و مافی دەنگ دان و هەڵبژادن و لەو پێوەندیەدا جێگا و بەشی کورد لە ئێرانی خستەبەر باس.

شایانی باسە شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەشداری لەو کۆنفڕانسە لە خاتوو گوڵالە شەفکەندی‌و کەریم ئەللاوەیسی پێکهاتبوو کە جیا لە بەشداری لە باسەکان توانییان لە پەراوێزی کاری کۆنفڕانسەکەدا چاویان بە کۆمەڵێک شاندو کەسایەتیی سیاسیی وڵاتان بکەوێ‌و لەسەر دۆخی ئێرانو رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیرورا بکەن.

## کۆبوونەوەی سەرۆکی کانتۆنی کوبانی لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان لە هەولێر

کۆبوونەوەیەکی حیزبە کوردستانییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی کانتۆنی کوبانی بەرێوەچوو.

رۆژی دووشەممە ١٩ی خەزەڵوەری ٩٣ ) ١٠ی نۆڤامبری ٢٠١٤ ( ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نەتەویی دێمۆکراتی کوردستان دەگەڵ نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکانی چوارپارچەی کوردستان پێشوازییان لە ئەنوەر موسلیم، سەرۆکی حکومەتی کانتۆنی کۆبانێ کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا غەفور مەخموری کورتەیەک لە کارو چالاکیی حیزبە کوردستانییەکان بۆ پشتیوانی لە رۆژاوای کوردستان و بەرخۆدانی کۆبانێ بۆ شاندی رۆژاوا باس کرد و پێداگریی لە سەر کۆدەنگی، یەکریزی‌و هاوکاری‌و پێویستییەکانی ئەرکی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی لە ئاست هەر چوار پارچەو، بە تایبەت رۆژاواو کۆبانێ کردەوەو دەستخۆشی لە هەوڵی حیزبە کوردستانییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ بەرگری لە کوبانی کرد.



لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی باکور، باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان‌و پێکهاتەکانی کوردستان ڕاو بۆچوونی خۆیان لە سەر چەند پرسێک هێنایە بەرباس‌و لەو بەشەدا ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب ئاستی کۆدەنگیی، یەکریزیی‌و هاوکاری عەمەلیی حیزبە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستانی لە چاو رابردوو بە وەرچەرخانێکی مێژوویی و گرینگ لە قەڵەم دا.

## بەرێوەچوونی مێزگردی پێنج حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری یۆتێبۆرپی سوئێد

مێزگردی سیاسی بە بەشداریی پێنج حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری یۆتێبۆڕیی سوئێد بەرێوەچوو.

لەو مێزگردەدا کە بە هەوڵی ئا بێ ئێفی یۆتێبۆری سوئیدو لە ژێر ناوی « ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو» بۆ پێنج حیزبی رۆژهەلاتی کوردستان رێک خرابوو، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران؛ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵە- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەشدار بوون.

ئەو سمینارە بە پەیامی ڕێکخراوی «ئا، بێ ئێف»ی سوئێدو دەستنیشان کردنی تەوەری سمینارەکە دەستی پێکردو کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەری‌و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا، باسی لە پێویستیی بەردەوامی ئەوجۆرە کۆبوونەوانە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات لە ئاستی جۆراجۆر دا کرد.

شایانی باسە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری یۆتێبۆری و شارەکانی دەرەووبەری، بەشداری ئەو کۆنفڕانسە بوون‌و کومیتەی حیزبیش لەو شارە، بۆ هەرچی باشتر بەرێوەچوونی مێزگردەکە هەوڵی بەرچاویان دا.



## بەرێوەچوونی کۆنفرانسی گشتیی کۆمیتەی سوێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆنفڕانسی کومیتەی گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سۆئێد کە بە کۆنفڕانسی نەمر ڕەسووڵ لیلانەیی، شەهید هەژار قاسمی و تێکۆشەر تۆفیق عەبدوڵڵاهی ناودی کرابوو، بەبەشداریی زۆرینەی ئەندامان بەرێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ١٧ ی خەزەڵوەر بە بەشداری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کومیتەی شارو ناوچەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سۆئێد، کۆنفڕانسی ساڵانەی کومیتەی گشتی حیزب لەو وڵاتە، پێک هات.

لەو کۆنفڕانسەدا پەیامی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کەماڵ گروێسی خوێندرایەوەو دواتر سەکینە حوسێنی بە چەند وتەیەک کۆنفڕانسی کردەوە. خاتوو سەکینە باسێکی لەسەر چۆنیەتیی کاروباری ژنان و لاوان لە دەرەوەی وڵات کردو داوای لە کومیتە و ئەندامانی حیزب کرد کە هاوکاریی ئەو دوو توێژە گرینگەی کۆمەڵگە بکەن و بە شێوەیەکی باشتر و بەرینتر کەڵک لە وزە و توانای بە تایبەت لاوان وەرگرن.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنفرانس‌دا ڕێز لە خەباتو ماندوو بوونی ئەو کۆمەڵە ژن‌و کچانە گیرا کە لە ماوەی نێوان ئەو دوو کۆنفڕانسەدا بە شێوەی جۆراجۆر هاوکاریی کومیتەیان کردووەو لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارە حیزبییەکان ئەرکیان وەئەستۆ گرتوە.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانس ڕەحیم محەمەدزادە ئەندامەی ڕێبەریی حیزب، وتارێکی پێشکەش کرد.

ناوبراو بە ئاماژە بە ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پێویستە ئەندامی حیزب خۆیان بۆ تاوتوێ هەموو ڕووداوەکان ئامادە بکەن‌و پێویستیی پاراستنی یەکیەتی تەشکیلاتی یەکێکی دیکە



لە خاڵە گرینگەکانی باسەکەی بوو کە بە بنەمای سەرکەوتنی خەبات داندرا.

بە دوای ئەو کاک حەمەڕەسووڵ کەریمی ئەندامی ڕێبەری‌و بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی سۆئێد ڕاپۆرتی کاروچالاکییەکانی کومیتەی حیزب لە وڵاتی سۆئێدی لە نێوان دوو کونفڕاس دا پێشکەشی ئامادە بووان کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنفرانس دا چەندین کەس لە هاوڕێیانی تێکۆشەر و ماندووەکانی حیزب لە وڵاتی سۆئێد، ڕێزلێنانی کومیتەیان پێشکەش کرا.

لە بەشی دووهەمی کاری کۆنفڕانس‌دا ڕاپۆرت و بڕیارنامەی کۆمیتەی شارەکان پێشکەش کران، کە لە لایان ئەندامانی حیزبەوە پێشنیار کرابوون‌و دواتر لەلایەن بەشدارانەوە ڕاپۆرتی کاری کومیتەو ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆ، سیاسەت و ستراتیژی حیزب و هەروەها بەرنامەی کاری داهاتووی کومیتە بە وردی قسە و باسیان لەسەر کرا.

شایانی باسە بەشی کۆتایی کۆنفڕانس، هەڵبژاردنی کومیتەیەکی نوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزب لە وڵاتی سۆئێد بوو کە لەو بەشەش‌دا کۆنفرانس بە هەڵبژاردنی هەیئەتێکی بەرێوبەریی نوێ، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## کۆبوونەوەی نوێنەری حدک لە بلژیک لەگەڵ راوێژکاری سیاسیی هاوپەیمانی ئورووپای ئازاد

کۆبوونەوەیەک لە نێوان راوێژکاری سیاسیی هاوپەیمانی ئوروپای ئازادو نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بلژیک بەرێوەچوو

رۆژی پێنجشەممە، ٢٢ ی خەزەڵوەر کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ خاتو ئێوا بیدانیا، ڕاوێژکاری سیاسیی هاوپەیمانی ئورووپای ئازاد لە ئۆفیسی بروکسێل کۆبۆوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرەتا کاوە ئاهەنگەری وێرانی ناساندنی هەندێک بەهای هاوبەش لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانو هاوپەیمانی ئورووپای ئازاد وەک: مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ، ئاماژەی بە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ دەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌و دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا کرد.

کاوە ئاهەنگەری بە ئاوڕدانەوە لە گرینگیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ یەکیەتیی ئورووپا ئاماژەی بە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆنی ئێران‌و نەهادینە نەبوونی بەها دێموکراتیکەکان لەم وڵاتەو خەبات‌و تێکۆشانی گەلانی ئێران‌و یەک لەوان کورد بۆ گەیشتن بە ماف‌و ئازادییەکانیانی کرد.

لەو دیدارەدا خاتوو «ئێوا بیدانیا»ش باسێکی کورتی سەبارەت بە ئیفا، هاوپەیمانی ئوروپای ئازاد، بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گەلانی بندەست‌و مکانیزمی کار و چالاکی ئیفا سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ کرد.

دریژەی:

# راگەیاندراو بەبۆنەی بەڕێوەچوونی یازدەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێران، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەدا کە بەڕواڵەت لەو قەیرانەدا بەدژی داعش رۆڵ دەگێڕێ، بەڵام نەک هەر لەڕووی بنەما ئیدئۆلۆژییەکان و رەفتار و کارکردەوە زۆر وەک نوسخەی پێشوەختی دیاردەی داعش دەچێ، لەڕاستیدا نفووزی خۆی لە ناوچەدا بۆ ئەوە بەکار دەبا کە بە زیندوو هێشتنەوەی دۆخی قەیراناوی و گرژیی هەرچی زیاتر، سەرنج و فۆکسەکان بۆ سەر خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە لانیکەمی خۆی بگەیەنێ و تەنانەت هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە وەک بەردەنگ و ئەکتەرێکی حیساب لەسەرکراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو گرژی و قەیرانانە مەیدان و نەخشی پێ بدرێ.

هەر لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا راپۆرتی سیاسی سەرنجی دابووە گفتگۆکانی ئەم رۆژانەی نێوان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئێران سەبارەت بە دۆسیەی ناوکی و ئەگەری گەیشتن بە رێککەوتنێک لەو پێوەندییەدا و کاریگەریی ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا. لەلایەکی دیکەوە، بە سەرنجدان بە مشت و مڕە سیاسییەکانی نێوخۆی رێژیم بەتایبەتی ئایندەی «رەهبەریی نیزام» و دوورەدیمەنی هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی داهاتوو و ئارایشی سەرلەنوێی جیناحەکان، کۆمیتەی ناوەندی بە پێویستی زانیبوو کە بەدواداچوون و چاوەدێریی زیاتر و وردتری ئەم پرسانە بکرێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر فاکتەری کوردی لە ناوچەدا، راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە رەوتی رووداوەکانی پاش هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، لەگەڵ هەموو ناخۆشی و کارەساتبارییان، بەشێوەیەکی مێژوویی و بێوێنە سەرنجی هەموو دنیای خستە سەر فاکتەری کورد لە ناوچەدا، بە چەشنێک کە تەنانەت دەوڵەتی تورکیەش ناچار بوو پێداچوونەوە بە هێندێک لە سیاسەتەکانی لە مامەڵە لەگەڵ پرسی کۆبانیدا بکا. بە باوەڕی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەگەڵ ئەوەدا کە هێزەکانی بزوتنەوەی کورد بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا ژیرانە رووبەڕووی ئەو دۆخە بوونەتەوە و بەتایبەتی بەستێنی نێودەوڵەتییان بە باشی بۆ پتەوکردنی ژێرخانی سیاسی و سەربازیی قەوارەی کورد بەکار هێناوە، بەڵام لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە ئاگاداری یەکدەنگی و یەکگرتوویی نێوانیان بن و خۆیان لە دەرەنجامەکانی دابەشبوونی ناوچەیی بە دوور بگرن و هەتا سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر کورد بە چڕی ماوەتەوە، ئەوپەڕی کەڵکی سیاسی بە قازانجی دۆخی رەوای کورد لەو هەلە مێژووییە وەربگرن.

لەروانگەی راپۆرتەکەوە، کەمایەسیی هەرە دیاری جێگە و پێگەی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچەدا ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە دۆخی پاش داعش بۆتە هۆی ئەوە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی بزووتنەوەی کورد و پارچەکانی کوردستان بکەونە نێو نەخشەی کار و کاردانەوەکانی ئەم قەیرانە، بەڵام بەهۆی قورسایی بەرژەوەندە ناوچەییەکان، هێشتا فاکتەری کورد هەمووی بەسەریەکەوە کارا نەکراوە و نە لە ئاستی نێوخۆیی کورد و نە لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا حیسابێکی یەکدەست و هاوشێوە بۆ هەموو بزوتنەوەی کورد نەکراوەتەوە.

لەو بەشەدا راپۆرت بەتایبەتی سەرنجی دابووە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لەگەڵ ئەوەدا کە هەروا لەژێر باری زەبر و زەنگ و سەرکوتدایە، بەڵام وەک دووەمین پارچەی هەرە گەورەی کوردستان و هەڵگری بزوتنەوەیەکی خاوەن رابردوو و خەڵکێکی وشیار و بەرپرس، لە خانەی نەتەوەیی پێوەندیدار بە دۆخی پاش داعشدا سەربەرزانە نەخشی خۆی گێڕاوە. لەلایەک هێزەکانی ئەو بەشە لە کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی هاوکێشەکانی ناوچە دەرفەتی نەخش گێڕانی مەیدانی لە یارمەتیدان بە رووبەڕووبوونەوەی مەترسیی داعشیان پێ نەدرا، بەڵام ئامادەی هەر جۆرە هەوڵ و فیداکارییەک لەو پێوەندییەدا بوون. لەلایەکی دیکەشەوە، جۆش و خرۆش و چالاکییەک کە پاش ئەم دۆخە لەنێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ خەڵکی رۆژئاوا بەتایبەتی کۆبانی دروست بوو، نیشانی دا کە لەگەڵ ئەوەدا کە هێندێک لایەن بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ لە حەساسییەتی ئینسانی و نەتەوەیی کوردی رۆژهەڵات بۆ هەڵاوەسینی هێندێک پەیامی سیاسیی مەبەستدار کەڵک وەربگرن، بەڵام خەڵک لە نێوخۆی رۆژهەڵات لەوە وشیارتر بوون کە رێگە بدەن وەها پلانێک سەرکەوتوو بێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی یازدەیەمی کۆمیتەی ناوەندی، هێندێک لە سیاسەت و هەڵوێست و چالاکییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە چەند مانگی رابردوودا خرابوونە بەر باس کە گرینگترین تەوەری ئەم بەشە بریتی بوو لە پرسی رۆژهەڵات مێحورەی و چالاکیی «پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان». سەبارەت بە فەلسەفەی رۆژهەڵات مێحوەری، کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێوەیەکی سروشتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات بە پلەی یەکەم رووی لە رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام مەبەستی حیزب لە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەوڵێک بووە بۆ لەپەراوێز خستنی هەرچی زیاتری رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر رووبەری بزوتنەوەی کورد و نەخشەی ئاڵوگۆڕەکان ناوچە.لەو بەشەدا هەروەها ئاماژە بەو تێگەیشتنە هەڵانە کرا کە لە هێندێک لاوە بۆ ئەو دروشمە کراوە و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە وەها سیاسەتێک بە هیچ جۆر دژایەتیی لەگەڵ بەرپرسایەتییە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە مانای ئەوەیە کە تێ بکۆشرێ لە رێگەی هێنانەوە نێو رۆژەڤی پرسی رۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەری گشتیی کوردی بەهێزتر و کامڵتر و کاراتر بکرێ.



هەر لەو سۆنگەیەوە، حزووری بەربڵاوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مانگەکانی رابردوودا لە چەندین ناوچەی نێوخۆی وڵات و چالاکییەکانی پارێزەرانی رۆژهەڵات وەک یەکێک لە رێکارەکانی بە کردەیی کردنی رۆژهەڵات مێحورەی بەرز نرخێندران و جەخت لەسەر پێویستیی قووڵکردنەوە و بەردرێژکردنەوەی ئەو رێکارانە کرایەوە هەتا هەم گیانی شۆڕشگێڕیی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر ببووژێتەوە، هەم دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراندا جارێکی دیکە بە جیددی متەوجیە بکرێ کە مەسەلەی کورد لە ئێران مەگەر لە رێگای چارەسەرێکی سیاسی و ئاشتیخوازانەوە، دەنا بە هیچ شێوەیەک دەرەتانی کپ کردن و کۆتایی پێ هێنانی نیە، و هەم کۆمەڵگای دەرەوەش زیاتر سەرنجی بۆ لای نەخشێک رابکێشرێ کە بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بۆ ئایندەی ئێران و ناوچە بیگێڕێ.

هەرلەوکاتەدا بەڵام رۆژهەڵات مێحوەری تەنیا لە بەستێنی شۆڕشگێڕیدا خولاسە نابێتەوە و پێویستە رۆهەڵات تەوەری لە هەموو ئەو بەستێنە سیاسی و مێدیایی و جەماوەرییانەی خەباتێکی فرەڕەهەنددا کە پێویستە هێزێکی بەرپرسیار و وڵامدەر لە سەردەمی ئێستادا بەرێوەی ببا،خۆی ببینێتەوە. لەو روانگەیەشەوە، جارێکی دیکە بە چاوی مایەبۆدانانەوە روانرایە کار و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بە گرینگ زانرا کە دیالۆگ و پێوەندیی نێوان هەردوو بەستێنی شۆڕشگێڕی و مەدەنی بە چەشنێک رێک بخرێ کە لەژێر سایەی ریسالەتی مێژوویی پرسی کورد لە ئێران‌دا هەموو تێکۆشەران و نیشتمانپەروەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی هەماهەنگ و بە ئاقارێکی هاوبەشدا هەنگاو هەڵێننەوە.

لە روانگەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە، ئەوەش کاتێک باشتر وەدی دێ کە هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نێو ماڵی کورد یەک بخەن و رێکی بخەن. هەربۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وێڕای هێنانە بەر باسی ئەو ناکۆکی و نارەساییانەی لە پێوەندی و هاوکاریی نێوان حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت لەپێوەندی لەگەڵ هێندێک هێزی دەرەوەی رۆژهەڵاتیش لە مانگەکانی رابردوودا بەدی کراون، هێندێک رێکار و راسپاردەی بەمەبەستی هەڵوەژاردنێکی باشتری ئەو پێوەندییانە و بەبەرهەم کردنیان خستە بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزب.

برگەیەکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی یازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ باس و تاوتوێی کۆمەڵێک پرسی نێوخۆیی و تەشکیلاتیی حیزب تەرخان کرابوو کە پاش گفتگۆی تێروتەسەل لەبارەیانەوە کۆمیتەی ناوەندی دەفتەری سیاسیی حیزبی راسپارد هەتا بەرنامەی ورد بۆ بەدواداچوون و پێڕاگەیشتنیان دابنێ و لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا کاریان لەسەر بکا.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٦ ی خەزەڵوەری ١٣٩٣**
**(١٧ ی نۆڤامبری ٢٠١٤)**

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی


## بە بۆنەی کۆچی دوایی تیکۆشەری دێموکرات، هاوڕێ ڕەسووڵ لیلانەیی

بەداخەوە ڕادەگەیەنین کە بەرەبەیانی رۆژی ١٧ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٨ ی نوامبر، هاوڕێی تێکۆشەرو ماندوونەناس ڕەسوول عەبدوولاپوور ناسراو بە (ڕەسوول لیلانەیی) خەڵکی ئاوایی «لیلانێ»ی ناوچەی ڕەبەت بە هۆی نەخوشی‌یەکی کوتوپڕ کۆچی دوای کرد.

کاک ڕەسووڵ لیلانەیی کوڕی ساڵح، ساڵی ١٣٤٨ لەدایک بووە و تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسی خوێندوە، ساڵی ١٣٦٣ پێوەندی بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتەوە گرتوە و وەک پێشمەرگە لە ئورگانەکانی هێزی زمزیران، ئاربابا، زیندانی‌ناوەندی‌و ناوەندی ٢ی کوردستان خزمەتی بەرچاوی کردوەو لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتی جێگرپەڵ، سەرپەل، جێگری دەستەو فەرماندەری لک، کاری ماڵی‌و ئەندامی ناوەندی ٢ی کوردستانی وەرگرتوەو بە سەرکەوتوویی بەرپرسایەتییەکانی ڕاپەڕاندوە.

هاوڕێ ڕەسووڵ لیلانەیی لەماوەی ٣٠ ساڵ پێشمەرگایەتی‌دا لەدەیان عەمەلیاتی دژ بە هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بەشداریی کردوەو زۆر قارەمانەتی و شانازی بۆ نیشتمانەکەی خولقاندوە، دوو جاریش لەشەڕدا بریندار بووەو هەموو جارێ پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی لە مەتەرێزی شەرەف و کوردایەتی‌دا سەربەرزانە دەهاتەوە مەیدان.

کاک ڕەسووڵ لیلانەیی لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی‌دا لە چەندین دەورەی سیاسی و پێشمەرگانە، مودیرییەتو تەشکیلاتی دا بەشداری کردوەو بە دەیان جار لەلایەن ئورگانە جۆراوجۆرەکانی حیزبەوە تەشویق کراوە. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازاو لێهاتوو دلسۆز بوو. خۆشەویستی کادرو پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکانی ڕەبەتو سەردەشت بوو. بەردەوام تێدەکۆشا نەزم وئینزباتی شۆڕشگێڕانە لە نێو پێشمەرگەکاندا جێگیر بکاو لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دا ئەوپەڕی دڵسۆزی‌و لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان دەدا. ئەو تاقیکردنەوەیەکی زۆری لە مەیدانی خەبات دا وەدەست هێنا بوو، بەمجۆرە ببووە سیمای دیاری تێکۆشەرێکی نمونە لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.



بەداخەوە کاک ڕەسووڵ لیلانەیی شەوی ڕابردوو بە هۆی نەخۆشییەکی کوتوپڕ، ماڵاوایی یەکجاریی لە خەڵکی کوردستانو هاوسەنگەرانی کرد.

بە بۆنەی لەدەست دانی هاوڕێی خۆشەویست ڕەسوول عەبدوولاپوور ناسراو بە ڕەسووڵ لیلانەیی، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەرێزەکەی‌و هاوسەنگەرانی‌و خەڵکی ناوچەکانی ڕەبەتو سەردەشت بەگشتی و ئاوایی لیلانە بەتایبەتی دەکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی**
**١٧ی خەزەڵوەری**
**١٣٩٣ی هەتاوی**

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنو کۆڕی پرسەو سەرەخۆشی ڕەسووڵ لیلانەیی

ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنو سەرەخۆشیی پێشمەرگەی بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، کاک ڕەسووڵ لیلانەیی بەڕێوەچوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٧ ی خەزەڵوەر تەرمی پێشمەرگەی ئازاو بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەوی هەینی لەسەر شەممە بە مەگێکی کتوپڕ کۆچی دوایی کردبوو، گەیشتەوە کۆڕی یارانو هاوسەنگەرانی‌و، لە باوەشی گەرمو ڕێژەی نیزامی‌و بەشداریی بەرینی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە خاک سپێردرا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممەش بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠٠ هەزار کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکرات نێشتەجێی باشووری کوردستان ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی کاک رەسووڵ لیلانەیی بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ژیانی سیاسی‌و پێشمەرگانەی کاک ڕەسووڵ لیلانەیی دواو ئەوی بە نموونەو سەرچەشنی پێشمەرگەیەکی ئازا، فیداکار، بە دەستوبرد و خاراو لە کورەی خەباتو تێکۆشان ناو برد.

کاک مستەفا مەولوودی تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ٣٠ ساڵ پێشمەرگایەتیی بەردوامو برینی زۆر لە قۆناغەکانی ژیانی سیاسی‌و پێشمەرگایەتی‌و؛ پێوەندیی قووڵی کاک ڕەسووڵ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەت لە ناوچەکانی ڕەبەت، سەردەشتو بانە کەسایەتییەکی بەڕێزو خۆشەویستو جێی متمانەی لە ئەو لە نێو دڵی خەڵکو هاورێیانو هاوسەنگەرانی‌دا دروست کردبوو، هەر بۆیەش حیزبی دێموکڕات بە لە دەستدانی ڕەسووڵ لیلانەیەکی پێشمەرگەیەکی هەرە دڵسۆزو کارامەی خۆی لە دەست دا.





لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا کاک خدر پاکدامەن، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی ناوەندی ٢ ی کوردستان وێڕای کورتە باسێک لە سەر کارو تێکۆشانی نەمر ڕەسووڵ لیلانەیی، لەلایەن بنەماڵەی بەڕێزیانەوە سپاسی هاوسۆزی‌و هاوخەمیی بەشداران لەگەڵ بنەماڵەی کاک رەسووڵی کرد.

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادێک بۆ تێکۆشەری کۆچکردوو تاهیر نەقشین

**پاریس**

لە ڕێوڕەسمێکدا لە پاریس، ڕێز لە خەباتو تێکۆشانی کاک تاهیر نەقشین گیرا.

رۆژی یەکشەممە ٢ی نۆڤامبر لە پاریس، پایتەختی وڵاتی فەڕانسە ریوڕەسمێکی تایبەت بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک تاهیر نەقشین، تێکۆشەری دێرین و ئەندامی حیزب دیموکراتی کوردستان بە ئامادە بوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە هاوڕێیان، کەسایەتییە سیاسییەکانی نێشتەجێی فەڕانسەو دۆستان و بنەماڵەکەی، بەڕێوەچوو.

لەو ریوڕەسمەدا بەڕێزان کاک جەلیل، کاک عەزیز ماملێ و کاک ئەمیر ئیزەدپەناو چەند کەسی دیکە لەسەر رابردووی پڕ لە شانازی کاک تاهیرو کەسایەتەی بەرزی ئەو کوردە تێکۆشەر و خاوەن هەڵوێستە قسەیان کرد و ڕێزیان لە فیداکاری‌و ماندوویی کۆچکردوو گرت.

جێی بیرهێنانەوەیە کاک تاهیر نەقشین ئەندامو کادری لە مێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ١ی خەزەڵوەری ئەمساڵ بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی پاریس کۆچی دوایی کرد.

# کۆنگرەیەک کە سوپای پاسداران قەرارە بۆ چەکدارە کوردەکانی، پێکی بێنێ!



قادر وریا

سوپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، قەرارە لە مانگی بانەمەڕی ساڵی داهاتوودا،کۆنگرەیەک بۆ چەکدارە کوردەکانی سەربەو ڕێژیمە لە ژێر ناوی «کۆنگرەی ڕێزگرتن لە شەهیدانی پێشمەرگە موسوڵمانە کوردەکانی پارێزگەی کرماشان»پێک بێنێ.

وەک لە لێدوانی دامودەزگاکانی پێکهێنەری ئەم بە ناوکۆنگرەیەڕا دەردەکەوێ، کۆنگرەکە بە بەشداریی چەکدارە کوردەکانی پارێزگەی کرماشانو بنەماڵەکانیانو، بە شێوەیەکی هاوکات لە چوار شاری سەلاسی باوەجانی، پاوە، جوانڕۆو ڕەوانسەر، بەڕێوە دەچێ. دیارە بە وتەی یەکێک لە بەرپرسانی پێکهێنەری ئەم بە ناو کۆنگرەیە، کۆنگرەکە هاوکات کۆنگرەی ڕێز گرتن لە بە ناو شەهیدانی ئەهلی سوننەتیش دەبێ.

بۆچی لە ئێستادا، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەوە یادی بە ناو «پێشمەرگە موسوڵمانە کوردەکان»ی خۆیو ڕێوڕەسمی تایبەت بۆ بە ناو شەهیدانی ئەهلی سوننەتو بە ناو شەهیدانی ئەم چەکدارە کوردانەی خۆی، پێک دێنێ؟

با لە دەلاقەی وەڵامی ئەو پرسیارەوە بچینە نێو کێشەیەک کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانو گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە مێژە لە گەڵی بەرەوڕوویە. کێشەیەک کە دەکرێ بە ناوی کێشەی جاشو جاشەتیو، خۆفرۆشی بە دوژمنو، خەیانەت بە گەلو نەتەوە، پێناسەی بکەین.

بەر لە هەر شتێک پێویستە وەبیر بێنینەوە ئەوانەی کۆماری ئیسلامی بە پێشمەرگەی موسوڵمانی کورد ناویان دەبا، لە نێو بزووتنەوەی کوردو خەڵکی کوردستان‌دا، ناوی پڕ بە پێستی خۆیان هەیە. ئەوانە پێیان دەگوترێ «جاش»و هەر بە جاشیش ناسراون. جگە لە کۆماری ئیسلامی، لەم ساڵانەی دوایی‌دا هێندێک ڕاگەیەن ومیدیاکاری کوردیش،بە هێندێک بیانووو پاساوی بێ‌جێ، خۆیان لە بە کارهێنانی ئەو ناوە بۆ ئەم خۆفرۆشو خەیانەتکارانە دەدزنەوەو پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هێندێک دەستەواژەی وەک»چەکداری خۆجێیی»! کە ئەمەیان بە هیچ جۆر ناچێتەی خانەی خزمەت بە خەڵکی کوردستانو بزووتنەوە نەتەوەییو شۆڕشگێڕانەکەیان. لە ڕاستیدا ئەمە هەوڵێکە بۆ داپۆشینی دزێویی کردەوەی خۆفرۆشی و خەیانەتو، خۆبواردنە لە بەڕەسمی ناسینی قەزاوەتی مێژوویی گەلو کۆمەڵگە لە بارەی ئەم خۆفرۆشو خەیانەتکارانە.

کۆنگرە پێکهێنانی سوپای پاسداران بۆ جاشە کوردەکانی سەر بەم ڕێژیمە، لە هەلومەرجێک دایە کە پرسی کورد لەئاستی ناوچەو نێودەوڵەتی‌دا،چۆتە ئاستێکی بانتر لە هەمیشە. لە عێراق، کورد جگە لەوەی خاوەن هەرێمو ستاتووسی نەتەوەیی، سیاسیو ئیداریی تایبەت بە خۆیەتی، یەک لە سێ پێکهاتەی بنەڕەتیی دەسەڵاتو دەولەتی ناوەندییشە. جگە لەمە هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسیو ئابوورییەکانی ناوچەدا،ئەکتەرێکی دیارو شوێندانەرەو هیچ هێزێکی ناوچەییو جیهانی، ناتوانێ پشتگوێی بخا. لە باکووری کوردستان، پرسی کورد توانیویەتی دەوڵەتو کۆمەڵگەی تورکیە ناچار بە داننان بەو پرسە بکاو کۆبوونەوەکانی کابینەی دەوڵەتو پارلمانو شەقام بکا بە گۆڕەپانی هێنانە گۆڕی ئەم پرسە.لە خۆراوای کوردستان، پرسی کورد بە دوای ئەو ڕاپەڕین و بەرهەڵستییە جەماوەریانەی بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆرو دڕندەی ئەسەد دەستیان پێ کرد، چووەتە قۆناغێکی نوێوەو کورد لەم وڵاتە بە تایبەتی دوای پێکهێنانی کانتۆنەکانو خۆڕاگریی بێوێنە بەرامبەر بە داعش لە کۆبانێ، بووە بە فاکتەرێک کە تازە پاشەکشەو گەڕانەوە بۆ دواوە قبووڵ ناکا.

لەم نێوە دا، تەنیا ڕێژیمی ئێرانە کە وەک ٣ دەیەو نیوی رابردوو، هەر وا خۆی لە داننان بە ڕاستییەک کە بندەستیی نەتەوەی کورد لەم وڵاتەیە، دەبوێرێو ئامادە نییە سەرەتاییترین مافەکانی کوردی ڕۆژهەلات بە ڕەسمی بناسێو دابینیان بکا.ئەمەش لە کاتیک دایە کە سەرەڕای ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی، وشیاریی نەتەوەیی و پێداگری لە سەر مافی نەتەوەیی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵ بە ساڵو جار بە جار زیاتر بووە. تاکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، هەست بەم بێمافیو بندەستییە دەکاو خۆی بە ئەندامێک لەو نەتەوەیە دەزانێ کە خەڵکەکەیو سەرزەوییەکەی دابەش کراون،بەلام پرسەکەی لە گەشەکردنو بەرەوپێشچوون دایە. چالاکیو کۆبوونەوەکانی پشتگیری لە ئاوارەکانی شەنگال و کۆبانی لە شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەم دوایانە دا، ئەم راستییەیان بۆ جارێکی دیکە دەرخستەوە. لە لایەکی دیکە تاکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەزانێ کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەشەکەی خۆشی، خاوەن هێزی پێشمەرگە و خەباتکاری چەکدارەو، ئەم هێزە هەر وەک لە باشوورو باکوورو خۆراوای کوردستان، هەر ئێستا لە پارێزگاری لە مانو مەوجودییەتی نەتەوەکەو دەسکەوتەکانی‌دا دەور دەبینێ، لە ڕابردووی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش‌دا، دەوری جێگای شانازیی هەبووە. لە داهاتووش‌دا، دەتوانێ بێتەوە مەیدانو لە بەرامبەر دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەو جەهەننەمیی ڕێژیمی ئێراندا، وەک فاکتەرێک ڕۆڵ ببینێتەوە. کۆماری ئیسلامی کە دەیەوێ لە یارییە سیاسییەکانی ناوچەدا خۆی وەک دۆستی کورد لە بەشەکانی دیکە، نیشان بداو بەم جۆرە یاری بە کارتی کورد بکا، نەک هەر شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد لە وڵاتەکەی خۆی‌دا نەکردوە، کارنامەیەکی ڕەشیشی لە سەرکوتو دژایەتیکردنیان دا هەیە. هەر بۆیە بە وەڕێخستنی بە ناو کۆنگرەیەک بۆ جاشە کوردەکانی سەر بەو ڕێژیمە، دەیەوێ هاوکات چەند مەبەست بە جارێک بپێکێ:



یەکەم: بە دنیا بڵێ کورد لە ئێران نەک هەر کێشەیەکیان لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نییە بەڵکوو ئامادەن بە چەک بەرگری لەو ڕێژیمە بکەن و ئەوەتا ئیستاش، بۆ ئەم مەبەستە لە مەیدان دان!

دووهەم: ئەوانەی چەکی جاشەتیان بۆ دژایەتیی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی خۆیان کردوەتە شانو خزمەت بەو ڕێژیمە کوردکوژە دەکەن،نەک تاقمێک مرۆڤی نزم وجینایەتکار، بەڵکوو کەسانی سیاسیو ئاگاو، خاوەن ڕێکخراوو کۆنگرە و پێگە و جیگەی سیاسی و کۆمەلایەتین!

سێهەم: بەو چەکدارە کوردانەی خەیانەتیان بە نەتەوەکەی خۆیانو خزمەتیان بەو ڕێژیمە کردوە دەڵێ: خزمەتی ڕابردووی ئێوە بە خۆمانمان لە بیر نەچۆتەوە. ئیستاش کە پرسی کورد بە گشتی و وشیاری نەتەوەییو تێکۆشان بۆ مافە نەتەوەییەکان لە نیوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان لە هەڵکشان دایە، جارێکی دیکە کارمان پێتان دەبێتەوە.

**

لە سەر هەموو تاکێکی دلسۆزو نیشتمانپەروەری کورد پیویستە بە وشیارییەوە لە گەڵ دیاردەی خەیانەتو خۆفرۆشیو کێشەی کورد بەکورد بەکوشتدان، بەرەوڕوو بێتەوە. خەڵکی کوردستان، هێزو ڕێکخراوە سیاسییەکانو تەنانەت بنەماڵەو کەسوکاری ئەوچەکدارە کوردانەش کە کۆماری ئیسلامی بە «پێشمەرگەی موسولمان» ناویان دەبا، لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ نیازو بەرنامەکانی ئەو ڕێژیمە بە دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان‌دا، ئەرکیان لە سەر شانە. لە داهاتوو دا، لە سەر ئەم ئەرکانە پێکەوە پتر دەدوێین.

# نازم دەباغ لە نێوان حکوومەتی هەرێم و ئێراندا

م.ئەلف

ماوەیەکە «نازم عومەر دەباغ»، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە تاران ناوە ناوە لە چاوپێکەوتن و لێدوانە رۆژنامەوانییەکانیدا هەڵدەکوتێتە سەر خەباتگێڕان و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بە بێ لەبەرچاو گرتنی پرەنسیپە نەتەوەیی و سیاسییەکان بە جۆرێک بێ ڕێزی بەو پارچەی کوردستان دەکا و هەستی خەڵکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەری ئەو بەشەی نیشتمان بریندار دەکا.

نازم دەباغ لە دوایین لێدوانیدا (لە وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی «همشهری») باسی رێککەوتنی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و لایەنەکانی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان دەکا لەمەڕ سنووردار کردنەوەی چالاکی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی خۆیان و بە شاخ و باڵای «قاسم سلێمانی» دا دێ و دەبێژێ کە ئێران دەتوانێ بە تەقاندنەوەی نارنجۆکێک لە بنکەکانی دیموکرات و کۆمەڵە کۆتایی بەو رێککەوتنە بێنێ و لە درێژەشدا بەبێ لەبەرچاو گرتنی سەروەرییەکانی باشووری کوردستان ئەمە وەک پیاوەتییەتی گەورە لەسەر حیسابی جەنابی قاسمی سلێمانی تۆمار دەکا.

ئێمە لەوە تێدەگەین کە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی پێویستی بە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هەیە و لەم نێوەشدا زۆر سروشتییە حکوومەتی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران پێوەندیی سیاسی و ئابووری هەبێ کە ئێمە دژی ئەو رێژیمە خەبات دەکەین و بە دوژمنی کورد و مافە نەتەوەییەکانی کوردی دەزانین، بەڵام لەوە تێ ناگەین کە بۆ کەسێکی وەک نازم دەباغ بەم شێوە دەئاخڤێ و هەستی خەباتکاران و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بریندار دەکا؟ چ پێویست دەکا نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران خۆی لەو جۆرە باسانە بدا؟ یان چ قازانجێکی بۆ خۆی و حکوومەتی هەرێم تێ دایە؟ ئەگەر ئەم جۆرە لێدوان و ئاخافتنانە یارمەتی ئەوە بدات کە ئێران بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لە ناوچەکە بپارێزێ! و ببێتە گەرەنتییەک بۆ ئەوەی چی دیکەی ماددەی هۆشبەر لە ڕێگای ئێرانەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان نەکرێ، کێشە نییە و بەشکەم بە قیمەتی بریندار کردنی هەستی نیشتمانپەروەری تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران ئاوی ڕووبارەکان ئازاد بکا و لە داهاتوودا بێ ئاویش نەبێتە قەیرانێکی دیکە بۆ باشوور.





ئەوەی جێگەی تێڕامان و داخە، ئەوەیە کە نازم دەباغ لە نێوان حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێراندا رۆڵی خۆی لێ تێکچووە و لە باتی ئەوەی وەک نوێنەری حکوومەتی هەرێم قسە بکا و بجووڵێتەوە، وەک فەرماندەیەکی سوپای پاسداران دژی حیزبەکان و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان قسە دەکا و دەجووڵێتەوە. هەق وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە بە جوانی نوێنەرەکەی لە ئێران لە رۆڵ و بەرپرسیارەتییەکی ئاگادار بکاتەوە، بۆ ئەوەی وەک نوێنەری حکوومەتی هەرێم و وەک کوردێک قسە بکا و بجووڵێتەوە.

نازم دەباغ لە زۆربەی ئاخاوتن و لێدوانەکانیدا بەشاخ و باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران و کەسێکی وەک قاسمی سلێمانی دا هەڵدەڵێ و ئەم گەورە تیرۆریستە کە ناوی لە لیستی رەش دایە و بە یەکێک لە پیاوە مەترسیدارەکانی دونیا ناسراوە، وەک دۆست و پشتیوانی کورد دەناسێنێ. ئەوەی نازم دەباغ لەسەر ئێران و قاسمی سلێمانی باسی دەکا، زیادەڕەوییە و پێویست بەوە ناکات نوێنەری حکوومەتی هەرێم (وەک کورد) تا ئەو ئاستە بە شاخ و باڵای کۆماری ئیسلامی و قاسمی سلێمانی دا بێ.

نازم دەباغ لە لێدوان و ئاخاوتنەکانی دا زۆر جار حیزبەکان و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر خەبات و چالاکی لە وڵاتی خۆمان لۆمە دەکا، بەڵام ئامادە نییە بە قاسمی سلێمانی و دارودەستەی بێژێ «بان چاوتان برۆیە» کە لە وڵاتەکەی ئەودا (نازم دەباغ) بە کەیفی خۆیان تەڕاتێن و ئەمسەر و ئەو سەر دەکەن.

پێوەندیی ئابووری و دیپلۆماتیکی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تا ئەو ئاستەی کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەگەیێنێ، بە شتێکی سروشتی دەزانین و هیواداریـن پێوەندیی هیچ هێز و لایەنێک لەگەڵ دەسەڵاتێکی داگیرکەری کوردستان لەسەر حیسابی پارچەیەکی دیکەی کوردستان نەبێ.

هیواداریـن بەڕێز نازم دەباغ لەسۆنگەی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەمانەوە بڕوانێتە پێوەندیی لەگەڵ ئێران و لە روانگەی بەرپرسان و فەرماندەکانی سوپای پاسدارانەوە سەیری پرسی کورد لە رۆژهەڵات نەکا و سەروەرییەکانی باشووری کوردستانیش لەوە زیاتر خەوشدار نەکا. لەم روانگە باشتر وایە «مامە ریشە» و مامە ریشەکان پاڵەوانی خەونەکانی نازم دەباغ بن، نەک گەورە تیرۆریستێکی وەک قاسمی سلێمانی کە ناوچەکە و بەتایبەتی وڵاتەکەی کاک نازمی لە ئاگر و تیرۆردا نوقم کردووە.

# بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان

**وەرگێران لە فارسییەوە: قادر وریا**

**بڕیارنامەی٤٨/١٠٤یکۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان**

٢٥ی نۆڤامبەر، بە «ڕۆژی جیهانیی لە نێو بردنی توندو تیژی دژی ژنـان» ناودێر کـراوە. ئەم ڕۆژە، ١٧ی دیسامبری ١٩٩٩ لە لایـەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نـەتـەوە یەکگرتووەکانەوە، لە هەشتاو سێهەمین کـۆبـوونـەوەی گشتی (دەورەی پەنجاو چـوارەم)دا بە ڕۆژی جیهانیی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کرا.»بەیاننامەی پێشگیری لە تەندو تیژی دژی ژنـان»، پەسەندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەبەست لە توندو تیژی دژی ژنان، ئەرکی دەوڵەتان وکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەم پێوەندییەدا ڕووندەکاتەوە.

**کۆمەڵەی گشتی،**

بە ئاگاداری لەم پێویستییە بە پەلەیە کە مافەکانو بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تـەواوەتـیو گـەورەیـی هـەمـوو مرۆڤـەکان، دەبـێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە ڕەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بـەوە کە ئـەم مـافـو بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا، بۆ وێنە لە «جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ»(١)، «پەیماننامەی نێونەتەوەیی مـافـە مـەدەنـیو سـیـاسـیـیـەکـان»(٢)، «پەیماننامەی نـێـونـەتـەوەیـی مـافـە ئـابـووری، کـۆمـەڵایـەتـیو کولتوورییەکان»(٢)، «ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنـان»(٣)و «ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجەو ڕەفتار یان سزای توندوتیژ، نامرۆییو پڕ لە سووکایەتی«(٤)دا، ڕێزیان لێگیراوە،

بە ئـاگـاداری لـەوە کـە بـەڕێـوەبـردنـی هـەرچـی کـاریـگـەرتـری «ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیـاوازیدانان بە دژی ژنـان» یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنـان دەکـاو، «بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان» بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەم ڕەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لـەوە کە توندوتیژی دژی ژنـان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتنو ئاشتییە، هەروەک لە «ستراتیژییە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرۆبی بۆ پێشکەوتنی ژنان»دا ڕوونکراوەتەوەو لەواندا هێندێک گەڵاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو، بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بە تەواویی «ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هـەمـوو جـۆرەکـانـی جیاوازیدانان بە دژی ژنان»،

پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنـان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مـرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنانو، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم مافـو ئازادییانە تاڕادەیەک یان بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە،

نـیـگـەران لـە سـەرنـەکـەوتـن لـە پـشـتـیـوانـیو بەرەوژووربردنی ئەم مافو ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان،

بە ئـاگـاداری لـەمـە کـە تـونـدوتـیـژی دژی ژنـان، نوێنگەیەکە بـۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسـەڵات لە نێوان ژنانو پیاواندا، کە بـووە بە هـۆی ژێردەسـت کـردنو هـەڵاواردنـی ژنان بەهۆی پیاوانەوە و ، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بە تەواویی ژنانی لێکەوتۆتەوە،

هەروەها ]بە ئاگاداری لەمە کە[ توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر ـ لە چاو پیاوان ـ ڕابکێشن،

نیگەران لـەوە کە هێندێک لە گروپەکانی ژنـان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گروپە کەمایەتییەکان، ژنانی خۆوڵاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یان ناوچە دوورە دەستەکان دەژین، ژنـانـی بێـئـەنـوا، ژنـانـی بـەنـدکـراو یـان دەسـبـەسـەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستانو بێتوانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرانبەر توندوتیژیدا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مـای ١٩٩٠ی شـوورای کۆمەڵایەتی (ژمـارە ١٩٩٠/١٥)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنـان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو، لە سنووری داهات، چینو کولتوور تـێدەپـەڕێ، دەبـێ هـەنگاوی بە پـەلـەو کاریگـەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هـەروەهـا بـە وەبـیـرهـێـنـانـەوەی بـڕیـارنـامـەی ١٩٩١/١٨ی شـوورای ئابووریو کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شوورا لەودا پێشنیاری ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان،

وەک پێشوازی لە ڕۆڵێک کە بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕاکێشانی ڕۆژ بەرۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆک، جیددیبوونو ڕەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،

بـە هـەسـتکردنی ئـەم مەترسییە کـە دەرەتـانو دەرفەتەکانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکانو بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەک لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسکو سنووردارن،

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو ڕوون بۆ توندوتیژی دژی ژنـان، بەیاننامەیەکی ڕوون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ ڕەچاو بکرێنو دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنـان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێک لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی ڕێزگرتن لەبەرپرسایەتییەکانیانو، دەروەستبوونێکیش لـەلایـەن سـەرجـەمـی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەڕەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنـان لە خـوارەوەدا ڕادەگەیەنینو، سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندنو ڕێزگیرانی لە لایەن هەموانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

**ماددەی ١:**

لـەم بەیـانـنـامـەیـەدا، مـەبـەسـت لـە دەسـتـەواژەی «توندوتیژی دژی ژنـان» هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هـۆی ئـەم جـۆرە ئـازارو زیانانە.




هـەڕەشـە یـان کـردەوەی هاوشێوە، زۆری کـردن لە ژنـان، بێبەشکردنی زۆردارانـەی ئـەوان لە ئـازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا ڕوودەدەن، لە ڕیزی ڕەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

**ماددەی ٢:**

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنـان ئەم خاڵانەی خـــوارەوە دەگـرێـتـەوە، بـەڵام هـەر بـەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوودەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمـنـداڵ لـە مـاڵـدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگـەیـەنـن، توندوتیژی لە پێوەندیی بـەدەر لە ژنو مێردایەتیداو توندوتیژی تایبەت بەژنان.

ب- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونـی کە لە بەستێنی ژیانی بە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

(پ) توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێ یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

**ماددەی٣:**

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان ]لە گەڵ پیاوان[ مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارەکـانـی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنی و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەر وەها مافی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

ئەلف- مافی ژیان(٦)
ب- مافی یەکسانی (٧)
پ- مافی ئازادیو ئاسایشی کەسی(٨)
ت- مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە(٧)
ج- مافی ڕزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن(٧)
چ- مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین ڕادەی گونجاوی سلامەتیی جەستەییو دەروونی(٩)
ح- مافی ]هەبوونی[ هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای ڕەزامەندی بۆ کار(١٠)
خ- مافی ئەوە کە تاک نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یان سزاو ڕەفتاری توندوتیژ، نامرۆییو پڕسووکایەتی.(١١)

**ماددەی ٤:**

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەنو، نابێ هیچ دابونەریت یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام ]نە[دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکانو بێڕاوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

ئـەلـف- ئـەگـەر تـا ئـێستا بـە تـەواوی لـە ئاست «ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هـەمـوو جـۆرەکـانـی هـەڵاواردن دژی ژنـان» خۆیان بەرعۆدە نەکردووە، دەبێ پەسندی بکەن، یان بەشێوەی ڕەسمی ببن بە ئەندامیو، واز لە مەرجە تایبەتییەکانی خۆیان لەبارەی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە بێنن.

ب- لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژییەک، خۆ بپارێزن،

پ- بـە مـەبـەسـتـی پێشگیری لـە تـونـدوتـیـژیو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندییەداو، دانانی سزا بۆ کـردەوەی توندوتیژ دژی ژنـان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتییەوە.

ت- لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی ڕەسمیی سزایی، مەدەنی، کاریو ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئـەو خەتایانە ئـامـادە بکـەن کە دەرهـەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجامدراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبن، دەبێ ڕێگاچارەی قەزاییيان بۆ دابین بکرێو، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵـەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیانو وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم ڕێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

ج- بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە تـونـدوتـیـژیـیـەک، یـان زیـادکـردنـی هێندێک مـاددە لـە بـەرنـامـەکـانـی خـۆیـان بـەو مـەبـەسـتـە، هـەروەهـا هاوکاریی گونجاو لە هێندێک بواردا لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژییەوە خەریکن.

چ- دیاریکردنی ڕێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژیو، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیداریو کولتووریدا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرانبەر هەر چەشنە توندوتیژییەک برەو پێ دەدەنو، دەبـنـە دەسـتـەبـەرێـک بـۆ ئـەوەی ژنـان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێبینییە جینسییەکانداو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوونو خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتییەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

ح- هـەوڵ بـدەن بـۆ دەسـتـەبـەرکـردنـی ئـەوە کە ژنـانـی ژێـر تـونـدوتـیـژی، ئـەگـەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتییە تایبەتییەکانی وەک توانایی پێبەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستیو چاوەدێریی منداڵانو ژیانوبەڕێچووندا، دەرمـان، ڕاوێژکاریو خزمەتە لەشساغیو کۆمەڵایەتییەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پرۆگرامەکانو ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایشو توانایی بەخشینی جەستەییو دەروونی بەوان، هەڵبگرن.

خ- لە بوودجەی دەوڵەتدا، بـەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

د- بۆ فێرکردنو ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایشو بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوەو سزادانان بۆ توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵبگرن تا ئەم کەسانە هەمبەر بە پێویستییەکانی ژنان هەستیار بن.

ر- هـەنـگـاوی پـێـویـسـت بـەتـایـبـەتـی لـە بـواری فێرکاریدا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانی ڕەفتاری پیاوو ژندا بکەنو، هەڵاواردنەکان، ڕەفتاری باوو هەموو چەشنە ڕەفتارێک کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یان باڵادەستیی جنسێکەو، ژنو پیاو پێی ڕاهاتوون، لە نێو ببەن.

ز- لێکۆڵینەوە، کۆکردنـەوەی زانـیـاریو ئامار (ئـەژمـێـرەکـان)، بـەتـایـبـەتـی لـە بـاری توندوتیژیی بنەماڵەییو شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەنو هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆک، ڕادەی جیددیبوونو ئاکامەکانی تـونـدوتـیـژی بـەدژی ژنـانو، ڕادەی کـاریـگـەریـی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژیو هـەروەهـا قـەرەبووکردنـەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیارییانە دەبێ بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

ژ- هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە لە بەرانبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵبگرن.

س- لـەو ڕاپـۆرتـانـەدا کـە لـە پـێـوەنـدی لـەگـەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن، زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنانو، ]ڕاپۆرتی[ هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

ش- هـانـدەری دانـانـی پـلانـی کـاری بە مەبەستی جێبەجێبوونی بنەماکانی ئەم ڕاگەیەندراوە بن.

ع- هاوکاریی چالاکیو تێکۆشانی بزووتنەوەو ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ژنـان بکەنو لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەییو ناوچەییدا یارمەتییان بدەن.

غ- ڕێکخراوە ناوچەییە نێودەوڵەتییەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

ماددەی ٥:

ئۆرگانەکانو نوێنەرایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یـەکـگـرتـووەکـان دەبـێ ئـەوەنـدەی لـە توانـایـان دایـە، یارمەتیی ناساندنو هێنانەدیی ئەو مافـو بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیەدا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف- یارمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکارییە نـێـونـەتـەوەیـیو نـاوچـەیـیـانـە بـکـەن کـە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژییە ناوچەییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکانو، بەرنامە ماڵییەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب- هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنانو گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە

تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ- یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاویو هاوبەشیی نێوان بنیاتو ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.

ت- لەو لێکدانەوانەدا کە بۆ دامەزراوو ناوەندەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفتو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەی دەکەن، وەک ڕاپۆرتە ناوبەناوە (دەورەییـە) کان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیلو بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیشدا بگونجێنن.

ج- فۆرمۆلەکردنی پلانکاری یان نامیلکەکانی ڕێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنـان، برەو پێ بدەنو، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.

چ- پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنـان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بـەرپـرسـیـارەتـیـیـەکـانـی خـۆیـان لـە بـەڕێـوەبـردنـی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

**ماددەی ٦:**

هیچ شتێک لـەم بەیاننامەیەدا نابێ هیچ یـەک لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێک یان هـەر ڕێککەوتنو پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێک جێبەجێ دەکرێو بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ڕوونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

# دەنگ و ڕەنگێک بۆ کۆماری ئیسلامی



**مستەفا مەعروفی**

لەم ڕۆژانەی دواییدا عزت الله ضرغامی لە سەرۆکایەتیی «ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی» لا درا و محمد سرافراز لە لایەن خامەنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بە سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە دیاری کرا. ئەو پێشتر بەرپرسی پرێس تی ڤی، تەلەڤزیۆنی ئینگلیسی زمانی کۆماری ئیسلامی لە لەندەن بوو. بەهۆی بڵاو کردنەوەی دانپێداهێنانی زۆرە ملی و بە ئەشکەنجەی هاوولاتێکی کانادایی بە ڕەچەڵەک ئێرانی لە لایەن دەوڵەتی بریتانیاوە داخرا و ناوبراو کەوتە لیستی ئەو بەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی کە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە تەحریم کراون. ئەم ڕووداوانە دەرفەتی ئەوەیان پێک هێنا تاکوو ئاوڕێک لە پێکهاتەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی و ئامانج و کردەوەکانی ڕاگەیەنە گشتییەکانی بدەینەوە.

### پێکهاتەی دەنگ و ڕەنگ

لە سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینیدا واتە بەر لەوەی قانوونی ئەساسی پێداچوونەوەی بەسەردا بکرێ،»ڕاگەیەنە گشتییەکان (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لەژێر چاوەدێریی هاوبەشی سێ دەسەڵاتی دادوەری (ئەنجومەنی بەرزی دادوەری)و یاسادانان و بەڕێوەبەریدا» بەڕێوە دەچوو، هەرچەند بە ڕاستی لە ژێر تێبینییەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و بەرپرسانی سەرووی ئەو سێ دەسەڵاتەدا کاری دەکرد.

پاش پێداچوونەوە بە قانوونی ئەساسی لەساڵی ١٣٦٨دا و پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی ئەو ئەسڵە لە قانوون گۆڕا. بە پێی ئەسڵی تازە (١٧٥) دەنگ و ڕەنگ چووە ڕیزی ئەو ئۆرگان و دەزگایانەی کە بە «ئۆرگانەکانی سەر بە بەیتی ڕێبەر» ناسراون. بە پێی ئەو ئەسڵە: «دانان و لابردنی سەرۆکی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لەئەستۆی مەقامی ڕێبەرە »

جگە لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێک لە لایەن هیچ حیزب، ڕێکخراو، دەزگایەکی فەرهەنگی یان ناوەندێکی ئابوورییەوە ئیزنی کارو چالاکیی نیە. ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لە پاوانی حکوومەت و لە حکوومەتیشدا لە پاوانی ڕێبەر دایە.

یەکەم بەرپرسی دەنگ و ڕەنگ دوای شۆڕش صادقی قطب زادە بوو. ناوبراو پاش ئەو بەرپرسایەتیە لە کاتێکدا پۆستی وەزارەتی دەرەوەی بە ئەستۆوە بوو، بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ کوودیتا گیرا. ئەو تۆمەتە زیاتر داوێک بوو بۆ ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری دانرابۆوە بۆ ئەوەی قطب زادە بێننە سەر تەلەڤزیۆن و لە دژی ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری شاهیدی بداو بیانوویان بۆ پەراوێز خستنی وی دەست بکەوێ. ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری کە لە زۆر بواردا دژی بیرو بۆچوونەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو، بە

**چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چ لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیمی تاران سیاسەتێکی دووڕوویانەی لە بەرامبەر کورددا هەبووە و هەیە. لە کاتێکدا خۆیان وەک دۆستی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نیشان داوە لە بەرامبەر کوردی وڵاتی خۆیاندا وێڕای سیاسەتی ئینکار و حاشا بەوپەڕی توندوتیژیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کورد کردوە. ئەو سیاسەتە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانیشدا دەرکەوتوە.**

کردەوە ببوو بە ڕقەبەری ئەو. دوای ئەو دانپێدانانە شەریعەتمەداری جلوبەرگی مەلایەتیی لێ داماڵرا و تا کاتی مەرگە گومانیاوییەکەی، لە ماڵی خۆی دەستبەسەر بوو. پاش ناوبراو محمد هاشمی، علی لاریجانی، عزت الله ضرغامی هەرکامەیان بۆ ماوە ١٠ ساڵ بەرپرسی ئەم ڕێکخراوەیە بوو. پێویستە بگوترێ دەورەی هەر بەرپرسایەتییەک ٥ ساڵە.

دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی جگە لە کەناڵی ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنی، خاوەنی دەزگای چاپ و پەخشی سرووش و ڕۆژنامەی «جام جم»ە. یەکێکی دیکە لە دامەزراوەکانی دیکەی سەر بە دەنگ و ڕەنگ زانکۆی دەنگ و ڕەنگە.

ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگ ٢٢ کەناڵی تەلەڤزیۆنیی سەرانسەری، ١٠ کەناڵی نێو دەوڵەتی و ٣٤ کەناڵی ناوچەیی هەیە. بە ٦ زمانی بێگانە بەرمانە بڵاو دەکاتەوە.

### پێوەندییەکی نزیک لەگەڵ دەزگا ئیتیلاعاتییەکان

ئەسڵی ١٧٥ی قانوونی ئەساسی پێش وشەی «بەڵام»، « ئازادیی دەربڕینی بیروڕا»ی بە ئەرکی دەنگ و ڕەنگ داناوە. «بەڵام» بە کردەوە دەربڕینی زۆرەملیی دانپێداهێنانەکان جێگای دەربڕینی ئازادیی بیروڕیان گرتۆتەوە. پێشتر باسی صادقی قطب زادە کرا؛ لە ڕیکەوتە سەیرو سەمەرکانی مێژووی ئێرانە کە سەرۆکی دەنگ ڕەنگ ڕۆژێک لە دەنگ و ڕەنگ دانپێداهێنای زۆرەملیی پێ بکرێ!.

دۆسییەی دانپێداهێنانەکان لەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی دۆسییەیەکی قەبەیە؛ جگە لە یەکەم بەرپرسی دەنگ و ڕەنگ، هەرکات قەیرانێکی سیاسی بۆ کۆماری ئیسلامی هاتبێتە پێش

لە نێوەڕۆکی بەرنامەکاندا ئاماژەیەک بە دۆخی کورد لە ئێراندا، داخوازەکان، گیروگرفتەکان هتد ناکرێ، هەر وا بزانە ئێران کوردی لێ نیە.

سیاسەتێکی زمانی کە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا گرتوویەتە بەر ئەگەر ڕاگەیاندنی کوردی بۆخۆی ئەوە عەیبەی نەبا، ئەو کاتە قووڵایی کارەساتی ئەو سیاسەتەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیمان بۆ دەردەکەوت. ئەویش بریتییە لەوەی کە بۆ هەر ناوچەیەکی کوردستان بەرنامە بڵاو دەکاتەوە بە شێوەزاری ئەو ناوچەیەیە. بۆ ئەوەی پێش بە پەرەگرتن و بە هێزبوونی زمانی فەرمیی کوردی بگرێ. با لەوەش گەڕێین ئەو زمانە کوردییەی لەو کەناڵانەوە بڵاو دەبێتەوە چەندە سیمای زمانی کوردیان پێوە دیارە و چۆن شێوێنراوە!.

دەنگ ورەنگی کۆماری ئیسلامی هەتا چەندین فیلمی سینەمایی لە بارەی کورد و شۆڕشی کوردەوە بڵاو کردۆتەوە کە پڕن لە سووکایەتی بە بزووتنەوەی کورد، فەرهەنگ و مێژووەکەی و پێچەوانەی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە کوردەوە. ئەم فیلمانە وێنەیەکی دزێو و ناشیرین لە کورد پێشانی

چەند کەس بوونەتە قوربانی و لە ژێر ئەشکەنجە یان بە هۆی دەرمانی سڕکەر دانایان بەو کارانە دا هێناوە کە هیچ کات ئەنجامیان نەداوە.

پیلانی دانپێدانان بە هاوکاریی وەزارەتی ئیتیلاعات بەڕێوە دەچن. تۆمەتەکانیش وەک هەمیشە دیارن، تەنانەت بۆ خەڵک ناسراون و لە پێشدا ئامادە کراون: جاسووسی بۆ بێگانە، هەوڵدان بۆ ڕووخاندن(براندازی). دانپێداهێنانەکانی ئەندامانی حیزبی توودە لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا، ڕێفۆرمخوازانی لایەنگری میر حوسێنی مووسەوی و کەڕووبی لە ساڵی ١٣٨٠دا لە مێژووی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی دا بە ناوبانگن.

لە ساڵانی ١٣٧٦-٧٧(١٩٩٧ و ١٩٩٨)دا بەرنامەی «هویت» کە بە هاوکاریی سەعیدی ئیمامی(اسلامی) کادری بەرجەستەی وەزارەتی ئیتیلاعات بەڕێوە دەچوو ڕاست پیلانی ئەو وەزارەتە بوو بۆ خۆشکردنی زەمینەی تێرۆری موخالیفانی کۆماری ئیسلامی لەدەرەوە و ڕەخنەگرانی نێو خۆ. لەو ماوەیەدا جگە لە ئازادیخوازانی ئێرانیی دەرەوە وڵات چەندین نووسەر و ڕووناکبیر و کەسایەتیی سیاسی لە نێوخۆ تێرۆر کران کە بە «قەتڵە زەنجیرەییەکان» ناوبانگی دەرکرد. لە ژێر فشاری بیروڕای نێوخۆو دەرەوەدا کۆماری ئیسلامی ناچار بوو دان بەوە دابنێ کە کەسانێک لە وەزارەتی ئیتیلاعات سەربەخۆ ئەو کارەیان کردوە. لەو قەیرانەشدا سەعیدی ئیمامی بۆخۆی بوو بە قوربانی، گۆیا لە زینداندا خۆی دەرمانداو کرد! دوایین نموونەش دانپێداهێنانی مازیاری بەهاری خەڵکی کانادا و بە ڕەچەڵەک ئێرانی کە پاش دەرباز بوونی شکایەتی لە محمد سر افراز کرد، ئەمە بوو بە هۆی داخرانی پرێس تیڤی و تەحریمی سرافراز لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە.

### کورد و دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی

چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چ لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیمی تاران سیاسەتێکی دووڕوویانەی لە بەرامبەر کورددا هەبووە و هەیە. لە کاتێکدا خۆیان وەک دۆستی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان نیشان داوە لە بەرامبەر کوردی وڵاتی خۆیاندا وێڕای سیاسەتی ئینکار و حاشا بەوپەڕی توندوتیژیەوە ڕەفتاریان لەگەڵ کورد کردوە. ئەو سیاسەتە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانیشدا دەرکەوتوە.

زمانی کوردی لە ڕیزی ئەو ٦ زمانانە دایە کە لە ١٠ کەناڵە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەرنامە بڵاودەکەنەوە. جگە لەمەش چەند کەناڵی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیی نێوخۆییش لە ئۆستانە کوردنشینەکان هەن کە بە زمانی کوردی بەرنامە بڵاو دەکەنە، لە هەر ناوچەیکیش بە شێوەزاری ئەو ناوچەیە بەرنامەکانیان بڵاو دەبنەوە.

خەڵکی سەرانسەری ئێران دەدەن.

### ئایا دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئەرکی ڕاگەیاندن بەڕێوە دەبا؟

بوودجەی ئەمساڵی دەنگ و ڕەنگ ٩٦٧ میلیارد تمەن بوو. زۆر جار نوێنەرانی مەجلیس دەڵێن دەنگ و ڕەنگ بودجەی ناوێ، چونکە بە ڕێکلام و بڵاوکرنەوەی پێشبڕکێ وەرزشییەکان و هتد دەتوانێ لەسەر پێی خۆی بێ. بەڵام بە پڕخەرجترین نیهادی حکوومەت ناسراوە. لە باری ماڵییەوە بە تەواوی بەسراوەتەوە بە حکوومەت. بەسراوەیی ماڵی بە حکوومەت و دیاریکرانی بەرپرسەکانی لە لایەن ڕێبەرەوە بەسن بۆ ئەوەی بە تەواوی ببێتە دەزگایەکی ڕێکلام بۆ دەسەڵات تاکوو ببێ بە ڕاگەیەنەرێکی گشتی. لە لایەکی دیکەش تاقە ڕێکخراوە ئەرکی ڕاگەیاندنی لە پاوان دایە و بێ ڕقەبەرە، وەک ئەوەی نیە کە لە وڵاتانی ئازاددا هەیە. بەو حاڵەش بە پێی ئاماری ورد و حاشا هەڵنەگر ٦٠٪ی خەڵکی ئێران سەیری کەناڵە بیانییەکان دەکەن، تەنیا ٤٠٪ سەد سەیری کەناڵەکانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی دەکەن. چونکە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی گەیاندنی زانیارییەکان بە خەڵک، لە جیاتی دابینکردنی تریبوونی ئازاد بۆ دەنگی خەڵک، دەنگ و ڕەنگێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکانی.

سانسۆر تایبەتمەندی هەرە سەرەکیی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییە. لەو کاتانەدا زایەڵەی دروشمی خۆپێشاندەران لە دژی کۆماری ئیسلامی لە دەروبەری بنکە سەرەکییەکی لە شەقامی وەلیی عەسری تاران هەموو جێیک دەتەنێ، دەنگ و ڕەنگ باسی مێژووی «انتفاضە»ی فەلەستینییەکان دەکا! لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران نەتەوەی غەیری فارسن و سەر بە ئایینی سوننی و کەمە ئایینییەکانی دیکەن، دەنگ و ڕەنگ موبەلیغی تاقە یەک مەزهەبە.

ئەو ڕاستییانەی لەگەڵ بنەما ئیدئۆلۆژییەکانی حاکم یەک ناگرنەوە یان ئەو هەواڵ ڕووداوانەی بە دڵی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نین، هەرگیز بڵاو نابنەوە، ئەگەر باسیش بکرێن، بە پێچەوانەی ڕاستییەکان دادەڕێژرێنەوە. هەر بۆیە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی نە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ، نە لە لای ئەوان خاوەنی ئیعتیبارە. لە خۆڕا نیە لە ڕووی گاڵتەو جەفەنگەوە لە نێو خەڵکدا باوە کە دەڵێن: «ڕاگەیاندنی ئێران درۆزن نیە، هەرچی گوتی پێچەوانەی بکەوە، ڕاستە».

---

ڕۆژەڤی ئێران

# دەرەنجامەکانی ڕێککەوتنی شیمانەیی



**حەسەن شێخانی**

لە ٢٧ی خەزەڵوەرەوە دوایین خولی وتووێژە ناوکییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١، پێش تەواو بوونی مۆڵەتی ٣ی سەرماوەز، لە ڤیەن دەستی پێکردۆتەوە. دوای دانوستانەکانی مەسقەتی پایتەختی عومان، کە بە گوتەی عەباس عێراقچی گەورە دانوستانکاری ئێرانی، پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە دواوە نەبوو، زۆربەی شرۆڤە و لێکدانەوەکان باس لەوە دەکەن کە هەرچەند ئەگەری واژۆکرانی ڕێککەوتنی کۆتایی لە وادەی دیاریکراودا، نامومکین نییە، بەڵام سیناریۆی درێژکردنەوەی دانووستانەکان، جا لە هەر فۆڕمێک دا بێ، ئەگەرێکی بە هێزە. ئەگەر لە ٣ی سەرماوەزدا، یان لەو ماوەدا کە ئەگەری درێژکردنەوەی هەیە، ڕێککەوتنی کۆتایی واژۆ بکرێ، ئەم سیناریۆیە چ کارگەرییەکی لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتی نێوخۆیی ئێران دەبێ؟ لەم بارەوە دەبێ بگوترێ کە:

١)لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوودا پرسی ناوکی زۆربەی پرسەکانی دیکەی ئێرانی کەم و زۆر خستۆتە ژێر سێبەری خۆی. ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا، زیاتر تەرکیزیان لە سەر پرسی ناوەکی بووە و بە هۆی ئەم مەسەلەیەوە زەخت و گەمارۆیان خستۆتە سەر ئێران. ئەگەر پرسی ناوەکی چارەسەر ببێ، لەگەڵ دوو شیمانە بەرەوڕووین: شیمانەی یەکەم کە پێدەچێ ببێتە واقیع، ئەوەیە کە فەزای ئەمنییەتیی نێوخۆیی کاڵتر دەبێتەوە و زەمنیەی هاتنە ئارای پرسەکانی دیکەی پێوەندیدار بە سیاسەتی نێوخۆیی، لەبارتر دەبێ. کۆماری ئیسلامی لە حاڵەتی بەرگری کردن لە خۆ دێتەدەر و بە متمانە بەخۆ بوون و نەرمییەکی زیاترەوە لەگەڵ پرسە نێوخۆییەکانی مامەڵە دەکا؛ ئەمەش بە قازانجی پرسی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان لە ئێراندا تەواو دەبێ. بەم هۆیەیە کە بەشێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامیش خوازیاری بەسترانی ئەو پەروەندەیەن. لە ڕەهەندێکی دیکەوە نیگەرانییەکی ئێران ئەوەیە کە دوای مەسەلەی ناوەکی، مسەلەکانی مافی مرۆڤ و پشتیوانی لە تیرۆریزم، لە دژی ئێران، بەکار بهێنرێن؛ بە قسەی بەشێک لە دەسەڵاتی ئێران، ڕۆژئاوا لەگەڵ خودی سیستم کێشەی هەیە و پرسی ناوەکی تەنیا بیانوویەکە. بەم لێکدانەوەیە، سیناریۆی ڕێککەوتن، لە ڕاستای ئامانجی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دا جێ دەگرێ.

شیمانەی دووهەم ئەوەیە کە ڕێ گرتن لە دەست ڕاگەیشتنی ئێران بە بۆمبی ئەتۆمی، مەبەست و ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەمریکا و ڕۆژئاوایە. بە پێی ئەم بۆچوونە پرسەکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە و ئەگەر مەسەلەی ناوەکی چارەسەر ببێ، فشارەکانیان بۆ سەر ئێران کەمتر دەبێتەوە و بە پێی ئەمەش دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و داپڵۆسین ئاوەڵاتر دەبێ. چۆنییەتیی مامەڵەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ دەوڵەتە سەدە نێوەڕاستەکانی کەنداوی فارس و عەرەبستانی سعوودی سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە.ڕەهەندێکی دیکەی بۆچوونی دووهەم ئەوەیە کە دەکرێ ئێران لە بواری سیاسەتی دەرەکی دا نەرمی بنوێنێ، بەڵام فەزای نێوخۆیی هەروا بە داخراوی بهێڵێتەوە؛ چونکە نەرمی نواندنی بەیەکەوە و لە هەموو بوارەکاندا، لەوانەیە بە قازانجی مانەوەی سیستم نەزانێ.

٢)لە حاڵەتی هاتنەدی سیناریۆی ڕێککەوتن دا، گەمارۆکانی سەر ئێران زۆر کەمتر دەبنەوە و ئەمەش یارمەتی بە بووژانەوەی ئابووریی لاوازی ئێران دەکا و بەم پێیە هەژاریی لە ئێراندا کەم دبێتەوە و ئاستی خۆشبژێویی خەڵک دەچیتە سەر. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە دەڵێن کە هەژاریی، بەناچار نابێتە هۆی ڕاپەڕین و شۆڕشی خەڵک؛ بەڵکوو ئەگەر هەژاریی بە شێوەیەکی یەکجاری و لەنەکاو نەیەتە ئاراوە، دەبێتە هۆی ناچالاکی و پاسیڤیزم و، خەڵک وا سەرقاڵی پەیدا کردنی بژێوی ژیان دەکا کە کەمتر بیر لە سیاسەت و گەشەی سیاسی و کەلتووری بکەنەوە. بە دەربڕینێکی دیکە هەژاریی دەکرێ ببێتە هۆی لە ئەولەوییەت کەوتنی پرسەکانی ئازادی و دێموکراسی. ئەگەر سەرنجی چۆنییەتیی هەڵوێست و مامەڵەی سیاسیی خەڵکی ئێران لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بدەین ئەم مەسەلەیەمان چاکتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

٣)شیمانە دەکرێ چارەسەریی پرسی ناوەکی، پێگەی دەوڵەتی ڕوحانی بەهێزتر بکا. لەم حاڵەتدا ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕوحانی زیاتر بپرژێتە سەر پرسەکانی تایبەت بە سیاسەتی نیوخۆیی و، بە دەستێکی ئاوەڵاترەوە کار بۆ ئەولەوییەتەکانی دیکەی بکا. بەم هۆیەشە کە باڵی بەرامبەر، پێی ناخۆشە ئەم پرسە لە سەر دەستی دەوڵەتی ڕوحانی چارەسەر بکرێ. ڕەوتی ئوسوولگەرای توندڕەو دەیەوێ لە پێگەی دەوڵەتی ڕوحانی بدا و کار بۆ ئەوە دەکا کە خەڵکی لێ بێ هیوا بکا. لەم پێناوەش دا لە بەردەم بەرەوپێش چوونی کارەکانی ڕوحانی دا ئاستەنگی دەنێتەوە و بۆ سەرنەکەوتنی لە جێبەجێ کردنی بەڵێنییەکانی دا هەوڵ دەدا.

چارەسەر بوونی پرسی ناوەکی و، بەم هۆیەشەوە کەم بوونەوەی گیرو گرفتەکانی ئابووریی خەڵک، پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرەی دەوڵەت و ڕەوتی ڕیفۆرمخواز بە نیسبەت ئوسوولگەراکان بەهێزتر دەکا و ئەمەش لەسەر ڕادەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا و دەنگ دانیان بەهەر کام لە باڵەکانی نێو سیستم کاریگەری دەبێ. مەسەلەیەک کە پێناچێ بە قازانجی ڕەوتی ئوسوولگەرای توندڕەو تەواو بێ.

ئەگەر بە پێچەوانەی زۆربەی لێکدانەوە و پێش بینییەکان، دواجار دانوستانەکان شکست بهێنن، دەکرێ بڵێین کە هەموو ئەو کاریگەرییانەی ئاماژەیان پێکرا، پێچەوانە دەبنەوە و ئێران لە سیستمی نێونەتەوەیی دا زیاتر وەتەریک دەکەوێتەوە کە شەرت نییە بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا تەواو بێ.

# سەد ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانیو مەسەلەی کورد



عومەر باڵەکی

شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە ساڵی ١٩١٤ز بە دوای تیرۆری جێنشینی ئیمپڕاتوڕی «ئۆتریش مجارستان» لە وڵاتی «بۆسنی» ڕووی داو لە ماوەیەکی کەموکورتدا تەواوی خاکی ئوروپاو بەشێکی بەرچاو لە ئاسیاو ئەفریقای گرتەوەو چوار ساڵی خایاندو بە پێی هەڵسەنگاندنێک کە کراوە دوو میلیۆن کەس لەو شەڕەدا کوژراوو بێسەروشوێن بوونو بیست میلیۆن کەسی دیکەش نقوستانو بریندار بوونو زیانێکی ماڵی زۆری لێ کەوتەوە کە لە ئەژمار نایە.

لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕ، وڵاتانی سەرکەوتوو لە بەرەکانی شەڕ نەقشەی سیاسی نوێیان بۆ دونیا بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشاو بە دابەشکردنی خاکی ئەو ئیمپڕاتوریەتانەی کە لە شەڕدا تێک شکا بوون بە چەندین وڵاتی دیکە وەک ئەرمەنستان، سووریە، عێراق، ئیسرائیل، عەرەبستان، میسر، سودان، مەغریبو لیبیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوونو سنووری سیاسییان بۆ دەست نیشانکرا. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو وڵاتانە بە پێی بڕگەکانی پەیماننامەی «سیڤەر» دروست بوون کە لەو پەیماننامەیەدا کوردستان لە فەسڵی سێهەم پێش ئەوانە ناوی هاتووەو سنووری جوگرافیایی بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام هەروەکی دیتمانو دەزانین بەشی کوردی لەو پەیماننامەیەدا بە فەرامۆشی سپێردرا. ئەگەر شەڕی یەکەمی جیهانی لە سەرەتاداو کاتی بەڕێوەچوونی شەڕەکەدا نەهامەتیو ماڵوێرانی بۆ مرۆڤایەتی بە دیاری هێنا و دوای شەڕ بوو بە ڕزگاریدەری چەندین نەتەوە لەژێر دەستی ئیمپڕاتوڕیو ئیستعمارگەری کە لەو سەردەمدا باو بوون هەروەکی لە سەرەوە ناوی ئەو دەوڵەتانەمان هێنا کە بە هۆی دابەشکردنی خاکی ئیمپڕاتوری لە دایک بوونو ئەو دەوڵەتو نەتەوانە توانیان دەسەڵاتو حوکمی سیاسی خۆیان دابمەزرێننو پێبەپێی ڕەوتی پێشکەوتنی دنیا لە بواری زانستو زمانو ئابووریو کلتوردا بچنە پێش.

ئەوەی لێرەدا جێگای سرنجو لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە کورد لە هەلومەرجی ئەوکاتدا یا نەیتوانی خۆی بسەلمێنێ یا ڕێی پێ نەدرا، هەر بۆیە لەو کاروانەو هەلە کە هاتبوو پێش وەدوا کەوت. کورد نەک لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا قازانجی نەکرد بەڵکو ئەوەی هەشیبوو لە دەستیدا بە تایبەتی ئەو خاکەی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتوری عوسمانی دابوو بەسەر سێ بەشی دیکەدا دابەشبوو و لەو کاتەوە کوێرەوەریو ماڵوێرانی کورد دەستی پێکرد، چونکە ئەگەر بە هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوە بێت پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی کورد بە تایبەتی ئەو بەشە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی دابوو وەزعی زۆرباشتر بوو لەو کاتەی کە دوای شەڕەکە ئەو ئیمپڕاتوریە دابەش بوو. بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەم کورد وەک نەتەوە دانی پێداهێنرابوو هەرچەند کیانێکی سیاسی یەکپارچە نەبووە بەڵام کوردستان لەلایەن چەندین دەوڵەتو میرنشین بەڕێوە دەچوونو لە ڕاستیدا هیچ سنوورێکی دەستکرد لە نێوان خاکی کوردستان نەبووەو خەڵکی کوردستان بێ هیچ بەربەستێک گەرمێنو کوێستانیان دەکردو خزمایەتیو نزیکایەتی خۆیان پەرەپێدەدا. بەڵام دوای تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی هەرچەند خاکی کوردستان نەکەوتەبووە مەیدانی جەنگی ڕاستەوخۆی لایەنەکانی شەڕ، بەڵام بەهۆی ئەوە بە بەشێک لە خاکی ئیمپڕاتوریەتی عوسمانی مەزەندە دەکرا هەربۆیە لەلایەن بریتانیاو فەرانسەوە داگیرکراو سپای لێ نیشتەجێبوو. لەئاکامدا بەپێی چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتوری عوسمانی وەک ڕێکەوتننامەی «سایکس‌پیکۆ» ١٩١٦- «سیڤەر» ١٩٢٠- «لۆزان» ١٩٢٣ پارچە پارچە کراو و کوردستان بە کردەوە بوو بە چوارپارچەو لێکدابڕاو تەنانەت ئەو دەسەڵاتە ئیدارەییو خۆبەڕێوەبەری کە لە ئیمپڕاتوریەتی عوسمانیدا هەیبوو ئەویشی لەدەستداو لە هیچکام لەو دە وڵەتە تازە دروستکراوو دەستکردەکان ئیزنی ئەوەی پێنەدرا کە بەشداری دەسەڵاتی سیاسیبێو لانیکەم ئیدارەی خۆی بێت. هەر بۆیە کورد لە سەرەتاوە بەو دابەشدابەش کردنەی خاکەکەیو نەتەوەکەی ناڕازی بووەو لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە چەندین شۆڕشی گەورەی بەرپا کردو دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە وە لەرزە خستووەو لەو ماوەیەدا ئیزنیان نەداوە کە دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری سەقامگیر لە کوردستان دابمەزرێنن. هەرچەند ئەو جووڵانەوانە بە گەلە کۆمەکی ناوچەییو زۆرجاران نێودەوڵەتی تێک شکێندراون، بەڵام هێندەی نەخایاندووە کە شۆڕشو جووڵانەوە حەقخوازانەکانی کورد سەری هەڵداوەتەوەو هەتا ئێستاش کە ١٠٠ساڵ بەسەر هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تێپەر دەبێ هەر بەردەوامە.

بەردەوامی شۆڕشو جووڵانەوەکانی کورد بۆ گەیشتن بە مافە زەوت کراوەکانی خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هێزە سەرکەوتووکانی شەڕی یەکەمی جیهانیو داڕێژەرانی پەیماننامەی «سایکس‌پیکۆ» ئەوکات هەڵەیەکی گەورەیان دەرحەق بەکورد کردوە کە نەتەوەیەکی گەورەیان لە بوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بێبەش کردوە. هەر بۆیە هەتا ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ساڵ کە نەقشەی دروست بوونی دەوڵەتانی نوێ بە هۆی پەیماننامەی «سایکس‌پیکۆ» لێ پیادە کراوە نەیتوانیوە سەقامگیرو ئاشتی بەخۆیەوە ببینێ.

کورد دوای شەڕی یەکەمی جیهانی زمانو کلتوری خۆی لێ قەدەغەکرا، لەگەڵ هەر سەرهەڵدانێک بۆ داخوازی مافەکانی بێبەزەیانە قەتلعام کراو تەنانەت کار گەیشتە جێگایەک کە ئەنفالو کیمیاباران کرا، لە زێدو خاکی خۆی هەڵقەندراو بەرەو شوێنی غەریبو دوور لە کوردستان ڕاگوێزرا. دونیای دەرەوە لە سەدەی بیستەمدا خۆی لە ئاستی هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە ئەوان بەسەر کوردیان دا هێنا بوو بێدەنگ و کڕکرد چونکە کورد نە بەشێک بوو لە هەڵگیرسانی شەڕەکەو نە بەشێک بوو لە درێژەپێدانی شەڕەکە، بەڵام هەروەکی گوترا ئەوەی زیانی وێکەوت کورد بووە کە دوای ١٠٠ساڵ تێپەربوون بەسەر دەستپێکی شەڕەکە ئاسەواری هەروا بەزەقی لەسەر کوردو خاکەکەیو تەنانەت فەرهەنگو زمانەکەشی دیارەو بەرچاوە.

لە کۆتاییدا کاتێک دەتوانرێ ئەو ئاسەوارە شوومەی شەڕی یەکەمی جیهانی کە بەسەر کوردی هێناوە لابچێ کە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئێستای دونیاو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕوونیو بە ئاشکرا پێ لەوە بنێن کە ١٠٠ساڵ لەوەی پێش غەدریان لە کورد کردوەو نەقشەی سیاسیو ئیداری «سایکس‌پیکۆ» بێ کورد نەقشەیەکی هەڵەیەو کورد دەبوایەو دەبێ خاوەنی کیانێکی سەربەخۆبێت هەتا ناوچەکە ئاسایشو ئارامش بەخۆیەوە ببینێو لەهەمان کاتدا ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردابەش کراوە دوای ١٠٠ساڵ دەبێ لەوە تێگەیشتبن کە بە ئیدامەی سیاسەتی دژبە کوردیان ناتوانن کورد بکەن بە فارسو تورکو عەرەبو دەبێ کورد بەشداری ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری وڵاتبێو چارەنووسی خۆی لە هەرشێوەو شێوازێک دابێ بەدەستی خۆی بێ.



**کورد لە هەلومەرجی ئەوکاتدا یا نەیتوانی خۆی بسەلمێنێ یا ڕێی پێ نەدرا، هەر بۆیە لەو کاروانەو هەلە کە هاتبوو پێش وەدوا کەوت. کورد نەک لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا قازانجی نەکرد بەڵکو ئەوەی هەشیبوو لە دەستیدا بە تایبەتی ئەو خاکەی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتوری عوسمانی دابوو بەسەر سێ بەشی دیکەدا دابەشبوو**

**بەردەوامی شۆڕشو جووڵانەوەکانی کورد بۆ گەیشتن بە مافە زەوت کراوەکانی خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هێزە سەرکەوتووکانی شەڕی یەکەمی جیهانیو داڕێژەرانی پەیماننامەی «سایکس‌پیکۆ» ئەوکات هەڵەیەکی گەورەیان دەرحەق بەکورد کردوە کە نەتەوەیەکی گەورەیان لە بوونی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بێبەش کردوە**

لە ڕۆژهەڵاتەوە...

## زیندانیانی چالاک لە کۆمەڵگایەکی بێدەنگ!



خالید محەممەدزادە

کاتی خۆی مەرحوم ئەحمەدی موفتیزادە دوای ئازادکرانی لە زیندان، بە فەرمی دەست لە کار کێشانەوەی خوی لە کاری سیاسی ڕاگەیاندو داواشی لە پەیڕەوانی خۆی کرد کاری سیاسی نەکەن کە تا ئێستاش کاری سیاسی ناکەن!. ئەم کارەی موفتیزادە ئەگەرچی ڕەخنەی زۆری هێنایەوە سەر خویو ڕێکخراوەکەی، بەڵام ئەمرۆ تەنیا لایەنگرانی ئەم پیاوە نین کە کاری سیاسی ناکەن، زیاد لە تویژو زیاد لە ریکخراوو... زیاد لە خەڵکێک هەن کە کاری سیاسیەیان وەلا ناوەو نایانەوێ باجی چالاکیی سیاسی بدەنو تووشی چارەنووسی ئەو سەدان هاوڵاتییە سیاسیەی بن کە لە (٣٠) ساڵی رابردوودا تووشی بوون. چالاکییەکان لە ئێرانی ئێستادا زیاتر گواستراونەتەوە بۆ حەوزەی کەلتوری، کۆمەلایەتیو ژینگە پارێزیو.... دوور لە حەوزەی سیاسی.

ئەوانەی لە ئێستادا کاری سیاسی دەکەن، یا راونراون بۆ تاراوگە یا پالپێوە نراون بۆ زیندان، لە ئێستادا ئێران، تەنیا ولاتێکە کە چالاکی سیاسی تیادا ئەنجام نادریت. چالاکیی سیاسیو درێژەدانی گواستراتەوە بۆ نێو زیندانو زیندانیانی سیاسیو ئەوکەسانەی بە تۆمەتی سیاسی لە زیندان دان. ئەمەش وایکردوە پرۆسەی کاری سیاسی لە دابەزینی بەردەوامدا بێت تا ئاستی نەمانیو تا پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی خاڵی لە خواستی سیاسیو جووڵەی سیاسی. بە جۆرێک کە ئێستا حکومەت حاشا لەوە دەکات خەڵک خواستی سیاسی جیاوازیان لە خواستی حکوومەتی هەبێتو گیراوی سیاسیان هەبێت. بە سەرنجدان بە دابەزینی ئاستی کاری سیاسی تا نەبوونی، بەشێک لە بیروڕای گشتی ئیرانیش باوەڕیان بەو لێدوانەی سیستم هێناوە کە لە ئێران ئەوەی هەیە زیندانی سیاسی نیە، بەڵکوو گیراوانی کێشە کۆمەڵایەتییەکانن!

لەم ساڵانەی دوایی، زۆرترین سەرنجی میدیا لە سەر زیندانیانی سیاسی بە هۆی کارو چالاکییەکانیان بووە، لەم ناوە زیندانیان سیاسیی کورد زۆرترین وەدەنگ هاتنیان لێ بیستراوە. وەدنگ هاتنی محەمەد سەدیق کەبودوەند، شێرکو مەعاریفی، فەرزاد کەمانگەرو ئیحسان فەتاحیو کەماڵ شەریفیو.... دەیان زیندانی سیاسیی کورد تا ئاستی چالاکی بۆ پشتگیری لە پرسەکانی کورد لە دەرەوەی زیندان، لەو ساڵانە زیندوترین چالاکی ئەم کۆمەلگایە بوون.

ئەوەی لە زیندانیانی سیاسی دەبینرێت ئازایەتییە لە زیندان، ئەمەش وایکردوە زۆر کەس، گیراوان بە ئازادتر بزانن لە هاوڵاتیانی دەرەوەی زیندانەکان. ئەم قسە راستییەکی تیدایە چونکە ئەو ئازایەتیەی گیراوان هەیانە، ئازادبووەکانی دەرەوەی زیندان نیانە لە کاری سیاسی. هەر ئەمەش وایکردوە میدیای ئێرانی ئەوەندە چالاکی گیراوانی سیاسی بڵاو دەکاتەوە بە هەمان رادەش خاڵییە لە بڵاوکردنەوەی چالاکیی سیاسی ئەوانەی لە دەرەوەی زیندان دان!

لە ژێر ئەم تەوژمە لە بیرکردنەوەیە سەبارەت بە چالاکی سیاسی لە ئێستادا زیندانیانی سیاسی لە پرۆسەی سیاسی ویشکێندراو، زۆرترین روانینیان لە سەرە، ئەوان نەک هەر دەبێت لە باجدانیکی بەردەوام دا بن، دەبێت زیندوکردنەوەی ئەم کەرتەش بن کە حکوومەت کار لە سەر ویشکاندنی دەکات.

لەم ناوەدا زیندانیانی سیاسیی کورد لە گەل ئەوەی زۆرترین سانسۆری هەواڵیان لە سەرەو بە زۆر تۆمەتی لابەلا تا دژایەتی لە گهڵ خودا لە زیندان خراون کە لە نێو زیندانیانی سیاسی ئێران تویژیکی زیندووو چالاکی ئەم کۆمەڵگایەن. تویژیک ئەگەرچی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەلگادا لاڵبوونێکی گەورەی بەرهەمهێناوە، بەڵام نەیتوانیوە خواستو چالاکیی زیندانیانی سیاسی دابمرکێنێتەوە کە ئەمەش ملنەدانە بە سیستمیک کە کار لە سەر پەرەپێدانی بێدەنگیو لاڵبون لە کۆمەڵگا دەکاتو سەرکەوتووش بووە لە خاڵیکردنەوەی کۆمەڵگا لە خواستی سیاسی.

نموونەی دواییش لەم چالاکیانە کەمال شەریفیو زیاتر لە بیست زیندانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی باشووری ئێران بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەک پشتگیری خۆیان بۆ شاری کۆبانێو مەحکوومکردنی هێرشی داعش بۆ سەر ئەم شارە دەربری. شەریفیو هاورێیەکانی بە بەرزکردنەوەی دروشمی«نەسرەوتن تا سەرکەوتن»و» رۆژهەڵات یەکبگرن»و ئاگرتیپەردانی ئالای داعش لە زیندانو بە میدیایی کردنی لە نێوخۆی زیندانەوە پێمان دەڵێن ئەوان زیندوونو تەسلیمی ئەم فەزا نوستووە نەبوون کە باڵی بە سەر وڵات دا کیشاوە.

لە ئێستای زیندانەکانی ئێرانو بە پێی ئاماری چالاکانی مافی مرۆڤ لە سەدا (٤٠)ی زیندانیانی سیاسیی ئێران کوردن، لەو ریژەیە(٥٢) زیندانی سیاسیی کورد سزای ئێعدامیان بۆ براوەتەوە، زیاتر لە ١٠٠ زیندانی لە سیدارە دراون. (٣٠) زیندانیی سیاسی سزای هەتا هەتاییان بۆیان براوەتەوە. (٤٠) زیندانیی کورد توشی نەخۆشیی دریژماوەی بێچارەسەر هاتوون. لە هەموو زیندانەکانی ئێران زیندانیی سیاسیی کوردی لێیە.

## د.ئەحمەد ئابڵاخی:

# زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و دەتوانێ خۆی لەبەکار هێنانی وشەی نامۆ بپارێزرێت

بەشی یەکەم

ئا: مادح ئەحمەدی

ئـامـاژە: ئـەزمـوونـی وەرگـێـڕان لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک کەندوکۆسپ بەرەوڕووویە. هەر کەس لە روانگەیەکەوە دەڕوانێتە کەندوکۆسپەکان و خوێندنەوەیان بۆ دەکـات. ڕەنگە کۆی روانگەکان بتوانن یارمەتیدەر بن لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەی پێویست بۆ کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان. ئەوەی لە کوردستان لە پانتای وەرگێڕان و زماندا دەبینرێ لە ڕووی مەعریفییەوە کاریگەریی نەرێنیی دانـاوە و ئاڵۆزییەکی دروسـت کـردوە کە زۆر کـەس پێیان وایە ئـەم ئـاڵـۆزیـیـە سروشتییە و بێژنگی ڕۆژگار بەرهەمە خراپەکان ئەخاتە لاوە و بەرهەمە ناوازە و باشەکانیش بۆ هەمیشە ئەمێننەوە. بەپێچەوانەی ئـەم بۆچوونە کەسانێکیش پێیان وایە ئەم دۆخە بەرهەمی بێسەروبەرەیی و بێ پلانییە و لایەنە پێوەندیدارەکان بە بەرپرسیار دەزانـن. لە پێوەندیی لەگەڵ گرفتەکانی بـواری زمان و وەرگـێـڕان لە کوردستان پێویستە ئەو کەسانەی لـەو مەیدانەدا ئەزموونێکیان هەیە، قسەیان لەگەڵ بکرێ و لە ئەنجامی ئەم قسەو باسانەدا بەرەو ئەو ئاراستەیە بچین کـە کەموکوڕییەکان و گرفتەکان زیاتر بناسین و بە بەرچاڕوونی زیاترەوە هەوڵ بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنیان بدەین. دوکتۆر ئەحمەد ئابڵاخی جگە لە ئەزموونی نووسین لە بواری وەرگێڕانیشدا ئەزموونی هەیە و چەند بەرهەمێکی کردووە بە کوردی کە شانۆنامە و چیرۆک و هەروەها چەند بەرهەمێکی دیکە لە بواری هزری چەپدا، لە خۆ دەگرێ. بۆیە لە پێوەندیی لەگەڵ زمان و وەرگێڕان و ئەزموونی وەرگێڕان، ناوبراومان دواندووە.

«ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی» ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە و دواتر چووتە بەغدا و لە زانکۆی ئەوێ درێژەی بە خوێندن داوە. هەروەها لە لۆبنان لە ژمێریاریدا دوکتۆرای وەرگرتووە. د.ئەحمەد ئابڵاخی جگە لە زمانی کوردی، شارەزایی لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیشدا هەیە و چەند بەرهەمێکی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و وەک نووسینیش خاوەن چەند کتێبە. سەرجەم بەرهەمە نووسراو و وەرگێڕاوەکانی ناوبراو بریتین لە: وەرگـێـڕان: ١ـ لە چاوەڕوانی گـۆدۆدا ـ شانۆگەری ـ نووسینی: سامویل بکێت، ٢ـ مرۆڤە ترسناکەکان، کۆمەڵەی چیرۆک، نووسینی: چیرۆک نووسی سووری « یاسین روفاعیە «، ٣ـ نامەیەک بۆ هاوڕێ، نووسینی: لینین، ٤ـ ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵدا، نووسینی: لینین، ٥ـ ئەلف و بێ کۆمۆنیستی، نووسینی: برژنسکی، ٦ـ بەرەو هەڵسانەوەیەکی سەرلەنوێ چەپ، نووسینی: کەریم مروە. نووسین: ١ـ بەهار و نێرگز و چاوەکانت ـ کۆمەڵە شێعر، ٢ـ لێکۆڵینەوەیەک دەربـــارەی خـیـام ـ لێکۆڵینەوە، ٣ـ تەبایی، شانۆنامە

**پرسیار: بەڕێزت چەند بەرهەمێکت لە بواری جیا جیادا کردووە بە کوردی. وەک دەسپێکی باسەکە، بۆ دەست دایە وەرگێڕانی ئەو دەقگەلە؟ یان بۆ ڕووت لە وەرگێڕان کرد؟**

**د.ئەحمد ئابڵاخی:** من لـە سـەرەتـای گەنجییەوە دەستم بە خوێندنەوە کـردووە. هەستم بەوە کـردووە کە عـەرەب ئەرشیڤێکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە. هەندێک سەرچاوە هەن کە بە ئاسانی دەست خوێنەری کورد ناکەون. لە لایەک ویستوومە سوود بە خوێنەری کورد بگەیەنم کە هەندێکیان لە خوێندنەوەی عەرەبیدا ســوود وەرنـاگـرن و لـە لایـەکـی تـریـشـەوە ویستوومە کتێبخانەی کـوردی بـەو بابەتانە دەوڵەمەند بکەم. ئەمەش ئەرکێکی گـەورەی سەرشانی هـەر نووسەرێکە کە خەمخۆری ڕۆشنبیری میلەتەکەی بێت. من تەنیا ئەتوانم لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سـەر زمانی کوردی وەرگێڕان بکەم. هیوادارم ئەو نووسەرانەی کە زمانەکانی دیکە (وەک: فارسی، ئینگلیزی و ...) ئەزانن و ئەو لێکۆڵینەوە و بەرهەمە فکریی و ئەدەبیانەی بەلایانەوە ناوازەیە و خزمەت بە خوێنەری کوردی و کتێبخانەی کوردی ئەکات بیگۆڕن بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی،

**پـرسـیـار: بـۆ وەرگـێـڕان نـەبـووە کـاری سـەرەکـی بەڕێزت؟ واتـە لە باتی ئەوەی لـەلای کارەکانی دیکەتدا ( لە بوارەکانی دیکەدا)، ناوە ناوە بە کاری وەرگێڕانەوە سەرقاڵ بیت، لە لای وەرگێڕاندا جاروبار کاری دیکەت کردبایە؟**

**د.ئـەحـمـد ئـابـڵاخـی:** مـن سـەرەتـا بە وەرگێڕان دەستم پێ نەکردووە، سەرەتای لاویم وەک هەر لاوێک کە موراهیقانە عاشق ئەبێ و موراهیقانە سیاسی ئەبێ و لە ژێر کاریگەریی ئەو شێعرانەدا ئەبێ کە ئەیخوێنێتەوە و ئەبێ بە شاعیر، منیش وا دەسـتم پێ کـردووە و شێعرم ئەنووسی، بەڵام بڵاوم نەئەکردنەوە. دواتر یەکەم بەرهەمم لە یەکێک لە ژمارەکانی ساڵی یەکەمی «هـاوکـاری»دا بڵاوبووە، واتە سـەرەتـای حەفتاکانی سـەدەی رابـردوو کە نووسینێکی سیاسی و هـزری بـوو. ئەو کات وەک چەپێکی تـووڕە و هـەڵچوو ئەمنووسی. دواتر کۆمەڵێک لە شێعرەکانم لە ساڵی ١٩٧٦ بە ناوی «بەهار و نێرگز و چاوەکانت» بەچاپ گەیاند. لە پاڵ ئـەوەشـدا هـەوڵی لێکۆڵینەوەم ئـەدا و دەستم بۆ شتی گران ئەبرد. کتێبێکم چاپ کرد بە نـاوی «لێکۆڵینەوەیەک لەسـەر خیام لـەبـەر ڕۆشـنـایـی هـۆنـراوەکـانـیـدا»، کە لێکۆڵینەوەیەک بو دەربـارەی فکریی خیام و هونەری خیام لە بەر ڕۆشنایی شێعرەکانیدا.

ئەمە کاتێک بوو کە من هێشتا قوتابی بووم. ئـەو سـەردەمـە لێکۆڵینەوە و دەم کوتـان لە بونیادگەریی و فەلسەفەی بێ هـوودەیی لە ئـارادا بوو، منیش «لە چاوەڕوانی گۆدۆدا»م خوێندبووەوە کە شانۆنامەیەکی بێ هوودەیی بوو لە ڕوانگەی ناماقوڵەوە سەرچاوەی ئەگرت، بۆیە بە پێویستم زانی وەریگێڕمەوە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەو شانۆنامەیە دەقێکی زۆر نایاب بوو، هەروەها لە پێشەکییەکەیدا بیروڕای خۆم دەربڕی و هەندێک تیشکیشم خستە سەر دەقەکە و بیروباوەڕی نووسەرەکەی(سامۆئێل بێکت). هەر ئەو دەمە کۆڕێکم دەربارەی ئەدەب و فەلسەفە گرت و لەوێدا پێوەندییەکانی ئەدەب بە فەلسەفەوە و ئـامـاژە کـردن بە ئەدەبێکی دروست و فەلسەفەیەکی دروست بە گوێرەی فکری خـۆم وەک مارکسیستێک، بۆچونی خۆم دەربڕی کە لەو کۆڕەدا مارکسیستەکان زۆر لەسەرم بە وەڵام هاتن لە بەرانبەر ئەو بـەرپـەرچـانـەی کـە تـووشـی بـووم لـە لایـەن ئـەوانـەوە کـە خـاوەنـی فکریی بونیادگەرایی بوون. لەوانە «محەمەد کمال» (ئێستا دکتورای هەیە) و «فوئاد عەبدوالڕەحمان» و «ئەمجەد» کە تەنیا سێ کەسی شـارەزا بوون ئەو دەمە لەو بوارەدا. دواتر هەر لە بواری ڕەخنە گرتن و لێکۆلینەوەدا زۆر نووسینم بـڵاو کـردەوە دەربـارەی چیرۆک و شانۆ و شێعر کە ئەو دەمـانـە هـەمـوویـان بایەخی تایبەتی خۆیان هەبوو. هەر ئەو نووسینانەش زیاتر منی وەک چەپێک ناساند. لە پاڵ ئەمانەشدا ئەو دەقانەی کە سەرنجی ڕائەکێشام لە عەرەبییەوە ئەمگۆڕی بۆ کوردی، لەبەر ئەوە وەرگێڕان بووە کاری دووەمم نەک یەکەم.

**پرسیار: ئەو چەند دەقەی کە کردووتانە بە کـوردی، بوارەکانیان جیاوازن. دەقی شانۆیی، چیرۆک و هزری چەپی تێ دایە. بۆ لەسەر یەک بـواری دیـاری کـراو کارت نەکردووە؟ پێت وانییە بەو شێوەیە دەتوانی سەرکەوتوو تربی؟**

**د.ئەحمد ئابڵاخی:** هەموو نووسەرێک لە پـاڵ نووسیندا بێگومان ئەبێ خوێنەرێکی باشیش بێت، دەنا نابێتە نووسەرێکی خاوەن زەمینەیەکی فکریی و ئەرشیڤێکی ڕۆشنبیری. هەر لەو کاتی خوێندنەوەیەدا هەندێک بەرهەم سـەرنـج ڕائـەکـێـشـێ وهـەسـت ئـەکـەیـت کە خوێنەرانی تریش پێویستە لێی ئاگادار بن و کتێبخانەی کـوردی لـێ بێبەش نەبێت، بۆیە هەوڵ ئەدات بیگۆڕێ بۆ سەر زمانەکەی خۆی، لەبەر ئەوە (وەک لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ دا) من بە پلەی یەک وەرگێڕ نیم، بەڵکو نووسـەرم، بـەڵام ئـەو بەرهـەمانەی کە سەرنجیان ڕاکێشاوم هەوڵم داوە بیانگۆڕم بۆ سەر زمانەکەی خۆم. هەرچەندە ئەوەی کە گۆڕیومە یەک لەسەر سەدی ئەو بەرهەمانە نین کە خۆم پێیان سەر سام بووم و حەزم کردووە بیانگۆڕم بۆ کـوردی. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەرگێڕان وەک تایبەتمەندی ئەدەبی و پیشە کاری سەرەکیم نەبووە. بۆ نموونە یەکێک لەو بەرهەمانەی کە نزیکەی ٢٥ ساڵ لەمەو بـەر خوێندوومەتەوە و ئـاواتـم وابـوو بیکەم بە کووردی « ذکريات فی منزل الأموات «ی «داستیوفسکی»یە کە پێی نەوێرام، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە مامۆستا «حەمە کەریم عارف» کردی بە کوردی. دیارە ئەویش وەک من کاری وەرگێڕان تایبەتمەندی یەکەمی نییە و چیرۆک نووسێکی دیارە. بێگومان ئەویش ئەو شاکارە سـەرنـجـی ڕاکـێـشـاوە، بـۆیـە خـۆی لەگەڵیدا مـانـدوو کـردووە و کـردوویـەتـی بـە کـوردی. ئەمانە نموونەیەکی کەمن و دەیـان کەس لەم بـوارەی ئێمەدا پـەل بۆ چەند بـواری جیاواز ئەکێشن. هەیە شاعیریشە و چیرۆک نووسیشە. «شـێـرکـۆ بـێـکـەس» وەک شاعیر نـاسـراوە، بـەڵام وەرگێڕانیشی هـەیـە و شانۆنامەشی نـووسـیـوە و دەیـان نـمـوونـەی دیـکـە. مـن بۆ خۆم شێعرم نووسیوە و ڕەخنەی شێعریشم گـرتـووە، چیرۆکم نـووسـیـوە و چیرۆکیشم وەرگێڕاوەتەوە. لەسەر شانۆگەریشم نووسیوە و شانۆنامەشم نـووسـیـوە و شانۆنامەشم وەرگێڕاوەتەوە. لێکۆڵینەوەی سیاسیم نووسیوە و باسی سیاسیشم وەرگێڕاوەتەوە. وەک وتم ئێمە وەک کـورد کـەسـی تایبەتمەندمان زۆر کەمە کە تەنیا لە یەک بواردا خەریک بێت.



**پرسیار: هەم چیرۆک و هەم شانۆنامە تان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. ئایا وەرگێڕانی دەقێکی شانۆیی جیاوازی هەیە لەگەڵ وەرگێڕانی چیرۆکێکدا؟**

**د.ئـەحـمـد ئـابـڵاخـی:** وەرگـێـڕ ئـەگـەر سەرکەوتوو بێت لە زمانەکەیدا چ ئەو زمانەی لێوەی وەرئـەگـێـڕێ و چ ئـەو زمـانـەی بۆی وەرئەگێڕێ، ئەو جیاوازیە زۆر گەورە نابێت، بەڵام بە ڕای من وەرگێڕێکی باش ئەگەر خۆی باکگراوندی شێعری هەبێ، واتـە شاعیر بێ، شێعرێک باشتر وەرئەگێڕیت لە وەرگێڕێکی دیکە کـە شاعیر نییە، چونکە شێعریەت و بنەماکانی شێعر لە وەرگێڕانەکەیدا پەیڕەو ئـەکـات. مـن بۆ خـۆم کـە چیرۆکم نووسیوە و شانۆنامەشم نووسیوە هەرچەند زۆر بە کەمی و لەیەک دوو یەک تێپەڕ ناکات، بەڵام کە چیرۆکێکم وەرگـێـڕاوە، یا شانۆنامەیەکم وەرگێڕاوە هەندێک جیاوازم کردووە. لەوانە، دیالۆگەکان و بەرەوڕوو کردنەوەی قسەکان لە شانۆنامەیەکدا جیاوازی هەیە لە دیالۆگەکانی ناو چیرۆکێک. خۆت ئەزانی زمانی ئاخاوتن و نووسین لە کوردیشدا وەک زمانەکانی دیکە هەندێک جیاوازی هەیە. دیالۆگی ناو چیرۆک بە زمانی نووسین ئەنووسرێ و سەد لە سەد زمانێکی ئەدەبی هەیە، بەڵام شانۆنامە زیاتر بـە زمـانـی ئاخاوتن و شـەعبی ئەنووسرێت. جگە لەوەش هەندێک ئیمائات هەیە کە دەکرێ لـە چیرۆکێکدا بە نووسین دەربـبـڕێ، بـەڵام لەشانۆدا بە جووڵە و دەموچاو دەرئەبڕرێت.

**پرسیار: چەند بەرهەمتان لە بـواری هزری چەپدا وەرگێڕاوەتەوە. ئایا وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە پەیوەندی بەوەوە نییە کە بۆ خۆتان باکگراوندێکی چەپتان هەیە و ئێستاش هەر باوەڕتان بە هزری چەپ و مارکسیزم ـ لینینیزم هەیە؟**

**د.ئەحمد ئابڵاخی:** مارکسیزم و لینینزم ئەو سەرچاوانەن کە لە سەرەتاوە منی پەلکێش کردووە بۆ گەڕانی زیاتر و قوڵبونەوەی زیاتر و پـەروەردە بوونیش بەو فەلسەفە و ڕێبازە. مارکسیزم و لینینزم لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە مرۆڤ دەوڵەمەندتر ئەکات و ئەیکاتە خاوەنی باکگراوندێکی بـاش بۆ بـەرەنـگـاربـوونـەوەی کۆنپارێزی و مەزهەبی و سەلەفیەت. ئەگەر کەسێک وا دەستی پێکرد بێگومان مەگەر لێی حاڵی نەبووبێ، ئەگینا وەرناگێڕێتەوە. هەر ئەمەش وات لێ ئەکات کە چـەپ هەڵبژێری، چەپ بوون پێوەندیی بە باری دارایی تاکەوە نییە، بەڵکو بەڕای من هەر وەک لە پێشەکی دوا وەرگێڕانمدا (کتێبی «بـەرەو هەستانەوەیەکی سـەر لە نوێی چـەپ») ئامـاژەم پێ کـردووە، هەرکەسێک هەست بە چەوساندنەوە بکات لە ڕووی فکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و هەرشێوازێکی دیکەی چەوساندنەوە، هەستێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ گۆڕین و نوێ بوونەوە و وەستانەوە دژی چەقبەستوویی کۆمەڵایەتی و شارستانی تێدا خولقا بوو، ئەوا ئەو کەسە چەپە، بۆیە هەر چەپم و هەر چەپیش ئەبم و دەستبردنم بۆ وەرگێڕان یان نووسینی هەر بابەتێکیش هـەر لـەوەوە سـەرچاوە ئەگرێت. ئەو بەرهەمانەش کە لە بـواری هـزری چەپدا وەرمگێڕاون بریتین: ١ـ نامەیەک بۆ هاوڕێ ـ نـووسـیـنـی: لینین، ٢ ـ ڕۆڵـی ئـافـرەت لە کۆمەڵدا ـ نووسینی: لینین، ٣ ـ ئەلف و بێ ی کۆمۆنیستی ـ نووسینی: برژنسکی و ٤ ـ بەرەو هەستانەوەیەکی سەر لە نوێی چەپ ـ نووسینی: کەریم مروە

هەندێک کتێبی تریشم وەرگێڕاوە کە بابەتی ئەدەبین، بەڵام ئەوانیش هەر لە خزمەتی ئەو هێڵە فکرییەی خۆمدان.

**پـرسـیـار: بیری چـەپ لـە کوردستان ڕابردوویەکی هەیە و بەتایبەتی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەر کەسایەتییەکی سیاسی و چالاکوانێک و... چەپ نەبوایە و باوەڕی بە مارکسیزم و لینیزم نەبووایە، ئەوا وەک کەسێکی دواکەوتوو سەیر دەکرا، کاریگەریی ئەم فەزایە لەسەر زمان و نووسین و ئەدەبی کوردی بەتەواوەتی دیارە، بە لەبەر چاو گرتنی ئەم پێشینەیە، زمانی کوردی چەندە بە دەستەوەیە بۆ وەرگێڕانی دەقێک لە بواری بیری چەپدا؟ ئایا لە وەرگێڕانی تێرم و زاراوەکاندا هیچ تووشی گرفت نەبوون و هاوتاکانی هەندێ تێرم و زاراوە بە ئاسانی لە زمانی کوردیدا دەست دەکەون؟**

**د.ئەحمد ئابڵاخی:** ڕاسـتـە بیری چەپ لـە کـوردسـتـان ڕابـردوویـەکـی باشی هەیە و ئەگەرچی ئێوە بە نموونە باسی حەفتاکانی سەدەی رابردووتان کرد، بەڵام من ئەڵێم لەوەو پێشتریش گوتاری چەپ لە کوردستاندا هەبووە و لە حەفتاکاندا زیاتر جووڵایەوە و بەداخەوە بە هیچ نەبوو و گەشەی نەکرد. ناسیۆنالیزمی کوردی و حیزبە نەتەوەییەکان ڕۆلێکی کاریگەر و جـەرگـبـڕیـان بینی بـۆ داپـڵـۆسـینـی بیری مارکسیزم ـ لینینیزم لە کوردستاندا. ئەگەر چەمکی چەپ و شۆڕشگێریی چەوساوەکان پێوەر بێ، ئەبوو ئەوان لە دژی بیری چەپ وایان نەکردبایە، چونکە خۆشیان لە حساباتی چەپدان و چەوساوەن ومافە نەتەوایەتی و چینایەتی و شارستانی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانیان هـەمـووی لـە لایـەن شۆڤینزمی عـەرەبـەوە زەوت کـرا بـوو. دەبـوو وەک هاوپەیمان و دۆسـت و هـاو خـەبـات لـەو حیزب و گروپە مارکسی و چەپانە بڕوانن. بەداخەوە وا نەبوو، دژایەتییەکەیان هـەر بـەوەوە نەوەستا کە لە کوردستاندا پڕوپاگەندەی ئەوەیان بۆ بکەن کە ئەمانە باوەڕیان بە خوا نییە و کافرن و سێکس و ئەو شتانە لایان موباحە، تا گەشتنە ئەوەی وایـان بۆ بڵاوکردنەوە کە گوایە لە خوشکی خۆشیـان لانـــادەن چونکە بێ دینـن و ئـەو شتانەیان بەلاوە ئاساییە. هەر وەک دەزانن لە گۆمەڵگەی کوردیدا کە کۆمەڵگایەکی موسڵمانە (لە ئاستێکی ڕۆشنبیری دیـاری کـراودا) زوو بـاوەڕ بەو شتانە ئەکەن و ئەمەش گورزێکی جەرگبڕی لە بیری چەپدا و بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین سەیری چەپ بکەن. تەنیا بەوەش نەوەستان و کوشت و بڕی چەپەکانیان کردن و بە چەک بەرەنگاریان ئـەبـوونـەوە و لێیانیان ئـەدان و سـەرکوتیان ئەکردن. چەپەکان و گروپە مارکسیستەکانیش نە لـەڕووی سەربازیەوە توانای بەرەنگاریان هەبوو و نە لـەڕووی تیۆریشەوە. نە ئەوەندە بە دەسـت بـوون و نە خـاوەن جەماوەرێکی وابـوون کـە بتوانن بـە پراکتیک و هەڵمەتی فراوان بەرپەرچی ئەو پڕوپاگەندانەی دژیان ئەکرا، بدەنەوە. ئەمە لەناو رای گشتی خەڵک و لادێیەکانی لانکەی شۆڕش و بەرگریدا وا بوو. لە شارەکانیشدا ڕێژێم دژی ئەو بیر و بـاوەڕە بـوو. جـاری وابـووە لەسـەر کتێبێکی مارکسی خەڵک گیراوە و ئەشکەنجە دراوە و سزای بۆ بڕاوەتەوە، بەڵام بەخۆشییەوە لەناو ڕۆشنبیراندا کەسانی مارکسی بە ڕۆشنبیر و قسەزان ناسراو بوون و قسەیان برەوی بوو.

بەشی دووەمـی ئـەم پرسیارە کە باسی بیری چەپ و مارکسیزم بوو، ڕنگە ئەوەندە پێوەندیی بە بەشی یەکەمەوە نەبێت. بەشی دووەم پێوەندیی بە زمانەوە هەیە. کۆمەڵێک زمـانـزان و وەرگـێـڕی زۆر باشمان هەیە کە مارکسیست و یان چەپیش نین. زمانی کوردی زمانێکی پاراوە بۆ وەرگێڕان و دەتوانێ خۆی لەبەکار هێنانی وشـەی نامۆی وەک عەرەبی و فارسی بپارێزرێت. بێگومان نەک هەر زمانی کـوردی، بەڵکو زمانەکانی دیکـەش خاوەنی

**مـارکـسـیـزم و لـیـنـیـنـزم لـە ڕووی ڕۆشـنـبـیـریـیـەوە مـرۆڤ دەوڵـەمـەنـدتـر ئـەکـات و ئـەیـکـاتـە خـاوەنـی بـاکـگـراونـدێـکـی بـاش بـۆ بـەرەنـگـاربـوونـەوەی کـۆنـپـارێـزی و مەزهەبی و سەلەفیەت**

ئـەو زاراوە تـازانـە نین کە بە زمانی میلەتی داهێنەر هاتوونەتە کایەوە. بۆ وێنە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و فەلسەفە، زاراوەیەکی وەک ئەوەی من ئێستا بەکارم هێنا (تەکنەلۆژیا) یان زاراوەی «هێرمۆنیکا» و زۆری تر لەو بابەتانە. دەکرێ هاو واتا بۆ ئەم وشانە دابنرێ و زۆر جاریش ڕوویـداوە بەرانبەر ئەو چەمکگەلە وشەیەک داتـاشـراوە یا بەچەند وشـەیـەک گوزارشتی لێ کـراوە، بـەڵام ڕەنگە هەر پڕاوپڕی زاراوە بیانییەکەی نەگرتبێتەوە. ئەمەش عەیب نییە بۆ زمانەکە و بۆ نووسەرە وەرگێڕەکانیش، چونکە کانگای سەرهەڵدانی ئەو زاراوانە پێوەندیی بە وڵات و زمان و گەلێکەوە هەیە کە داهێنەری ئەو بابەتەن و هێشتا لای ئێمە نامۆیە.

# فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم

## بەشی یەکەم



ڕۆئیا تلوعی

نەتەوەخوازیی کوردی وەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکە پێکهاتە و مەیدانێکی پیاوانەیە، بەڵام ژنانی کوردیش بەرهەمهێنەرەوەی بوون و هەن. هەوڵی لایەنە چەپەکانیش بۆ نەهێشتنی ناسیۆنالیزمی کوردی بەکردەوە کارێکی بۆ نەکراوە و هەنووکەش ئەم هەستی نەتەوەخوازییەی کوردی توانای کۆکردنەوەی بیروراڕی نزیک بە تەواوی کوردەکانی هەیە. لە شەڕی ئەم دواییانەی کۆبانێ ڕەهەندی نەتەوەخوازیی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی شەپۆلێکی گەورە لە پشتیوانیی کوردەکان بۆ کۆبانێ وەڕێ بخرێ و ئەم شەپۆلە تەنانەت چەپەکانیشی ڕەگەڵ خۆی داوە. چاونوقاندن و بەژێستی شێوە ڕۆشنبیرانەی چەپ، بۆ نکۆڵی کردن لە ناسیۆنالیزم چ دەسکەوتێکی نابێ و تەنیا حاشاکردن لە واقعییەتی دۆخەکە و خۆفریودانە. بە بڕوای من فێمینیستە کوردەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی ناسیۆنالیزمی کوردی، دەبێ هەموو توانای خۆیان بۆ جوان کردن و سڕینەوەی توندوتیژی، دەسەڵات پەرستیی و هەڵاواردنە پیاوسالارییەکان لە ناسیۆنالیزم وەگەڕ بخەن و سیمایەکی نەرم، مرۆیی و لۆژیکی پێببەخشن. لەڕاستیدا نیشاندانی وێرژنێکی ژنانە لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە جیهانی توندوتیژی ئەمرۆیی پێویستە. وێرژنێک کە یەکلایەنە، بێدەنگ و خۆپەرستانە نیە و شوێنەوارەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و جیهانییەکان لەبەرچاو دەگرێ.

### ئاشتیی نێوان فێمینیزم و ناسیۆنالیزم لە نەتەوەیەکی بێدەوڵەت: فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم

پێم خۆشە بە وردبینییەکی تەواوەوە زاراوەی «فێمینیزەکردنی ناسیۆنالیزم» هەڵبژێرم نەک «ناسیۆنالیزەکردنی فێمینیزم» چونکە ئەم دوانە بە هاوواتای یەک و وەک پەرچەکردارێکی شیمیایی دوولایەنە نابینم کە یەکێکیان توانای بوون بەوەی دیکەی هەیە و بەپێچەوانەوە. وەک فێمینیستێکی کورد پێم وایە ئەگەر هەرکام لەو وڵاتانەی بەشێکی کوردستانیان لەژێردەست دایە، تەواوی مافەکانی ژن و یەکسانیی ژن و پیاو بەرنە قۆناغی پراکتیکیەوە بەڵام خەڵکی کورد هەروا لەژێر ستەمدا بن و لە مافە سیاسیی و مەدەنییەکانیان بێبەش بن، ژنی کورد ئازاد نەبووە. لەلایەکیترەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بە مافەکانیان بگەن بەڵام یەکسانیی ڕەگەزیی دەستەبەر نەبێ، یاساکانی دژە ژن هەروا لەجێی خۆیان بن و ژنان هەروا لەژێر هەڵاواردن و توندوتیژیدا بن، ژنی کورد ئازاد نیە. هەر لەم ڕوانگەوە پێم خۆشە قسە لەسەر «پێناسەیەکی ژنانە لە ناسیۆنالیزمی کوردی» و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ فێمینیزم بکەم چونکە ناسیۆنالیزم و سیاسەت لە کۆمەڵگەی کوردی هەروەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش هەمیشە ئامادەی گڕگرتنە. ڕاست بەم هۆیەوە فێمینیزمی کوردی ناتوانێ خۆی لە سیاسەت، بزووتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەرباز بکا یان سەبارەت بە کێشە سیاسییەکانی کورد کەمتەرخەم بێ و تەنیا خۆی لە هەوڵادان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی دوور لە قەومییەت و نەتەوایەتی کورت بکاتەوە.

ناسیۆنالیزم جۆرێک وشیاریی بەکۆمەڵە، واتە وشیاربوون بە ئینتیما بۆ نەتەوەیەک کە «وشیاریی نەتەوەیی» پێدەڵێن. وشیاریی نەتەوەیی، زۆربەی کاتەکان بەدیهێنەری هەستی وەفاداری، شەوق و ئۆگری و بەستراوەیی تاکەکان بە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوە (ڕەگەز، زمان، نەریت و عادەتەکان، بەها کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییەکان و بە شێوەیەکی گشتی کولتوور)یە و جاری وایە دەبێتە هۆی ڕێزلێنانی زێدەڕۆیانە لەو فاکتەرانە و بڕوا بە لەسەرتربوونی ئەم هێما نەتەوەییانە بەسەر هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی دیکە. (١)

فێمینیزم کۆمەڵەیەکی بەربڵاو لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان، بزووتنەوە سیاسییەکان و ڕوانگە فەلسەفییەکانە کە بەگشتی لەلایەن ژنانەوە وروژێنراوە یان ئیلهامی لە ژنانەوە وەرگرتووە بەتایبەت لە بواری بارودۆخە کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابوورییەکانیان. فێمینیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی زیاترین تەرکیزی خۆی خستۆتەسەر نابەرامبەرییە ڕەگەزییەکان و بەرەوپێشبردنی مافەکان، حەز و کێشەکانی ژنان. فێمینیزم بەگشتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتۆتەکایەوە. کاتێک کەخەڵک بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەو ڕاستییەیان قبووڵ کرد کە ژنان لە کۆمەڵگە پیاومیحوەرەکاندا، سەرکووت دەکرێن.(٢)

ئایا فێمینیزم و ناسیۆنالیزم لە دوو بەرەی دژبەیەک دان؟ ئەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لە کام ڕوانگەی فێمینیستییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە. لە ڕوانگەی شەپۆلی سێیەمی فێمینیست و تیۆریی ئینترسکشنالیستی بە هاتنەناوی ڕەگەزایەتی، نەتەوایەتی، نەژاد، چین و ... لە دیاریکردنی شوناسی سیاسییدا، ناسیۆنالیزم نە تەنیا لە بەرامبەر فێمینیزمدا ڕاناوەستێ بەڵکوو بەشێک لە تۆڕێکی پێکەوە تەنراوە کە شوناسی سیاسیی مرۆڤ پێک دێنێ. ئەمین بوزورگیان لە وتاری «فێمینیزم یان ناسیۆنالیزم»دا پێی وایە: «پێویست نیە ڕەگەزایەتی و نەتەوایەتی وەک دوو بابەتی بەرامبەریەک یان دژبەیەک تاوتوێ بکرێن و تەنانەت دەتوانرێ بزووتنەوە فێمینیستییەکان وەک بزاڤێک لە پانایی یان درێژایی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لەبەرچاو بگرێن». (٣)

بەهۆی ئەوەی ناسیۆنالیزم پیاوسالار و دروستکراوی دەستی پیاوە و لە نزیک بە تەواوی بابەتەکاندا پیاوانی ناسیۆنالیست (دیارە نە تەنیا ناسیۆنالیستەکان بەڵکو چەپەکانیش) ژنانیان وەک ئامراز بەکار هێناوە، دواتر دەسەڵاتی سیاسییان خستۆتەژێر دەسەڵات و پاوانی خۆیانەوە، جۆرێک ڕەشبینی، زیزبوون و خراپ لێک تێگەیشتنی قووڵ لەنێوان فێمینیزم و ناسیۆنالیزم بوونی هەیە، ئێستا چۆن دەکرێ ئەم دووانە ئاشت بکرێنەوە؟

پێش هەر شتێک کورتەمێژوویەک پێویستە. «شهرزاد مجاب» لە وتاری «ژنان و ناسیۆنالیزم لە کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦» کە لەلایەن ئەحمەدی ئەسکەندەری کراوەتە فارسی، نووسیویەتی: «هەرچەند کوردەکان وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیا ناسراون، بەڵام خاوەن مێژوویەکی دووروودرێژی دەسەڵاتداریێتین. یەکەم مێژووی کوردەکان شەرەفنامە لە ساڵی ١٥٩٧ لەلایەن شەرەفخان حاکمی دەسەڵاتداری میرنشینی بدلیس نووسرا. ناوبراو شیکردنەوەی ڕووداوەکانی لەبەر ئەوە نووسیوە کە مێژوونووسان بەسەرهاتی»ئەمیران و دەسەڵاتدارانی» کوردستان و «بارودۆخ» و «ئاکاری ئەوانیان «لە حیجاب ستر و کتمان» پێچابۆوە.؟؟ (شرفنامە، چاپ تهران. صفحە ٩، ٥٨٦) بەپێی ئەم سەرچاوەیە کە زۆری پێهەڵگوتراوە، دەوڵەت بوونی کوردەکان شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتداریی سەربەخۆیی، لە پاشایەتییەوە بگرە تا میرنشینە نیوەسەربەخۆکانی لەخۆ دەگرت. ئەم سیستەمە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم کاتێک کە حکوومەتەکانی عوسمانی و ئێران هێزی سەربازییان بۆ لەناوبردنی دوایین میرنشین لە شەش میرنشینە گەورەکان بەکار هێنا، درێژەی هەبوو.

خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، هەمیشە چەقی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی کوردیان لە سەدەی بیستەمدا پێک هێناوە. گرنگترین ئەزموون لەم بوارەدا کە دەتوانرێ لە دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پێش مۆدێرن بناسرێتەوە، کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ـە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا بەشێک لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانە، دامەزرا. ئەم حکوومەتە نەتەنیا بەهۆی شێوازی کۆماریی بوونی کە لەلایەن حیزبێکی سیاسی و کابینەوە بەڕێوە دەبرا، لە شێوازەکانی پێش مۆدێرنە بناسرێتەوە، بەڵکو بەهۆی سیستەمی مۆدێرنی پەروەردەیی، ڕاگەیەنە مۆدێرنەکان، سوپای میللی، سیستەمی ماڵیاتی، سروودی نەتەوەیی، ئاڵای نەتەوەیی، زمانی میللی و ئامادەکردنی ژنان لە بوارەکانی پەروەردەیی، کولتووریی و ژیانی سیاسیی جیا دەکرێتەوە.

لەحاڵێکدا بەشداریی ژنان لە ژیانی پەروەردەیی و سیاسیی کۆماری کوردستان دەسبەجێ لە هەموو شێوازەکانی پێش مۆدێرنیتەی حکومەتە کوردییەکان جیا دەکاتەوە، ئەزموونی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە هەردوو حاڵەتدا تایبەتمەندیی پیاوانەی هەیە. لەڕاستیدا خەباتی نەتەوەیی بۆ حاکمییەت ڕاست وەک یاسای نێونەتەوەیی کە داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان دەکا، سیاسەتێکی بەتەواوەتی پیاوانەیە.

... دەوڵەت لە ماوەی کورتی ژیانیدا لەپێناو بەشداریی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا چەند هەنگاوێکی هەڵێنایەوە. ژنان بۆ پشتیوانی لە ئەرکی نەتەوەیی نەک وەک چالاکانی بزووتنەوەی ژنان یان ڕێبەران و کادرە چالاکەکانی حیزبی چوونەناو بیاڤ و بوارەکانی دەرەوەی ماڵ. ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە ڕۆڵێکی «شیاو» و «شەڕافەتمەندانە»یان بۆ ئەم ژنانە وەک نموونە دیار و بەرچاوەکانی نەتەوەیەکی مۆدێرن و وەک «دایکانی نیشتمان» لەبەرچاو گرتبوو.

... لە کوردستان ساڵی ١٩٤٦ بزووتنەوەی فێمینیستی لەچاو بزووتنەوەی نەتەوەیی لەدوایە بوو. وشیاریی ناسیۆنالیستی زۆر بەربڵاوتر و زۆر دێرینتر بوو. لەحاڵێکدا ئازادیی ژنان، مافی وەک یەک و بەشداریی لە خەبات لە دەستووری کاری ناسیۆنالیستەکان دابوو، ئاگاداربوون لە خواستی پلاتفۆرمی فێمینیستی لیبراڵ کرچوکاڵ واوەتر نەرۆی.»

«شهرزاد مجاب» لە بەشەکانی کۆتایی نوسراوەکەی، ئاماژەی بە نیو سەدە دواتر و سەردەمی هاوچەرخ کردووە و گلەیی لە گرینگتر زانینی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بزووتنەوەی فێمینیستی لەلایەن حیزبە کوردییە ناسیۆنالیستەکانەوە کردووە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە حیزبە چەپەکانیشدا ژنان نەگەیشتوونە ئاستە باڵاکانی وەک ڕێبەرایەتی. ئەو پێی وایە « کێشمەکێشی نێوان ناسیۆنالیزم و فێمینیزم هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. (٤)

**ئێستا:**

١. سەرەڕای ئەوەی نەتەوەگەرایی کوردی تا ئێستا پانتاییەکی تەواو پیاوانە و پیاوسالاری هەبووە؛

٢. سەرەڕای ئەوەی ئەزموونی جیهانی نیشان دەدا ناسیۆنالیزمی پیاوانە کە بەردەوام بەدوای وەدەسهێنانی دەسەڵات بۆخۆی بووە، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کەڵکی ئامرازیی لە ژن وەرگرتووە و دواتر ناردوویەتەوە ماڵێ؛

٣. سەرەڕای ئەوەی مەسەلەی ژن و یەکسانیی ڕەگەزیی هەرگیز بەڕاستی گرینگی سەرەکی و هاوتەریب بۆ حیزبە کوردییەکان نەبووە؛

٤. سەرەڕای ئەوەی ژنانی کورد چالاکانە و دڵسۆزانە هەم لە حیزبە ناسیۆنالیستییەکان و هەم حیزبە چەپەکان و هەم بەم دواییانەش حیزبە نیوە ناسیۆنالیست ـ نیوە چەپەکاندا ئەندام بوون، بەڵام هەرگیز لە ئاستێکی دیاریکراو نەچوونەسەر و پۆستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکانیان بەدەستەوە نەبووە؛

٥. سەرەڕای ئەوەی حیزبە نەریتییەکان بە ناسیۆنالیست، چەپ و نیوە ناسیۆنالیست ـ نیوە چەپەکان زیاتر پێیان خۆش بووە بۆ ژێستی ڕۆشنبیرانەی ڕێزدانان بۆ مافەکانی ژنان، کەڵک لە ژمارەیەک ژنی گوێڕایەڵ یان خزمی ئەندامانی ڕێبەری، لە پۆستەکانی وەک کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی نە زیاتر، کەڵک وەربگرن،

٦. سەرەڕای ئەوەی زۆر لە ژنان بەشێوەی کادرە ئاساییەکان تەنیا ڕۆڵی سیالەشکر و دروشم نووسی دنیای مەجازییان هەیە یان ئەوپەڕەکەی لە یەکێتییەکان و لقە لاوەکییەکانی ژنانەدا کۆ کراونەتەوە؛

٧. سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە چ ژن و چ پیاو لەلای هێندێک لەم حیزبانە تا ڕادەی بادیگارد نزم بۆتەوە؛

٨. سەرەڕای ئەوەی هێندێک لە حیزبە کوردییەکان توانای قبووڵکردنی کەمترین ڕەخنەیان نیە و بەتایبەت بە شێوەیەکی زۆر نزم و نالەبار ڕووبەڕووی ژنە ڕەخنەگرەکان دەبنەوە؛

٩. سەرەڕای ئەوەی حیزبگەلێک وەک پ.ک.ک کە باشتر لەگەڵ ژنان جووڵاونەتەوە و لەم بارەوە باشتریان کار کردووە، هەنووکەش سێبەری یەک ڕێبەریی پیاوانە بەسەر ژنانەوە بە ڕەوا دەزانن؛

١٠ ـ سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئێستاکەش بە توندی پیاوسالارە و ئەم ناسیۆنالیزمەی ناو گۆمەڵگە، مێهرەبانتر لە حیزبە کوردییەکان، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژنانی کورد نەکردووە؛

**بەڵام:**

١. ژمارەی ژنە کوردە خوێندەوار و خوێنەرەکان زۆر بوو؛

٢. ئاگایی ژنان لە بارودۆخی خۆیان ڕۆژ بە ڕۆژ چۆتەسەر؛

٣. ژنی زیاتر دەستیان داوەتە قەڵەم و بیروڕاکانیان دەنووسنەوە؛

٤. فێمینیزمی تازەپێگەیشتووی کوردی لە کۆمەڵگە شارنشینەکاندا سەری هەڵداوە و زۆر چالاکی ئازای لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە؛

٥. فێمینیزمی کوردی ناتوانێ تەنیا هەوڵ بۆ یەکسانیی ڕەگەزی بدا وخۆی دوور بگرێ لە مەسەلەی نەتەوەو نەتەوەگەرایی؛

٦. ژنانی ئەندامی حیزبەکان لەگەڵ ڕاستییەکی تاڵ ڕووبەڕوو بوونەتەوە، ئەویش نەریتخوازیی حیزبەکانە سەرەڕای دروشمە فریودەرەکانیان لە ئاست چوونەسەری ژنان. ئەمە بۆتە هۆکاری هێندێک سەرکێشی و نارەزایەتی لە برێک ژنانی حیزبیدا؛

٧. بەرگریی سەرەتایی نەرێنی لە بەرامبەر زاراوەی فێمینیزم ڕووبەڕووی هێندێک پێداچوونەوە لەنێو خودی ژناندا بۆتەوە هەرچەند ئێستاش هێندێک لە نکۆڵیکاران لەنێو ژنان و پیاواندا هەیە؛

٨. سیمای دەمامکداری هێندێک لە پیاوانی ئیددیعاکاری فێمینیزمیش دەرکەوتووە و نییەتی ڕاستەقینەیان ئاشکرا بووە؛

٩. لە ماوەی ئەم چەند ساڵە دا ژنان لە دروشمە درۆیینە ژن فریودەرەکانی هێندێک کەس و ڕێکخراو و کەڵکی ئامرازی وەگرتن لە ژنان گەیشتوون؛

١٠ـ لە سەردەمی بەجیهانیبووندا شوناسە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانیش بەناچاری گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ناتوانن بێخەوش و یەکلایەنە و جێگیر بن؛

١١ـ نەتەوەخوازیی هاوچەرخ وەک پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە تووشی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی بۆتەوە؛

١٢ـ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە بەگشتی ماهییەتێکی شوناسخوازییان هەیە، زیاتر لە پێشوو پێکەوە بەستراون و تێکەڵاوی یەکتر بوون؛

١٣ـ زۆربەی شوناسخوازان ئاگاداری گرنگیی ڕەهەندەکانی دیکەی ژێردەستی و هەڵاواردن لە کۆمەڵگەکانی ئەمرۆ دان؛

١٤ـ پرۆژە یەکلایەنە و تەواوخوازییەکان ئیتر شانسێکی ئەوتۆیان نییە؛

١٥ـ بەشی زۆری ژنە چالاکەکان زانیاریی هەمەلایەنەیان لەسەر ڕەهەندە چەند لایەنەکانی ژێردەستی و زوڵم لێکراوی هەیە و لە پێوەندیی و کردەوە تێک چنراو و ئاڵۆزەکانی دەسەڵات گەیشتوون؛

١٦ـ دەرکەوتووە کە شوناسخوازییە یەکلایەنەییەکان، ژنان بە کۆمەڵگەیەکی بەدوور لە توندوتیژی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی و قەومی ناگەیەنێ؛

١٧ـ ئەزموونی باشووری کوردستان سەبارەت بە ژنان ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە و زەنگێکی مەترسیداری بۆ ژنانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لێداوە کە بە بەدەسەڵات گەیشتنی ناسیۆنالیزمی نەریتی، ئاوات و خەونەکانی ژنانی کورد بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی وەدی نایە؛

١٨ـ هەوڵی هێندێک لە حیزبە کوردییەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی بزووتنەوەی فێمینیستیی تازەپێگرتووی ژنانی کورد (هەروەها بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیتر) بۆ نیشاندانی پێگەی جەماوەریی درۆیین لەلای ئۆپۆزیسیۆنی پرش‌وبڵاو و ناکارامەی ئێران لە گەرمەی ساڵەکانی ٢٠١١ تا ٢٠١٣ بە مەبەستی ئیمتیازە دەسەڵاتخوازییە تاکەکەسی/ حیزبییەکان، تووشی شکست بۆتەوە؛

١٩ـ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان (پ.ک.ک) ژنناسی (ژنۆلۆژی) لە بەرنامەی کاری جیددی خۆی داناوە و ژنانی حیزبەکەی بۆ خوێندنەوەی جیددی و ڕەخنەگرتن لە فێمینیزمی لیبراڵ بانگهێشت کردووە. ئەگەر ئەم حیزبە بە نیازی پاوانکردنی بزووتنەوەی ژنان نەبێ، دەکرێ ئەم هەنگاوە بە شتێکی باش و ئەرێنی دابنرێ؛

٢٠ـ بەرخۆدانی ژنانی کورد لە کۆبانێ لاپەڕەیەکی نوێی بۆ ژنی کورد کردۆتەوە و هەموو سەرنجەکانی بۆلای ژنانی کورد ڕاکێشاوە. پیاوسالاریی کوردی ئەگەرچی تووشی کەوتن نەبووە، بەڵام تووشی شۆکێکی کاتی بووە.

**کەوایە:**

١. نابێ ڕێگە بدرێ لەلایەن هیچ لایەنێکی سیاسییەوە کەڵکی ئامرازی لە ژنان، ڕەگەزایەتیی و حەزی جنسی وەربگیرێ؛

٢. ژنان دەبێ بە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بسەلمێنن کە هەڵگری ئازایەتی، توانایی، زانست و تەنانەت جوانین وەک بەشێک لە هەبوون و کەسایەتی خۆیان و متمانەکردن بە خۆیان نەک وە ئامرازگەلێک بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانی پیاوانی چەپڵەلێدەر و پێداهەڵدەر لە شێوازەکانی دایک، پرستاری دڵسۆز، شەڕکەری ئازا یان خۆراکی پڕوپاگەندە و ڕاگەیاندن؛

٣. فێمینیزمی کوردی بەرپرسایەتی لەسەرشانە کە ژنان بەم دەرک و تێگەیشتنە بگەیەنێ کە ڕزگاری و باشتربوونی دۆخیان «بە پشت بەستن بە توانای خودی خۆیان» دەستەبەر دەبێ نەک شوێنکەوتوویی تەواو بۆ پیاوە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سیاسییە پیاوسالارەکانی ئیددیعاکاری وەدەسهێنانی مافەکانی ژنان کە بە کردەوە مەودایەکی زۆریان لەگەڵ دروشمە جوانەکانیان هەیە؛

٤. کاتی ئەوەیە کە فێمینیزمی کوردی وڵامێکی شیاوی بۆ ئەم دژیەکیە هەبێ کە چۆن دەکرێ لەنێو نەتەوەیەکدا، ژن لەلایەک تا ئەم ئاستە ژێردەست و ستەملێکراو بێ کە بە بیانووگەلی نامووسی بکوژرێ بەڵام لەلایەکی دیکە ئەوەندە بەهێز بێ شان بەشانی پیاوان شەڕ بکا؟ ئایا ئەم ژنە بەهێزە شەڕکەرە، توانای بەرگری لە بارودۆخی هاوڕەگەزەکانی خۆی نیە؟

٥. پێویستە ژنان ڕێکخراوی سیاسی تایبەت خۆیان هەبێ کە خۆیان ڕێبەرایەتیەکەی بەدەستەوە بگرن و توانای سیاسیی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بسەلمێنن؛

٦. دەبێ ژنان بۆ وەدەسهێنانی لەسەدا پەنجای گۆڕەپانی سیاسی نە تەنانەت نیودەرسەد کەمتر، بەتایبەت ڕێبەرایەتیەکەی بەبێ ئەوەی شەرم بکەن هەوڵ بدەن و تەنانەت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی دوور لە توندوتیژی، پێداگری لەسەر ئەم داواکارییە بکەن؛

٧. ژنانی کورد دەبێ کولتوور و نەریتێکی نوێ لە بواری خۆش نەویستنی دەسەڵات و پیرۆزی سڕینەوە لە دەسەڵات بێننە نێو کۆمەڵگەی سیاسیی تا سەر ئێسکان پیاوسالار؛ ئێمەی ژن دەتوانین بە پێکهێنانی ڕێکخراوە سیاسییە دێموکراتیکەکان کە بەشێوەی شۆڕایی بەڕێوە دەچن و بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات و نەبوونی قۆرخکاری تێیدا، بە پیاوە سیاسییە نەریتییەکان بڵێین کە دەکرێ مەیدانێکی سیاسی دیکە وێنا بکرێ و بێتەئاراوە. دەتوانرێ هەر لە سەرەتاوە ڕێز بۆ ڕۆڵی یاسا دابنرێ و یاسای بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵات پیادە بکرێ و لەگەڵ پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕین بە تەواوی چاوەدێری بەسەر جێبەجێکردنی یاسا و شێوازی جێبەجێکردنی بەرپرسایەتییەکان لە کاتی دیاریکراودا بکرێ. دەبێ بوارێک بڕەخسێ کە تاکی بەدەسەڵات گەیشتوو بەهۆی ڕیاکاری و زمان لووسیەوە تووشی لەخۆباییبوون و غروری بێجێ نەبێ و لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسەی واز لە دەسەڵاتەکە دێنێ بە چاوی سووک سەیر نەکرێ. ئەم دوو بابەتە هەردووکیان یارمەتی کەمبوونەوەی حەزی زێدەڕۆیی لە پاراستنی دەسەڵات و بەرپرسایەتییەکان دەدەن.

٨. لەگەڵ باوەڕ و ڕێزدانان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس نە تەنیا بۆ خود بەڵکو بۆ هەمووان، پابەندی شێوازەکانی دوور لە توندوتیژی بین. (دیارە لەگەڵ قبووڵی بابەتی بەرگریی ڕەوا لە خۆ)؛

٩. دەبێ هەموو ژنە چەکدارەکانی کورد، چ گریلا و چ پێشمەرگە، هان بدرێن چ ئێستا و چ دوای شەڕ، هەرگیز بە گەڕانەوە بۆ ماڵ ڕازی نەبن. (دیارە ماڵەوە بە مانای کەشی تایبەتی هێمن تەنیا بۆ ئەنجامدانی ئەرکە پێناسەکراوەکان و نۆرمەکانی ژنانە و بەدوور لە کەشی گشتی) و جارێکی دیکە مەیدانی سیاسی بە پیاوسالاران نەسپێرنەوە؛

١٠ـ پێویستە بە خۆمان و بە کۆمەڵگەی بقبووڵێنین کە ئەگەر ژنی کورد دەتوانێ ئازایانە دژی تیرۆریزم شەڕ بکا، کەوایە دەتوانێ لە ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی سیاسیی نیشتمانی خۆی و هەر وڵاتێکی تردا بەشدار بێ؛

١١ـ ئەوە قبووڵ بکەین کە دەکرێ یەکسانی ڕەگەزایەتی نە تەنیا لە بواری نیزامی/ شەڕڤانی کە بۆ تەواوی مەیدانە سیاسیی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان گشتگیر بکرێ؛

ئەندێرسن و ماسە هەردووکیان نیشانیان داوە نەتەوەخوازی جۆرێک ئەنجوومەن و پێکەوە بوونی پیاوانە، چەشنێک برایەتی لە پانتایی ئاسۆیی دایە. خوشکان تەنیا بەهۆی خەباتی تایبەت بەخۆیان توانیویانە سنوورەکانی ئەو پێکەوەبوونە برایانە بشکێنن و بەرەبەرە و دوای چەندین ساڵ خەبات و خۆڕاگری و گاڵتەپێکران و هەڕەشە و تەنانەت زیندان لە ئیمتیازەکانی نەتەوەیی و شارۆمەندیی کەڵک وەرگرن.(٥)

# ڕۆژهەڵات میحوەری واقعیەتێکی سەردەمی ئێستا



ئاگری باڵەکی

ڕۆژهەڵات میحوەری باسی ئەو ڕۆژانەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، چەمکێک کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چالاکی و کردار لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا دەکات.

گوتاری ڕۆژهەڵاتی ماوەیەک پێش ئێستا لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌ەوە هاتۆتە بەرباس، ئەو چەمکە واتە ڕۆژهەڵات مێحوەر دەمێکە لە نێو بابەتی بەشێک لە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاتوو چوون دایە، بەلام حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیدا باسکەکەی هێناوە نێو کۆبەندنی خەبات و جوولانەوە، بەڵکو بە کرداریش ڕۆژهەڵات میحوەری خستە بەرنامەی کاری خۆیە، چالاکییەکانی ئەو دواییانەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پەیوەندنی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنی ناخۆی کوردستان ئەو هەنگاوانە بوون لە ڕاستای چەمکی ڕۆژهەڵات میحوەری‌دا.

ئەگەر کەمێک بگەڕێیەوە بۆ ڕابردوو، دەبین لە ڕۆژهەڵات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئیران دژی ڕێژیمی پاشایەتی، دەبین هەلێکی زێرین بۆ هێز و لایەنە سیاسییەکانی لە کوردستان( ئێران) دەێتە ئاراوە و هەرکەسە و بەقەبارەی خۆی هەوڵ دەدات کە هێژموونی خۆی زاڵ بکات، لەو نێوەدا حیزبی دێمۆکرات بە کەڵک وەرگرتن لە ڕابردوویەکی دورودرێژ و خاوەنی یەکەم کۆماری کوردی لە چەمکی ناسیۆنالیستی کوردی لە ڕۆژهەڵات کەڵک وەردەگرێ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان (ئێران) ڕوو بکەنە ئەو حیزبە و هەر ئەوەش بوو کە هەر زوو دژبەرانی حیزبی دێمۆکرات دژکردەوەیان بەو حەرەکەتانە نیشان دا. دوای ئەوەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بنکەو بارەگاکانی بردە سنوورەکان، بە گشتی خەباتی شاری بەجێهێشت و ڕویکردنە شاخ، بەدرێژایی ساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٧٥ گوتاری ڕۆژهەلاتی و ناسیۆنالیستی لە دەست حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو، ئەو بەردرێژایی ئەو سالانە لەگەڵ ئەوەیدا هەوڵ دەدات برەو بە ناسیۆنالیزمی کوردی بدات و بەها نەتەوەیەکان لەسەروی بەها حیزبیەکانەوە نیشان بدات و بەبەردەوامیش هەوڵی ئەوەبوو کە لە دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان پارێزگاری بکات، ئەو دەستکەوتانەی کە دوای ٧٠ سال بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئێستاش هەر کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەر چوار پارچەی کورستان هەیە، ( ناوی پێشمەرگە، ئالا، سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب، شەهید،... ) ئەوانە نموونەیەکن لە خەروارێک کە وەک یادگار و پێناسە بۆ کورد و کوردستان ماونەوە.

دوای ساڵی ١٣٧٥ و نەمانی حزوری فیزیکی پێشمەرگە لەناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و جێگیربوونی لە باسووری کوردستان، لە ڕاستی‌دا لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان، ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەک خرایە پەراوێز.

بەنەمانی حزوری هێزەکانی پێشمەرگەش لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوردی ڕۆژهەڵاتی و توێژی تازە پێگەیشتووی ڕۆژهەڵات تووشی جۆرێک لە پاسیڤ بوون بوو، هەر ئەوەش وایکرد کە هێزەکانی پارچەکانی دیکە زوو بیر لەو بۆشایە بکەنەوە کە لە ڕۆژهەڵات دروست بووە. تێکۆشان و هەوڵی چەند لایەنێک بەتایبەت لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تارادەیەک ڕێگەپێدراو بوو، وایکرد کە توێژی تازە پێگەیشتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆلای ئەو لایەنان و گرووپانە بکێشرێن، ئەو توێژە توێژێک بوو کە شۆڕشی ١٣٥٧ی نەدیبوو ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە حیزبێکی کوردی لە ڕۆژهەڵات حزوری نەبوو، هەر لە بۆیە زۆر لاوی ڕۆژهەڵاتی لە زانکۆ و ناوەندەکانی کارەوە ڕوویان کردە ئەو لایەنانە کە لە ژێر کاریگەری خەباتی پارچەکانی‌دیکەدا تێکۆسانیان هەبوو و لەلایەن ئەوانیشەوە گوتاری باکوور یان باشوریان لە بیروزەینیان‌دا دەچاندن.

### گوتاری ڕۆژهەڵات

گوتاری ڕۆژهەلاتیی یا ڕۆژهەڵات میحوەری، دوای ئەوەی کە ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بریارێکی درەنگ ئەما بەکەڵک و بەمانا بریاری دا کە چالاکیەکانی بەشێوەیەکی تر و بە کردار بەرێتەوە نیو خاکی خۆی لە ڕۆژهەڵات. ئەو بریارە چەمکێکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی بۆ جارێکی تر هێناوە سەر زمانان ئەویش ڕۆژهەڵات میحوەری بوو. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک داڕێژەی ئەو بیرۆکەیە پێ وایە کە دەبێ تواناکان لەوەی کە تائێستا بۆ پارچەکانی تر بەکار هاتوون کارێکی خراپ نەبووە بەلام دەبێ لەم و بەدوا ڕوو بکرێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیسانەوە خەبات بەشێوەیەکی گەرم و گورتر دەست پێبکرێتەوە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەوباوەرە دایە کە هێزی کارا و چالاک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە کە ئەو هێز و توێژانەی ڕۆژهەڵات دوبارە ئامادە بکرێنەوە و بتوانن کە خەباتی ڕۆژهەڵات گوڕوتینێکی دیکەی پێ بدەنەوە. حدک بە چالاکیەکانی هاوینی ئەو ساڵ لە ڕۆژهەڵات بە کردار و بە بیرۆکە دەستی کردەوە بە چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵات کە ئەوە دەتوانرێ سەرەتایەک بێت بۆ سەردەمێکی نوێ لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### چۆن و دەبێ چ بکرێت؟

سەرەتا دەتوانم بلێیم کە تا ئێستاش پێناسەیەکی ڕێک و دەقیقمان لە ڕۆژهەڵات میحوەری لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە وەک داڕێژەری فکرەکە نیە. دواتر دەبێ ڕۆژهەڵات میحوەری مانیفیستی هەبێت و هەدەفە ئەساسییەکانی دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوەیدا دەبێ تەکید لەوە بکرێتەوە کە دەبێ هەموو هەوڵەکان بۆ ڕۆژهەڵات بخرێنە گەڕ.

گوتاری ڕۆژهەڵاتیی دەبێ کار لەسەر ئەوەبکات کە خەبات لە ناوخۆی کوردستان واتە خەباتی شار و شاخ لێک گرێ بدات ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە دەبێ دەستبکات بە دیپلۆماسیەکی گرشتگر و بەهێز لە دەرەوەی وڵات و بە دانانی نوێنەر و بردنی کێشەی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ناوەندە جیهانیەکان گوتاری ڕۆژهەڵاتی بەهێزتر بکرێت، ئەوەی کە نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە ناوەندە جیهانیەکان کردوویانە زۆرتر باسی کوردستان بەگشتی بووە و هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە نوێنەرانی هیزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات بیریان لە قازانجی گشتی کردۆتەوە تا قازانجی تایبەت بۆ ڕۆژهەڵات، ئەوە لەگەڵ ئەوەیدا کارێکی باشە، بەلام لە هەمانکاتدا بوونی کێشەی پارچەکانی تری کوردستان لە ناوندە جیهانیەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەی کوردی ڕۆژهەڵاتی پشت گوێ بخرێ.

گوتاری ڕۆژهەڵاتی دەبێ حزوریی بەردەوامی هەبێ لە ڕۆژهەڵات، هەر بیرۆکەیەک لە دەرەوەی ژینگەی خۆی مەحکوومە بە نەمان، هەربۆیە دەبێ ڕۆژهەلات میحوەری لە ژینگەی خۆی واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەی پێ بدرێت، لە هەموو ئالیەتێک کەڵک وەربگیرێ بۆ ئەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بتوانن لە بیرۆکەکە تێ بگەن.

ئەگەر ژینگەی خەباتی ڕۆژهەلات دا بنێن بە مەیدانێکی یاری فوتباڵ دەبینین کە یاریزانەکانی ئەو دەڤەرە ماوەیەکی زۆرە کە بوون بە تەماشاچی و لە جێگای ئەوان دا خەلکی دەڤەری تر یاری دەکات، بۆئەوەی بتوانێ ببیەوە یاریزانێکی باشی ئەو مەیدانە دەبێ لە قالبی تەماشاچی بێیە دەرێ و بچی ناو یاریگا، چونکە لە دەرەوەی یاریگا و وەک تەماشاچیەک تەنها دەتوانێ سەیری ڕووداوەکانی ناو مەیدان بکات و ناتوانێ تەسیری ڕاستەوخۆی لەسەری هەبێ، بەڵام کە بووی بە یاریزانێکی باشی ناو یاریگا ئەو ئەوکات خۆت یاسا و ڕێسا ڕێک دەخەی بۆ مەیدان، یاساکانی مرۆڤەکان دیاری دەکەن لەکاتی پێویست دا دەتوانن گۆرانی بەسەر دابێنن.



پێویستە گوتاری ڕۆژهەڵات دەبێ بکرێتە فەرهەنگ، لە هەموو چینەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دا جێگایی ببێتەوە و دەبێ لەناوەندەکانی خوێندن و لە زانکۆکان ، ڕێکخراوە سینفیەکانی ناوخۆ بۆ بلاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە کەڵک وەربگیرێ، کە ئەو کارە پێویستی بە ڕاگەیاندنێکی تۆکمە و بەهێز هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا پێوسیتە چالاکیە نهێنیەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات چرتر بکرێتەوە.

### فەرهەنگی بەشداری، خەبات بۆ هەموو کۆمەلگا

فەرهەنگی بەشداری نەکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات لە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ئێران یەکێک لەو هۆکارە بەهێزانە بووە کە کورد لە ڕۆژهەڵات تا کو ئێستاشی لەگەڵ دابێ پیوەی دەنالێنێ، بەشێکی کەم لە کۆمەڵگایەکی نزیک بە ١٠ میلیۆنی بەشدار بووە لە خەبات و جوولانەوە، ئەوە لە حالێک دایە کە هێزە سیاسییەکانیش کەمتەرخەم بوون بەنیسبەتی ڕوونکرنەوەی زیاتری خەڵک و ناوچە جۆراو جۆرەکان.

لە کۆتایی دا دەبێ ئەوە بلێم کە گوتاری ڕۆژهەڵات نابێتە هەرەشە بۆسەر گوتارەکانی تری کوردی بەڵکو ئەو هەوڵ دەدات کە هەر گوتارەی بۆ ناوچەی خۆی بەکار بێنت و لەگەڵ ئەوەشدا گوتاری ڕۆژهەڵاتی باوەری وایە کە دەبێ کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەر کامە و بە میتۆدی خۆی کە لە ژینگەی خەبات بکات و نەبێتە هەرەشە بۆسەر بەرژەوەندی باڵاکانی کورد لە هیچ کام لە ناوچەکانی تر.

# ژیاننامەی جەیمس مۆنرۆ

## (خولەکانی سەرۆکایەتی ١٨١٧ بۆ ١٨٢٥)

ن: فرانک فریدێڵ و هاگ سیدەی و: لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی




لە ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێ، لە ساڵی ١٨٢٥، لە ئاخرین ئاهەنگی پێشوازی لە زنجیرە پێشوازییەکانی کۆشکی سپیدا کە هەموو ساڵێک بەڕێوەدەچوو، سەرۆک جەیمس مۆنرۆ کاریگەریەکی دڵخۆشکەری لە سەر خاتوونێکی خەڵکی ڤیرجینا کە دەستی لەگەڵ سەرۆک لێدابوویەوە، بەجێهێشت:

«پیاوێکی باڵابەرز و خۆش فۆڕمە. بە جلوبەرگێکی سادە و مۆدی کۆنەوە .... لە شێوەی هەڵسوکەوتیدا، کەسێکی لەسەرەخۆ و بەڕێز بوو. لە دەربڕینی ڕاشکاو و ڕاستگۆیانەی چاوەکانی ... پێم وایە بە تەواوی شایانی ئەو وتانەیە کە لە لایەن کەڵەپیاوێکی وەک جێفرسۆنەوە لە بەرز نرخاندن و پێداهەڵگوتنی ئەو سەرۆکە وتراوە کاتێک دەڵێت: ‹ مۆنرۆ ئەوندە کەسێکی ڕاستبێژ بوو کە تەنانەت ئەگەر ڕۆحیشی سەراوژێر بکەیت، هێشتا تاکە پەڵەیەکی لە سەر نابینیت.› «

مۆنرۆ لە ساڵی ١٧٥٨ لە ناوچەی وێستمۆڕلاندی ڤیرجینیا لە دایک بوو. خوێندکاری کۆلێژی ویلیام و مێری بوو، دواتر لە سوپای کۆنتینێنتاڵ بەشداریی چالاکانەی شەڕی کرد و پاشان لە بواری یاسادا لە فرێدریکسبێرگی ڤیرجینیا کاری کرد.

وەک سیاسەتوانێکی گەنج، مۆنرۆ چووە بەرەی دژە فیدراڵیستەکان لە ئەنجومەنی ڤیرجینیا کە یاسای بنەڕەتیی پەسند کردو دواتر لە ساڵی ١٧٩٠ لە کاتێکدا کە یەکێک لە بەرگریکارانی سیاسەتەکانی جێفرسۆنی بوو، وەک سیناتۆری ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژێردرا. پاشان لە ساڵانی ١٧٩٤ بۆ ١٧٩٦ نێردراوی تایبەتی ئەمریکا لە فەڕەنسا بوو، وە هاوخەمی و سۆزی زۆری بۆ پرسی فەڕەنسا لە خۆی نیشاندا؛ دواتر لەگەڵ ڕۆبێرت ئار. لیڤینگستۆن بەشداریی لە دانوستاندنەکانی کڕینی لویزیانا کرد.

مۆنرۆ کەسێکی خاوەن خەونی گەورە و وزەی زۆر بوو. ئەم تایبەتمەندییانە و پشتگیری کردنی لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئەمریکا، جەیمس مەدیسۆن، ئەویان کردە کاندیدی هەڵبژێردراوی کۆماریخوازەکان بۆ سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٨١٦دا. لە ساڵی ١٨٢٠دا، لەگەڵ هەبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بچووکی فیدراڵیستەکان، بە ئاسانی بۆ جاری دووەم وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرایەوە. مۆنرۆ لە هەڵبژاردنی وەزیرەکانی کابینەکەیدا، کەسانێکی یەکجار زۆر بەهێزی دەستنیشان دەکرد؛ بۆ وێنە، کەسایەتییەکی شیاوی خەڵکی باشوری وەک جۆن سی. کەڵهاونی کردە وەزیری جەنگ و کەسێکی خاوەن پێگەی خەڵکی باکووری وەک جۆن کوینسی ئەدەمزی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە هەڵبژارد. تەنیا هۆکارێک کە نەیهێشت کەسایەتییەکی دیاری ڕۆژئاوای وڵات بێنێتە کابینەکەیەوە، ڕەتکردنەوەی هێنری کلەی خۆی بوو کە قەبووڵی نەکرد لە کابینەکەیدا بەشدار بێت.

لە هەمان سەرەتای دەستبەکاربوونی ئیدارەکەی، مۆنرۆ گەشتێکی نیازپاکی خستە بەرنامەی کارەوە. لە بۆستۆن، سەردانەکەی وەک دەستپێکی «ڕۆژگاری هەستە خۆشەکان» بەرز نرخێندرا و پێشوازیی گەرمی لێکرا. بەڵام بە داخەوە سەرەڕای ئەوەی مۆنرۆ لە ناو دڵی جەماوەردا جێگەی خۆی ڕاگرتبوو و سیاسەتەکانی ناسیۆناڵیستەکانی ڕەچاو دەکرد، ئەو «هەستە خۆشانە» زۆریان نەخایاند.

لەو دیو ڕووکاری ناسیۆنالیزمەوە، درزە ناشرینەکانی کەرتبوون دەرکەوتن. دارمانێکی ئابووری پڕئازار، بێ گومان، خەڵکی باژێڕی میزوری بێ‌هیواتر و نائۆمێدتر کرد، بە تایبەت کاتێک لە ساڵی ١٨١٩ داواکارییەکەیان بۆ وەرگیران لە یەکیەتیی ویلایەتەکان وەک ویلایەتی کۆیلە ڕەتکرایەوە. پرۆژە یاسایەکی هەموارکراو بۆ ریشەکێشکردنی هێواشی کۆیلایەتی لە ویلایەتی میزوری، دوو ساڵی ناخۆش و تاڵی مشتومڕ و مقۆمقۆی لە کۆنگرە هێنا ئاراوە.

دواتر پرۆژەیاسای سازانی میزوری ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی چارەسەر کرد؛ ئەویش بە لکاندنی ویلایەتی میزوری وەک ویلایەتێکی کۆیلە بە ویلایەتی مەین وەک ویلایەتێکی ئازاد و هەروەها قەدەغە کردنی هەتاهەتایی کۆیلەداری لە باکوور و ڕۆژئاوای میزوری.

مۆنرۆ، لە کاروباری دەرەوەدا، ئەو سیاسەتە بنەڕەتییەی ڕاگەیاند کە دواتر هەر بە ناوی خۆیەوە ناوبانگی دەرکرد؛ لە ژێر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاریدا وەڵامی ئەو هەڕەشەیە بداتەوە کە لەوانە بوو حکومەتە زیاتر پارێزگارەکانی ئەورووپا هەوڵی یارمەتیدانی وڵاتی ئیسپانیا بدەن بۆ ئەوەی وڵاتە کۆلۆنییەکانی پێشووی لە ئەمریکای لاتین بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. مۆنرۆ، لە ساڵی ١٨٢٢، پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بۆوە کە کۆنگرە دەنگ بۆ تەرخانکردنی پێداویستییەکانی ئەرک و نێردراوەکانی دیپلۆماتیک دەدات، ئینجا دەستیکرد بە دانپێدانانی فەرمی بەو وڵاتە کۆمارییە نوێیە هاوەڵانە. سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوەی ئەو کاتیش، جۆن کوینسی ئەدەمز، بەو ئاواتەوە بوون خۆیان لە سەرئێشەی ئیسپانیا بەدوور بگرن هەتاوەکوو واز لە فلۆریداکان بێنێت کە ئەمەش لە ساڵی ١٨٢١ ڕوویدا.

بەڕیتانیای مەزنیش، بە هێزێکی دەریاوانی گەورەو تەیارەوە، دژی سیاسەتی دووبارە دەستبەسەرداگرتنەوەی ئەمریکای لاتین بوو، وە پێشنیاری کردبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بچێتە ناو بەرەی ڕاگەیاندنی «دەستێوەرنەدان». لە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری، هەر یەک لە دوو سەرۆک کۆماری پێشووی ئەمریکا، جێفرسۆن و مەدیسۆن، داوایان لە مۆنرۆ کرد پێشنیارەکە قەبووڵ بکات، بەڵام ئەدەمز، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ڕای وابوو کە، « ڕاشکاوانەتر دەبوو ... ئەگەر پڕەنسیپ و بنەماکانی خۆمان بە ڕوونی بە ڕوسیا و فەڕەنسا ڕابگەیاندبایە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی وەک بەلەمێکی بچووکی دوای زلهێزەکەی دەریاوانی بەڕیتانیا دەرکەوین.»

مۆنرۆ پێشنیارەکەی ئەدەمزی قەبووڵ کرد و هۆشداریدا کە نە تەنیا دەبێت واز لە ئەمریکای لاتین بهێندرێت، بەڵکوو ڕووسیاش نابێت لە هێڵەکانی باشوورەوە بەرەوە کەناراوەکانی زەریای هێمن هەڵبکشێت. مۆنرۆ لە وتەیەکدا ڕایگەیاند: « ... وشکانییەکانی ئەمریکای باشوور و باکوور، بەو دۆخە ئازاد و سەربەخۆییەوەی بە دەستیان هێناوەو دەیپارێزن، لەمەودوا نابێت چیتر لە لایەن هیچ هێز و وڵاتێکی ئەورووپاییەوە وەک ئامانجی پاشەڕۆژی بە کۆلۆنیکردن و خستنە ژێر ڕکێفەوە، ئەژمار بکرێن.» نزیکەی بیست ساڵ دوای مەرگی مۆنرۆ لە ساڵی ١٨٣١، ئەم سیاسەتە وەک بیرۆکە و ڕێباری مۆنرۆ ناوی دەرکرد.

**سەرچاوە:**
http://www.whitehouse.gov/about/presidents/jamesmonroe

کوردستان
ژمارە: ٦٤٤
٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٣
٢٠ی نوامبری ٢٠١٤



# تەرمێکی مەزن، وڵاتێکی بچووک

## بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی ئەحمەد کایا



مەنووچێهر پوردڵ

سایتی هابەر ئیکسی تورکی ڕێک شەش ساڵ لەمەوبەر لە هەواڵێکدا باسی ئەمەی کردبوو کە لە باکووری کوردستان ئەنجومەنی شارەوانی شارۆچکەی دەریک کە سەربە شاری ماردینە، پارکێکی تازەی بۆ دانیشتووانی شارەکە بە ناوی هونەرمەندی کورد «ئەحمەد کایا» دروست کردووە، بەڵام قائیم مەقامی ئەم شارۆچکەیە ڕازی نەبووە پارکەکە بە ناوی هونەرمەندی ناوبراو بکرێتەوە.

هەر هەمان سەرچاوە بڵاوی کردبۆوە کە قائیم مەقام نووسراوەیەکی سەبارەت بەم بابەتەوە بۆ مەجلیسی شارەوانی ناردووە، کە تێیدا هاتووە ئەم ناوەی لە سەر پارک دانراوە لەگەڵ کومەڵگای ئێمە ناگونجێ، چونکە ئەم ناوە بە لای پارچە بوونەوە دەچێت. بەپێی هەواڵی سایتەکە سەرۆکی شارەوانی دەریک ڕەمەزان کاپار لە لێدوانێکدا وڵامی ئەم نووسراوەی قائیم مەقامی داوەتەوە و گوتوویەتی: ناوی هونەرمەند ئەحمەد کایا هیچ خراپێکی پێچەوانەوەی بۆ کۆمەڵگا تێدا نیە، ئەحمەد کایا هونەرەندیکی جەماوەری بوو لە تورکیا. بۆیە ئێمە ئەو ناوەمان لەسەر داناوە.

لەدرێژەی قسەکانی خۆیدا ڕەمەزان گوتی: ئەم کێشەیە لە لایەن مەجلیسی شارەوانی خۆمانەوە باس دەکەین. ئەگەر هەمان بڕیار دەرچوو بۆ ئەم ناوە، ئەوە دووبارە لە قائیم مەقامییەت قەبووڵ ناکەین و ئێمە کێشەکە بۆ بەردەم دادگا دەبەین.

ئەحمەد کایا گۆرانیبێژی بەناوبانگی تورکیا ساڵی ١٩٥٧ لە شاری مالاتیای تورکیا لە دایک بووە. لە کاتی مێرمنداڵی دا بەهۆی باری نالەباری ژیانی باوکی، هاوڕێی بنەماڵە بەرەو ئیستانبووڵ بارگەیان تێکنا. باوکی کە پێشتر لە کارخانەیەکی پارچەسازی دا کاری دەکرد، لە پێشانگایەکی سەیارەی شاری ئیستانبووڵ بووبە بەردەست.

ئەحمەد کایا دەڵێت: هەموو ڕۆژێ کە بەرەو قوتابخانە دەچوومەوە، باوکم دەدیت کە خەریکی شوشتنی سەیارەیە و بەردەوام لەدڵی خۆمدا دەمگوت کاتێ گەورە بووم پێشانگایەک بۆ باوکم دەکڕم تا بۆخۆی ئەربابی خۆی بێت. بەڵام ئەوە تەنیا خەونێک بوو و بەس. چون پاش ماوەیەکی کورت بابی مرد و بنەماڵەکەی بەتەنیا بەجێ هێشت. ئەحمەد کایا وەک بچووکترین ئەندامی بنەماڵە لە بارودۆخێکی یەکجار سەخت و دژواردا ژیانی تێپەڕ دەکرد. ئەو دەڵێت: زۆر ڕۆژان نەمدەتوانی تەنانەت ١ بلێتی ئوتووبووسیش بکڕم.

سەردەمی لاوی کایا هاوتەریب بوو لەگەڵ کوودەتای کەنعان ئۆرەن و سەرکوت و پشوو هەڵبڕینی دەنگە سیاسییەکانی کۆمەڵگای تورکیا. ئەو کە بە توندی دژی بارودۆخی داسەپاو بوو، ساڵی ١٩٨٥ بەیارمەتی هاوڕێکانی ئالبۆمی گۆرانییەکانی بڵاو کردەوە کە بۆخۆی هیچ هیوایەکی نەبوو بۆ پێشوازی خەڵکی، تەنیا بەتەما بوو لەڕێی گۆرانییەکانییەوە دەنگی خۆی بەدژی دەسەڵات هەڵبڕێت. چەند ڕۆژ پاش بڵاو بوونەوەی ئالبۆمەکەی، کاربەدەستانی قەزایی تورکیا لەبەر ئەوەی کە کاسێتەکە چەند گۆرانی سیاسی تێدایە، کۆیان کردەوە. پاش دەنگ هەڵێنان و هاتوچۆیەکی زۆر، فرۆشی کاسێتەکەی قەدەغەی لەسەر لاچوو و ئازاد کرا. ئەم باس و خواس و کردەوانە بوو بە هۆی ناوبانگی ئەحمەد کایا و پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا.

ئالبۆمی دووەمی ئەوەندەی دیکە ناوبانگی ئەحمەد کایای بردە سەر. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە کایا شێعری یەکێک لە گۆرانییەکانی، لەشاعیرێکی سیاسی بەناوی ئۆلکۆ تامر هەڵبژاردبوو کە چاوەڕوانی ئێعدامی دەکرد. ناسیاویی کایا لەگەڵ یووسف هایاڵ ئۆغلووی شاعیر، قۆناغێکی تازەی لەژیانی هونەریی ئەودا کردەوە. ئالبۆمی «ڕادەپەڕین» کە زۆربەی شێعرەکانی هی هایاڵ ئۆغلوو بوو، لە کەشوهەوایەکی یەکجار داخراوەی سیاسی تورکیادا، کایای هێنایە ڕیزی گەورەترین گۆرانیبێژانی دەنگ هەڵبڕ. کایا لە درێژەی تەمەنی هونەری خۆیدا لەگەڵ زۆر کەڵە شاعیری تورکیا هاوکاری کرد. جگە لە هایاڵ ئۆغلوو، لە شێعری ئاتیلا ئیلهان و ئۆرهان کووتاڵ و... کەڵکی وەرگرت.

نازناوی کایا «دێمۆکراتی ماندوو» بوو کە لە کاسێتێکی هەر بەم ناوە وەرگیراوە. دەسەڵات لەتورکیا بە بوونی کایا تووڕە بوو، چون وتەکانی کایا تەژی لە چێ کردنی جیهانێکی ئازاد بوو. هەربۆیە دەسەڵاتی تورکیای دژ بە ئازادی، چەندین ساڵ لە بەڕێوە بردنی کۆنسێرتی کایا لەناوخۆی تورکیا بەرگری دەکرد. کایا دەیگوت: دەیەوێ کارێک بکات قەت لەبیری ئەو کەسانەی دژ بە ئازادین نەچێ و بەردەوام ئازاریان بدات. جارێکیان لەبەرنامەیەکی تلویزیۆنی دا ڕایگەیاند: من کفنەکەم بە کۆڵمەوە و هەرسات ئامادەی مردنم لەپێناوی ئازادی دا.

ئەحمەد کایا ساڵی ١٩٩٨ لەڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی ساڵ بە هەڵبژێراوانی تورکیا (خەڵاتی ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانان) ڕایگەیاند کە لە تازەترین ئالبۆمی خۆیدا دەیەوێ گۆرانییەکی کوردی بچڕێ و هەڕەشەی لە کەناڵە گشتییە ڕاگەیێنەرەکانی تورکیا کرد کە بێتوو کلیپەکەی بڵاو نەکەنەوە دەبێ خۆیان وەڵامی خەڵک بدەنەوە. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە تورکە فاشیستەکان بەتوندی هێرشی بکەنە سەر و هەڕەشەی لێ بکەن. ڕۆژی دوای ڕێوڕەسمی ناوبراو، دادگای ئاسایشی تورکیا کایای بانگ کرد و دەسبەسەری کرد. کایا بەمە تاوانبار کرابوو کە چەند ساڵ لەمەوبەر لەچەند وڵاتێکی ئەورووپایی وەک بلژیک و ئاڵمان بۆ داکۆکی و پارێزگاری مافی کورد و پ.ک.ک کۆنسێرتی بەڕێوە بردووە. چەند مانگ پاش ئەم ڕووداوە، ئەحمەد کایا بۆ بەڕێوە بردنی کۆنسێرت چوو بۆ فەڕانسە و لەبەر کەش و هەوای نالەباری سیاسی لە تورکیا، بەهۆی پڕۆپاگاندەی ڕۆژنامە و ساتەلایتە فاشییەکانی تورکیا، بڕیاری دا بەیەکجاری لەوێ بمێنێتەوە. ئەحمەد کایا بە یارمەتی هاوسەری فڕانسوا متێران سەرکۆماری پێشووی فەڕانسە، توانی ئیزنی نیشتەجێ بوونی یەک ساڵە وەربگرێت. ئەوە لەکاتێک دا بوو کە کایا بەبێ ئەوەی لە تورکیا بێ، لەلایەن دادگاوە بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکووم کرا. چەند مانگ پاش ئەم ڕووداوانە لەبەرە بەیانی ١٦ی نوامبری ١٩٩٩ لە تەمەنی ٤٢ ساڵی دا بەهۆی سەکتە کۆچی دوایی کرد. هەرچەند دەنگۆی ئەوە هەبوو کە میتی تورکیا دەستی لەناو بردنی ئەحمەد کایادا هەبووە!

کایا سەرجەم ٢١ ئالبۆمی لەپاش بەجێ ماوە کە ١٩یان بەر لەمردن و ٢ی تریش پاش مەرگی بە هەوڵ و تێکۆشانی هاوسەری بەئەمەگ و وەفاداری بڵاو بۆوە. بەناوبانگترین کاسێتی کایا « گۆرانییەکانم بۆ کێوەکان» (١٩٩٤) بوو کە ٥١٠٠٠٠٠ دانەی لێ فرۆشرا کە لەمێژووی مۆسیقای تورکیادا کەم وێنە بوو. شێعری گۆرانییەکانی لەقاڵبی شێوازی «پڕۆتێست» دایە و هەر بۆیە کایا بە بنیاتنەری شێوازی پڕۆتێست لە تورکیا دەزانن. دیارە لە بواری مۆسیقاشەوە ئەو بە بناغەدانەری شێوازی مۆسیقای ئازاد لە تورکیا دەناسن. ئەحمەد کایا کەسایەتییەکی ئازادیخواز و نەترس بوو. زۆر بوێرانە باوەڕەکانی خۆی دەردەبڕی. بۆخۆی دەیگوت دەزانێ بەسەر لێواری هەڵدێرێکدا هەنگاو هەڵدێنێتەوە. بەڵام چ باکێکی نیە. ئەحمەد کایا لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس لەلای زۆر کەسایەتیی ناوداری جیهانیی ئەم گۆڕستانە بەخاک ئەسپێردراوە. هاوسەرەکەی نەیهێشت تەرمی ئەحمەد کایا بۆ تورکیا بگەڕێتەوە و گوتی: وڵاتی تورکیا زۆر بچووکترە لەوەی کە گەورە پیاوێکی وەک ئەحمەد کایای تێدا بنێژن.



دروشمی کایا ڕێز گرتن لە ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕ بوو و تەمەنی خۆیشی لەم ڕێیەدا بەخت کرد. مێژووی وڵاتی تورکیا بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هەرگیز ئەو مەزنە پیاوە لەیاد ناکا، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتی تورک نەهێڵی پارکێک بەناوی ئەحمەد کایا دروست بکرێت. چون ئەحمەد کایا قفڵی دەروازەی دڵەکانی شکاندووە.

یادی بەخێر.

## ئێستا کچێک نیشتمانمە



نەوتی چرای لەشیان دزیم
من چیم هەیە لە دووکەڵی شیعر زیاتر!
قژی کەژو هەردیان بڕیم
من چیم هەیە لەئاگر و کڵپە زیاتر!
ئاوی سەرچاوەیان کوشتم
دارو درەختیان کوێر کردم
لە کوختەکەی دڵی خۆیشما کرێچی بووم
دەریانکردم!
پشیلە بووم...بۆ بەرەو خوار
خستمیانە گوێتیەوە و سەریان بەستم
مەیمون بووم و ورچ بووم و پەتا بووم و
لەوێش دەوریان بە دڕکەزی و تەلبەند گرتم
من چیم هەیە لە پەتی سێدارە زیاتر
لە ئۆردوگای دیل بەولاوە
لە ژمارەی شەهید زیاتر؟!
من چیم هەیە؟
من هەر ئەو خوێنە شک ئەبەم
کە سوراویی لێوی بەرد و
گۆنەی پەلکە گیای پێ بکەم!
من هەر ئەوینێ شک ئەبەم
ڕقی پیرۆز ئەخاتە بەر
پەلەپیتکەی تفەنگەکەم!
من ئەو برینە شک ئەبەم
برین مانگە و برین ئاگر
من چیم هەیە لە خوێن زیاتر؟!

**شێرکۆ بێکەس**

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 644 20 november 2014



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی

# گەشە کردنی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



کوێستان فتوحی

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی فەلسەفەی سیاسی و یەکێک لە سەرەکیترین چەمکەکانی جیهانی مۆدێرن، دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنییە. کۆمەڵگەی دێموکرات‌و ئازاد پێویستی بە پێشزەمینەی فەرهەنگی و فکری هەیە کە خەباتی مەدەنی لە بوارەجۆراوجۆرەکان‌دا پێکی دێنێ. یەکێک لە پێویستییە گرنگ و بەنرخەکانی خەباتی مەدەنی، ئاگایی‌و وشیاری سیاسیی کۆمەڵگەیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە گوتارێک باڵی بەسەر فەزای سیاسی‌و ڕووناکبیری کوردستان‌دا کێشاوە، ئەویش گوتاری خەباتی مەدەنی‌و کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕێکخراو و ئین جی ئۆی تایبەت بە ژینگەپارێزان، ژنان، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ، خوێندکاران و کرێکاران‌و هتد.

پارێزگاری لە ژینگەو شکاندنی چەکە ڕاوییەکان، کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکیی هونەریی، فەرهەنگی‌و ڕووناکبیریی جۆراوجۆر، باسکردن لە مافە پێشێلکراوەکانی ژنان‌و دیفاع لە مافی مرۆڤ، بەربەرەکانیی لەگەڵ مادەهۆشبەرەکان، بەشێکن لەو خەباتە مەدەنییەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخۆشییەوە خەریکە شکڵ دەگرێ. لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە هێندێک لەو بوارانە بەهۆی ڕێگریی دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر ئاکتیڤ نەبن، بەڵام وشیاریی سیاسی و پێگەیشتوویی کەلتووری‌و فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان و ئەو باگراوەندە نەتەوەییە دەوڵەمەندەکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیانە، ئەوەندە جێگای هیواو گەشبینییە کە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا خەڵک بەرفراوانتر لە حەرەکەتە مەدەنییەکان‌دا بەشداری بکەن و بە سوود وەرگرتن لە هێندێک هەڵو مەجالی تایبەت، بوار بۆ هێنانە گۆری داخوازی گەورەتر و حەرەکەتی بەرینتر لە کۆمەڵگەدا بڕەخسێنن.

**خەباتی مەدەنی، دیوێکی دیکەی خەباتی سیاسی، نەتەوەیی،کەلتووری**

یەکێک لە ئەهرۆمە گرنگەکانی پابەندڕاگرتنی سیستەمێکی دەسەلاتدارەتی بە ڕێزدانان بۆ ماف و ئازادییەکانی خەڵک، هەروەها یەکێک لە هۆیەکانی بیدەنگ و بێهەلوێست نەبوونی کۆمەڵگە لە ئاست سەرەڕۆیی دەسەلاتێکی سیاسی لە هەر وڵاتێک‌دا، لەمەیداندا بوون و گەشەی خەباتی مەدەنییە. لە خۆرا نییە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە جاوێکی دوژمنانە سەیری ئەو حەرەکەتانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، زۆر جار ڕەخنەگرتنی چالاکان‌و ڕێکخەرانی حەرەکەتە مەدەنییەکان لە حکوومەت و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بە «دژایەتی لەگەڵ تەناهیی نەتەوەیی« و «شەڕ لەگەڵ خودا» تۆمەتبار دەکا و بەردەوام بەرەورووی گوشار، هەڕەشەو زیندان‌و حوکمی ناڕەوایان دەکاتەوە.

ئەوەتا بەڕێز محەممەد سدیق کەبوودوەند، وەک هێمای خەباتی مەدەنی و کەسایەتییەکی پێشەنگ لە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بڕیاری بەرپرسانی پایەبەرزی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، سزای ١١ سال زیندانی بۆ بڕاوەتەوە کە قورسترین سزایە بۆ چالاکێکی مەدەنیی مافی مرۆڤ. دیارە بەڕێزیان دەڵێ ئەمە بۆ من کەمترین سزایە لە پێناو ئازادی‌و مافی مرۆڤ لە ئێران‌دا!

***

ئەگەر لە کاتی ئیستا دا حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەرفەتیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا نیە یا ئەم دەرفەتە زۆر بەرتەسکە، خەباتی مەدەنیی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە دەتوانێ ئەم بۆشاییە تا ڕادەیەک پڕ بکاتەوە و چالاکان دەتوانن هەمووچین وتوێژەکان‌و پێکهاتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە وەک ژنان، لاوان، مامۆستایان، خوێندکاران کرێکاران و هتد لە ڕێکخراو و ئێن جی ئۆی تایبەت بە خۆیان‌دا لەسەر بنەمای سەرپێچی و (نا) گوتن بە سیاسەتەکانی دەسەڵات ڕێک بخەن و هانیان بدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیاسەتی پەراوێز خستن‌و و پێشێل کردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ و سەرەتاییترین مافەکانی هەر کام لەو چین و توێژانە.

بۆ نموونە ئەوەی لە ساڵی ١٣٩٢ لە مەریوان ڕووی دا- لەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانە وەک سزایەک بۆ پیاوێکی تاوانبار لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە و گێڕانی بەناو شاردا - هیچ حاشای لێناکرێ کە سووکایەتییەکی ئاشکرای دەسەڵات و سیستمی قەزایی کۆماری ئیسلامی بە ژن بوو. بەڵام ئەو کردەوەیە لەگەڵ ناڕەزایەتیی بەرینی چالاکانی مەدەنی ڕووبەڕوو بۆوەو تەنانەت پاشەکشەیان بەو هەڵوێستەی بەرپرسانی ڕێژیم کرد. هەر دوای ئەو حەرەکەتە ئێعترازییە بوو «ناوەندی کاروباری ژنان و بنەماڵە «کە ناوەندێکی سەر بە دەزگای سەرکۆماریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند کە گێڕانی پیاوێک بە لیباسی ژنانەوە لە شاری مەریوان، بە کارێکی ناشایست و گەوجانەی دەزانن‌و ئەوان مەحکوومی دەکەن و داوایان لە پۆلیسی ئەو شارە کردوە بەهۆی ئەو کارەیان ڕوونکردنەوە بدەن. هەروەها لە لایەن چەند نوێنەری مەجلیسی شوڕای ئیسلامییشەوە ئەم کارەی پۆلیس مەحکووم کرا.

ئەو جۆرە لێدوان و ڕوونکردنەوانەی دەسەڵات، چ بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە بووبن و چ بۆ پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی کردەوەی لەم چەشنە، یەک ڕاستی دەگەیەنن کە حەرەکەتی ئێعترازی‌و مەدەنیانە، جگە لەوەی لە هێندێک بواردا پاشەکشە بە دەسەڵاتی سەرکوتکەر دەکا، شوێندانەریشە لەسەر بردنە سەری ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە لەپێوەندیی لەگەڵ پرسەجۆراوجۆرەکان دا.

لەم پێوەندییەدا پێویستە حیزبەسیاسییەکانی کوردستانیش پاڵپشت، هاندەرو هاوکار و یارمەتیدەری گەشەکردنی بەستێنی حەرەکەتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن. هاودەنگی و هاوکاری لەگەڵ خەباتی مەدەنی و ئەکتەرانی نیو ئەو خەباتە، دەبێتە هۆی ئەوە ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵک بێنە نیو حەرەکەتە مەدەنییەکان و، بێتەفاوەتی و بێهەلوێستی لە ئاست ستەم و زۆرداری و سەرکوتی هاوزمانان و هاونیشتمانان و بێمافییەکان و هەلاواردنەکان، جێگای خۆی بدا بە هاتن بۆ نێو جموجۆڵە مەدەنییەکان. ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆی وشیاربوونەوە و زیندوویی خەڵک و کۆمەڵگە، ڕوخساری شارستانی، ئازادیخوازی و ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان و ناوەرۆکی سەردەمیانە و پێشکەوتوانەی داخوازەکانیان بۆ خەلکی ئێران و بۆ خەڵکی جیهان، باشتر دەربکەوێ و سەرکوتکردنی حەرەکەتەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ کۆماری ئیسلامی، دژوارتر و پڕتێچووتر بێت. لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگە لە ڕووی مەدەنییەت و عەقڵییەت و ڕۆشنبیرییەوە زیاتر پێش دەکەوێ و ژیرانەتر بەرەوڕووی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە.

دەوڵەت ئابادی:


## «٣٠ ساڵە لە وڵاتی خۆم بێگانەم و هەست بە نامۆیی دەکەم!»

مەحموود دەوڵەت ئابادی لە بابەت چاپو فرۆشی ناقانوونیی فرۆشتنی کتێبی «زوال کلنل» ناڕەزایەتیی دەربڕی‌و ڕوو بە کاربەدەستانی وەزارەتی ئیرشاد گوتی ساڵانێکە مافەکانی ئەو وەک نووسەرێک پێشێل کراوە.

دەوڵەت ئابادی لە کۆبوونەوەیەکدا کە بە بۆنەی حەوتووی کتێب بەڕێوەچوو، ڕوو بە عەبباس ساڵحی، جێگری وەزیری ئیرشاد کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداری کردبوو، گوتی: ساڵانێکی زۆرە کە مافە مەدەنی‌و ئینسانییەکانی من ژێر پێ دەندرێ. مافی کار، خانەنشین کران، بیمەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم، مافی بەدواداچوونی دزرانی بەرهەمەکانم لە سینەما و تەلەڤیزیۆن هەر هەموو پێشێل کراون‌و من دەمهەوێ پرسیار لە کاربەدەستانی ئیرشاد بکەم کە لە بەرچی کتێبی «زوال کلنل»ی منیان جەعل کردووەو لە شارەکاندا بە ناوی منەوە دەیفرۆشن‌و هیچ کەسیش نییە پێشیان پێ بگرێ؟

کتێبی «زوال کلنل» کە بەرهەمی ئەم نووسەرەیە لە ساڵی ١٣٨٧ەوە چاوەڕێی وەرگرتنی مۆڵەتی بڵاو کردنەوە لە وەزارەتی ئیرشادە، بەڵام تا ئێستاش ئەم مۆڵەتەی پێ نەدراوە.

دەوڵەت ئابادی لەم کۆبوونەوەیەدا گوتوویەتی: باشترین حکوومەتەکان ئەم حکوومەتانەن کە کەس خۆی تێدا بە بێگانە نەیەتە بەرچاو. شایانی باسە چەند ڕۆژ لەوەپێش لە باڵوێزخانەی فەرانسە میداڵی شانازیی « شوالیە›ی فەڕانسە بە مەحموود دەوڵەت ئابادی بەخشراو، ئەوەش بووە هۆی تووڕەیی ئوسولگەرانی کۆماری ئیسلامی.



## ڕێزلێنان لە محەممەدرەوف تەوەکولی، نووسەرو مێژوونووس لە شاری بانە




لە ڕێوڕەسمێک‌دا لە ژێرناوی « بانە بە درێژایی مێژوو» لە شاری بانە بە بەشداریی ژمارەیەک لە نووسەران‌و ئەدیبان ڕێز لە نووسەرو مێژوونووس محەممەدرەوف تەوەکولی نرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان‌و نووسەرانی کورد لە شارەکانی سەقز، سنە، مەریوان، سەردەشت، مەهاباد‌و چەندین شاری دیکەی کوردستان بەڕێوەچوو، لەلایەن کۆمەڵێک لە نووسەرانی وەک ئەحمەد حەیدەری، فەتاح ئەمین‌زادە، حامید کاویان‌و سدیق کەریم‌پوور باس لە ئابووری، ئاسەوارناسی، جوغرافیاو مێژوو شاری بانە کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا نووسەر محەممەد ڕەئوف تەوەکولی باسی لە پێشینەی کوردو ڕەوتی ئێستای لە ناوچەکە کردو پاشان لەوحی ڕێزلێنان پێشکێش بەو نووسەرە کراو لە درێژەش‌دا لە لایەن ئەنجومەنەکان‌و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکان‌و کار بەدەستانی بانەوە بە پێشکێش‌کردنی چەپکە گوڵ ڕێز لە موحەممەد ڕەئوف تەوەکولی گیرا.

## کێش‌هەڵگرێکی کورد بووە قارەمانی دنیا



ئەوەش لە ئەنگیزەی وەرزشکاران‌و دڵخۆشیی ئەوان بە ئاکامی هەوڵەکانیان دەدا.

کیانووش ڕۆستەمی، وەرزشکاری کوردی خەڵکی کرماشان‌و نوێنەری ئێران لە پێشبڕکێ جیهانییەکانی کێش‌هەڵگری میدانی زێڕی ئەو کێبرکێیانەی هێنایەوە.

کیانووش ڕۆستەمی بە بەرزکردنەوەی کێشی ٣٩١ کیلۆ لە کۆی دوو حەرەکەت‌دا توانی میدالی زێڕی ئەو کێبرکێیانە بباتەوەو لە سەر سەکۆی یەکەمی جیهان جێ بگرێ. ڕۆستەمی لە حاڵێکدا پێی نایە ئەو پێشبڕکێیانە لە قەزاقستان کە بە هەموو هیواو هۆمێدی ئێران دادەنراو دواجار توانی میداڵی زێڕی ئەو پێشبڕکێیانە بباتەوە.

ئەو وەرزشکارە کوردە دوای وەدەستهێنانی میداڵی زێڕی ئەو پێشبڕکێیانە ڕەخنەت توندی لە دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بڵاونەکردنەوەی ڕاستەوخۆی ئەو کێبرکێیانەو پشتگوێ خستنی ئەو وەرزشکارانە گرت.

کیانووش ڕۆستەمی دەڵێ دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی زیاتر بایەخ بە تۆپێن دەداو وەرزشەکانی دیکە پشتگوێ دەخاو



ژنانی کۆبانێ - کاری نوێی هونەرمەند هادی زیائەدیینی ( وەرگیراو لە فەیسبووکی هونەرمەند)